وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی  هونەرە جوانەکان
بەشی پەروەردەی هونەر

# ڕوانگەیەکی پێشنیازکراو بەپێی قوتابخانەی هەست بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن لای خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان.

ماستەرنامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر

لە بواری  پەروەردەی هونەر/ شانۆ

لەلایەن:

**پێشرەو حسێن صالح**

به سەرپەرشتی:

پ. د. جواد نعمت حسین                    پ. ی. د. دلشاد مصطفی

٢٧٢٢ کوردی                    ١٤٤٤ کۆچی                    ٢٠٢٢ زاینی

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە، کە ناویشانەکەی بریتییە لە (روانگەیەکی پێشنیازکراو بەپێی قوتابخانەی هەست، بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن لای خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان) هەمووی کاری رەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان، توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردووەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی خوێندکار: پێشڕەو حسێن ساڵح

رێکەوت: / /٢٠٢٢

## دانپێدانانی سەرپەرشتیار

توێژینەوەی (روانگەیەکی پێشنیازکراو بەپێی قوتابخانەی هەست بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن لای خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)، کە لەلایەن خوێندکار (پێشڕەو حسێن صالح) پێشکەشکراوە، بەسەرپەرشتی ئێمە لە کۆلێژی هونەر، بەشی پەروەدەی هونەری زانکۆی سلێمانی ئەنجام دراوە، پێداویستییەکانی توێژینەوەی زانستی تەواو کردووە.

سەرپەرشتیار
پ. د. جواد نعمت حسين
رێکەوت: /٢٠٢٢/١٢

سەرپەرشتیار
پ. ی. د. دلشاد مصطفى رحيم
رێکەوت: /٢٠٢٢/١٢

بەپێی ئەو راسپاردەیەی سەرەوە، ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. د. جواد نعمت
سەرۆکی بەشی پەروەردەی هونەر
رێکەوت: / / ٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم توێژینەوەیەمان بە ناونیشانی (روانگەیەکی پێشنیازکراو بەپێی قوتابخانەی هەست بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن لای خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان) خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە پلەی(          ) پێبدریت، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر.

واژوو:
**سەرۆکی لیژنە:** پ.ی.د سەرمەد صلاح محی الدین
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

واژوو:
**ئەندام:** پ.ی.د. کەیڤی احمد عبدالقادر
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

واژوو:
**ئەندام:** پ.ی.د. عبدالناصر مصطفی ابراهیم
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

واژوو:
**ئەندام/ سەرپەرشتیار:** پ.د. جواد نعمت حسین
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

واژوو:
**ئەندام/ سەرپەرشتیار:** دڵشاد مصطفی رحیم
ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی بەشی پەروەردەی هونەر پەسەندکرا.

پ. د. جواد نعمەت حسین
سەرۆکی بەشی پەروەردەی هونەر
ڕێکەوت:  /  / ٢٠٢٢

## پێشکەشە بە:

* خانەوادە خۆشەویستەکەم.
* دایکم و باوکم کە هاندەرم بوون لە ژیان و خوێندن.
* هەموو هاوڕێ و هاوپیشەکانم
* سەرجەم خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان.
* هەموو ئەوانەی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆیان.
* هەموو ئەو کەسانەی لەم توێژینەوەیەدا یارمەتیان دام.

توێژەر

## سوپاس و پێزانین

* سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان.

* سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا هاوکار و پشتیوانم بوون، بەتایبەتی زۆر سوپاسی بەرێزان (پ. د جواد نعمت و پ. ی. د دلشاد مصطفى) دەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیان لە ئەستۆگرت و هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی یارمەتیدەر و هاوکارێکی دڵسۆزم بوون لە سەرخستنی توێژینەوەکەم.

* سوپاس بۆ راگری کۆلێژەکانی هونەر و پەروەردەی بنەڕەت و سەرۆک بەشی پەروەردەی هونەر و مامۆستا بەرێزەکانیان و سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە هاوکارم بوون لە سەرخستنی توێژینەوەکەم.

* سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێزانی لیژنەی شارەزایان هەیە، کە بە تێبینییەکانیان بەشدار بوون لە دەوڵەمەنەدکردنی توێژینەوەکەم و پوختکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکەم.

* زۆر سوپاسی ئەو دکتۆر و مامۆستا بەڕێزانە دەکەم، کە هاوکارم بوون لە بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکەم، بەرێزان (د. نیاز لەتیف. د. سەردار مەحمود. د. سەربەست رەسوڵ. د. رزگار زاهیر.)

توێژەر

## پوختەی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی چۆنیەتی خوێندنی وانەی نواندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و دیارییکردنی ئەو راهێنانانەی دەبنە هۆی پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن، لەپاڵ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ناسینی کارەکتەر و دواتریش خستنەڕووی ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی ئاستی مامۆستایان لە وتنەوەی بابەتی نواندن بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە روانگەی پێشکەشکردنی ئیتۆدی گونجاو بە وتنەوەی ئەم بابەتە، بەمەبەستی تێگەیشتنی ئاسانتر و خێراتری خوێندکار لە قوتابخانەی هەست و کاراکردنی وانەی نواندنی قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهاتووە بە پێی سروشتی بابەتەکەی و ئەنجامەکەی. نموونەی توێژینەوەکەش لە مامۆستایانی پسپۆڕی بواری نواندن پێکهاتووە و توێژینەوەکە بۆ دابینکردنی پا:پشتی زانستی و گەشەپێدانی لێهاتوویەکانی خوێندکارانی بەشی شانۆ ئامرازی راپرسی بەکارهێناوە و لەم میانەیەشدا هاوکۆلکەی ناوەندی شیاوی بەکارهێناوە بۆ دەرهینانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لەوەی؛ هیچ ڕێبازێکی هونەریی تایبەت بە نواندن، ڕێکارێکی چەقبەستوو نییە کە نەکرێت بە پێی شوێن و کات گۆڕانکاریی تێدا بکەین. داڕشتنی ئیتۆدی نوێ دەرگا بە رووی نوێبوونەوەی وانەی نواندندا دەکاتەوە و هانی راهێنەرەکانی ئەم بوارە دەدات سڵ لە داڕشتنی ئیتۆدی نویی پەیوەست بە ڕێبازی ریالیزمگەرانەی نواندن نەکەنەوە و بەم هۆیەوە ببینە خاوەن ئیتۆدی نوێ.

## پێرست


| پەڕە | بابەت |
|---|---|
| i | بەڵێننامە |
| ii | دانپێدانانی سەرپەرشتیار |
| iii | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ کردن |
| iv | پێشکەش کردن |
| v | سوپاس و پێزانین |
| vi | پوختە |
| vii-viii | پێرست |
| ix-x | پێرستی خشتە |
| xi | پێرستی پاشکۆ |
| ٢ - ٩ | **بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە** |
| ٢ | ١ . ١: کێشەی توێژینەوەکە |
| ٣ | ١ . ٢:  گرنگی توێژینەوەکە |
| ٤ | ١ . ٣: ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٤ | ١ . ٤: سنوری توێژینەوەکە |
| ٥ | ١ . ٥: پێناسەی زاراوەکان |
| ١٠ - ٤٨ | **بەشی دووەم: پێشینەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو** |
| ١٠ | ٢ . ١: پێشینەی تیۆریی |
| ١٠ | ٢ . ١ . ٢: ناساندنی ستانیسلاڤسکی |
| ١١ | ٢ . ١ . ٣: بنەماکانی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی |
| ٢٢ | ٢ . ١ . ٤: بابەتی نواندن لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان |
| ٢٨ | ٢ . ١ . ٥: بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی |
| ٣٣ | ٢ . ١ . ٦: گرنگی دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ. |

| | |
|---|---|
| ٢ . ٢: توێژینەوەکانی پێشوو | ٤١ |
| ٢ . ٢ . ١: خستنە رووی توێژینەوەکان | ٤١ |
| ٢ . ٢ . ٢: بەراورد کردنی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو. | ٤٦ |
| ٢ . ٢ . ٣: رادەی سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو | ٤٨ |
| **بەشی سێیەم: رێکارەکانی توێژینەوەکە** | ٥٠ – ٥٧ |
| ٣ . ١: میتۆدی توێژینەوەکە | ٥٠ |
| ٣ . ٢: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٥٠ |
| ٣ . ٤: ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٥١ |
| ٣ . ٥: ئامرازە بەکارهاتووە ئامارییەکان | ٥٧ |
| **بەشی چوارەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە** | ٥٩ – ٩٥ |
| ٤ . ١: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ٥٩ |
| ٤ . ٢: دەرئەنجامەکان | ٩٣ |
| ٤ . ٣: راسپاردەکانی توێژینەوەکە | ٩٤ |
| ٤ . ٤: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە | ٩٥ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٩٦ |
| **پاشکۆکان** | ٩٩ |
| **پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی** | ١٣٦ |
| **پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی** | ١٣٧ |

# پێرستی خشتەکان



| ژمارە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣ . ١ | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لە شانۆکاران و مامۆستایانی پسپۆڕی نواندن لە پەیمانگەکانی هونەرجوانەکانی هەرێمی کوردستان | ٥٠ |
| ٣ . ٢ | وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە لە سەر راپرسییە داخراوو کراوەکە | ٥٢ |
| ٣ . ٣ | ئەنجامی هەڵسەنگاندنی روانگەکە لە لایەن شارەزایان | ٥٦ |
| ٤ . ١ | ئەنجامی پرسیاری یەکەم | ٥٩ |
| ٤ . ٢ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری یەکەم بە (بەڵێ) | ٦٠ |
| ٤ . ٣ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری یەکەم بە (نەخێر) | ٦٠ |
| ٤ . ٤ | ئەنجامی پرسیاری دووەم | ٦١ |
| ٤ . ٥ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دووەم بە (بەڵێ) | ٦٢ |
| ٤ . ٦ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دووەم بە (نەخێر) | ٦٢ |
| ٤ . ٧ | ئەنجامی پرسیاری سێیەم | ٦٣ |
| ٤ . ٨ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری سێیەم بە (بەڵێ) | ٦٣ |
| ٤ . ٩ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری سێیەم بە (نەخێر) | ٦٤ |
| ٤ . ١٠ | ئەنجامی پرسیاری چوارەم | ٦٥ |
| ٤ . ١١ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری چوارەم بە (بەڵێ) | ٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ . ١٢ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری جوارەم بە (نەخێر) | ٦٦ |
| ٤ . ١٣ | ئەنجامی پرسیاری پێنجەم | ٦٧ |
| ٤ . ١٤ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری پێنجەم بە (بەڵێ) | ٦٧ |
| ٤ . ١٥ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری پێنجەم بە (نەخێر) | ٦٨ |
| ٤ . ١٦ | ئەنجامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم | ٦٩ |
| ٤ . ١٧ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم بە (بەڵێ) | ٧٠ |
| ٤ . ١٨ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم بە (نەخێر) | ٧١ |
| ٤ . ١٩ | ئەنجامی پرسیاری هەشتەم و نۆیەم | ٧٢ |
| ٤ . ٢٠ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری هەشتەم و نۆیەم بە (بەڵێ) | ٧٣ |
| ٤ . ٢١ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری هەشتەم و نۆیەم بە (نەخێر) | ٧٤ |
| ٤ . ٢٢ | ئەنجامی پرسیاری دەیەم | ٧٥ |
| ٤ . ٢٣ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دەیەم بە (بەڵێ) | ٧٥ |
| ٤ . ٢٤ | ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دەیەم بە (نەخێر) | ٧٦ |

## پێرستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکاری | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | روانگەیەکی پێشنیازکراو بەپێی قوتابخانەی هەست، بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن، لای خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان. | ٧٧ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پرسیارەکانی راپرسیەکە | ٩٨ |
| ٢ | لیستی ناوی شارەزایان | ٩٩ |
| ٣ | راپرسی بۆ شارەزایانی بابەتی نواندن | ١٠١ |
| ٤ | راپرسی بۆ مامۆستایانی بابەتی نواندن | ١٠٤ |
| ٥ | راپرسی داخراو بۆ دەقی هۆکارەکان تایبەت بە شارەزایانی بواری نواندن | ١٠٩ |
| ٦ | راپرسی بەمەبەستی پراکتیزەکردنی بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١١٦ |
| ٧ | بۆچوونی شارەزایان و گۆڕانکارییەکانی روانگەی پێشنیازکراو | ١٢٧ |
| ٨ | راپرسی گۆڕانکارییەکانی روانگەی پێشنیازکراو | ١٢٩ |
| ٩ | پێکهاتەکانی روانگەی پێشنیازکراو | ١٣٠ |
| ١٠ | ناوەڕۆکی پاساوەکانی روانگەی پێشنیازکراو | ١٣٢ |
| ١١ | ئاستی وەڵامدانەوەی پێکهات و بڕگەکانی روانگەی پێشنیازکراو | ١٣٣ |

# بەشی یەکەم
# ناساندنی توێژینەوەکە

١ . ١: کێشەی توێژینەوەکە
١ . ٢: گرنگی توێژینەوەکە
١ . ٣: ئامانجی توێژینەوەکە
١ . ٤: سنوری توێژینەوەکە
١ . ٥: پێناسەی زاراوەکان

# بەشی یەکەم

## ١ . ١: کێشەی توێژینەوەکە

تا هەنوکە لە کوردستان ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی وەک میتۆدی خوێندنی بابەتی نواندن لە پەیمانگەکانی هەرێم، بەشی شانۆ، بۆ قۆناغەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم پەیڕەودەکرێت، ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی هەنگاونانی پراکتیکی و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی، کە خودی ستانیسلاڤسکی باسی دەکات: " بە هیچ شێوەیەک، بانگەشەی ئەوە ناکەم ئەمانە بەرهەمی زانستی بن، ئامانجم گواستنەوەی سەرجەم هەوڵ و کۆششەکانی ساڵانی ئەزموونی هونەریی خۆمە لە بواری دەرهێنان و نواندنی شانۆدا.. " (استانیسلاوسکی،٢٠١٥: ١٩)، کۆپیکردنەوەی میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکی بەبێ نوێکردنەوە و داهێنانی ئیتۆدی گونجاو، ناتوانێت جۆرە خوێندکار یان ئەکتەرێکی داهێنەر بەرهەمبهێنێت. بە لێکدانەوە و ناسینی بنەماکانی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی و بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی ئەم بەشە و کاراکردنی ڕاهێنەر و ئەکتەرەکان و بە پشتبەستن بەو باوەڕەی: (خوێنەر لە چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ڕێبازەکەی ئازادە)، پێشنیازی چەند ئیتۆدێک دەخاتە بەردەست. هەوڵی دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ دەرگا بە ڕووی نوێبوونەوەی وانەی نواندندا دەکاتەوە و هانی ڕاهێنەرەکانی ئەم بوارە و ئەکتەرەکان دەدات، خۆیان لە کۆپیکردنەوەی میتۆدەکان بپارێزن. ئەم توێژینەوەیە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە گوتنەوەی وانەی نواندن و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی قوتابخانەی هەست وەک بنەڕەتی خوێندن لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، دەپرسێت: ئایا بۆ خوێندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی بە گونجاو دەبینیت؟ ئایا شێوازی پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدە لە پەیمانگە بە شیاو دەبینیت؟ ئایا ئەو ئیتۆدانەی لە چوارچێوەی قوتابخانەکەی ستانیسلاڤسکی پێشکەشکراون لەگەڵ دۆخی هەنوکەیی فێرخوازی بواری نواندن بە گونجاو دەبینی؟ ئایا بە ئێستا و بە ئێرەکردنی ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن بە پرۆسەیەکی گونجاو دەبینی؟ ئایا هەوڵی داڕشتنەوەی ئیتۆدی گونجاو لەتەک سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی بەگونجاو دەزانی؟ ئایا دەکرێت هاوشان لەتەک ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی، ئیتۆدێک دابڕێژین؟

ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە چەند ئیتۆدێکی تایبەت پێشکەش بە مامۆستایان و خوێندکارانی بەشی نواندن دەکات، کە وەک چارەسەری بەشێک لەو گرفتانەی باسمان کردن، دەکرێت سوودی لێ ببینرێت.

## ١ . ٢: گرنگی توێژینەوەکە

قوتابخانەی هەست، وەک یەکەم میتۆدی زانستییانەی بواری نواندن لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستان دەستنیشانکراووە. (پرۆگرامی میتود، ٢٠١٢: ٣). گرنگە مامۆستایان و خوێندکاران بنەما بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێبازە شانۆییە بناسین، گرنگە مامۆستایانی وانەی نواندن، وەک چۆن ستێلا ئادلەر لە ئەمریکا ئەزموونی دەکات، لەژێر ڕۆشنایی ئەو باوەڕەی بەکارهێنانی ئیتۆدی تایبەت بە کەمکردنەوەی کەموکووڕییە تەکنیکییەکانی نواندن، دەتوانێت گەشە بە دەربڕینی ئەکتەر بدات و هۆکاری سەرەکی بونیادنانی نمایشێکی ئاکادیمی و ئەفرێنەرانەیە، هەوڵی نوێکردنەوەی ئیتۆدەکانی یان دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ بدات. بەم پێیە، سوودی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا کۆ دەبنەوە:

١ . ٢ .١: سوودی بۆ مامۆستایانی بابەتی نواندن لە سەرجەم پەیمانگەکانی کوردستان دەبێت، لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەمەبەستی پەرەدان بە توانای پراکتیکی مامۆستایان لە گونجاندنی پرۆگرامی وانەی نواندن لەتەک دۆخی پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان.

١ . ٢ . ٢: سوودی بۆ خوێندکاری قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنی بەشی شانۆی (قۆناغەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی نواندن و دەرهێنان) پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دەبێت، ئەگەر هاتوو مامۆستایانی بواری پەروەردەی ئەکتەر و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردە، هەوڵیاندا بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازەکانی ئەم روانگەیە..

١ . ٢ . ٣: سوودی بۆ خوێندکاری خوێندنی باڵا دەبێت، وەک سەرچاوەیەکی تایبەت بە زانستی هونەری نوێ، لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم چەشنە.

## ١ . ٣: ئامانجی توێژینەوەکە

١ . ٣ . ١: ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی چۆنیەتی گوتنەوەی وانەی نواندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ( یەکەم و دووەم و سێیەمی نواندن/ دەرهێنان) بەشی شانۆی پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان، لە روانگەی مامۆستایانی بابەتەکە و ناسینی بنەماکانی رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی و دارشتن و پێشنیازکردنی ئەو ئیتۆدانەی دەکرێت لە گوتنەوەی ئەو وانەیەدا پەیرەوبکرێن.

١ . ٣ . ٢: پێشکەشکردنی روانگەیەکی پێشنیازکراو، بەپێی قوتابخانەی هەست، بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن، لای خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان.

## ١ . ٤: سنووری توێژینەوەکە

١ . ٤ . ١ **سنوری بابەتی:** خستنەڕووی لێکەوتەکانی چۆنیەتی خوێندنی وانەی نواندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان (یەکەم و دووەم و سێیەمی نواندن و دەرهێنان)، بەپێی ناساندنی ستانیسلاڤسکی و بنەماکانی رێبازەکەی و دۆزینەوەو پێشنیازی ئیتۆدی نوێ بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن و دەرهێنانی خوێندکارانی بەشی شانۆ.

١ . ٤ . ٢ **سنوری مرۆیی:** مامۆستایانی بابەتی نواندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان.

١ . ٤ . ٣ **سنوری شوێن:** پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان. (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، کەرکوک وەک نموونەی ناوچە دابڕاوەکان).

١ . ٤ . ٤ **سنوری کات:** ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)

## ١ . ٥: پێناسەی زاراوەکان

### ١ . ٥ . ١: روانگە

لە ڕووی زاراوەییەوە بە چەند جۆرێک پێناسە کراوە لەوانە:

١ . ٥ . ١ . ١: **پێناسەی (مکاریک/ ٢٠١٨) دەڵێت:** "توانای وێناکردنی داهاتووییەکی ڕوون، کە شایستەی تێگەیشتن و دەرک پێکردنە، ڕێکارێکی هەژێنەر، کە بتوانێت تاکەکان بەمەبەستی بەشداریی چالاکانە هانبدات. دیدگایەکی گشتگیرە، کە خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەسازێنێت. لە ڕاستیدا ڕوانگە پێویستە قابیلی وێناکردن، خوازراو، قابیلی جێبەجێکردن و ڕوون و دیاریکراو و شایانی گواستنەوە بێت." (مکاریک،٢٠١٨: ١٤٢).

١ . ٥ . ١ . ٢: **پێناسەی (عباس ماهیار/ ٢٠١٩) دەڵێت:** "جۆرە نیگایەکی واقیعگەرانەیە، دەکرێت بەدەستبهێنرێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، یان بریتییە لە دەربڕینێکی ڕوونی چارەنووس و داهاتووی سیستم یان بابەتێکی دیاریکراو. ڕوانگە هونەری بینینی ئەو شتەیە، کە دیاریکراو نییە."(ماهیار، ٢٠١٩ : ٢٨).

١ . ٥ . ١ . ٣: **پێناسەی تیۆریی:** ئەو جۆرە توانای وێناکردنەیە، کە لە نیگایەکی واقیعییانەوە سەرچاوە دەگرێت و ئامانجی دەربڕینێکی ڕوونی داهاتووی ئەو بابەت و سیستمەیە، کە وێنا یان نیگای دەکات.

١ . ٥ . ١. ٤: **پێناسەی ڕێکاری:** بە وێناکردنی واقیعییانەی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی و بەئامانجی تێگەشتنی چڕوپڕ لە بنەماکانی قوتابخانەی هەست، ئەم ڕوانگەیە داهاتووی ئەم سیستمە لە دۆزینەوە و داڕشتنی ئیتۆدی نوێ دەبینێتەوە، بۆ پەرە پێدانی لێهاتووییەکانی نواندن.

**١ . ٥ . ٢: قوتابخانەی هەست:**

لە رووی زاراوەییەوە بەم جۆرە پێناسە کراوە:

**١ . ٥ . ٢ . ١: پێناسەی (کۆنستانتین استانیسلاوسکی/ ٢٠٠٥) دەڵێت:** "باش ئەوەیە لە ناخی خۆمانەوە دەستپێبکەین. ئەگەر ناتوانین راستەوخۆ هەست بەمە بکەین، بە رێگە ناڕاستەوخۆکەدا بۆی بچین؛ بە خەیاڵاندن، بە ئامانج و بە مەبەست هەستەکانتان بەکاربهێنن." (استانیسلاڤسکی،٢٠٠٥: ٦٣٣).

**١ . ٥ . ٢ . ٢: پێناسەی (صدف پکامی/ ٢٠١٤) دەڵێت:** "ستانیسلاڤسکی لەوباوەڕەدا بوو پێویستە ئەکتەر پەیوەندییەکی قووڵی هەستیی و هزریی لەتەک کارەکتەرەکەی درووست بکات. دەکرێیت بڵێین بەگشتی باوەڕێکی پتەوی بە سروشتی بوونی رەفتاری ئەکتەر و جێگەی باوەڕبوونی ئەکتەر هەبوو"(پکامی، ٢٠١٤: ٥٦).

**١ . ٥ . ٢ . ٣: پێناسەی (فرانکو روفینی/ ٢٠١٦) دەڵێت:** " ستانیسلاڤسکی لەوباوەڕەدایە هیچ یاسایەکی فەرمی بوونی نییە. بەڵام قۆناغە ناوەکییەکانی نواندن و رەهەندەکانی دەرون کە ریشەیان بەناو سروشتی مرۆڤەکاندا داکوتاوە دەبێت رەچاو بکرێن. هەست بناغەی شێوازەکەی ستانیسلاڤسکییە."(روفینی/ ٢٠١٦).

**١ . ٥ . ٢ . ٤: پێناسەی تیۆریی:** ستانیسلاڤسکی وەک رێکاری زانستیی کاری نواندن، بناغەی دادەڕێژێت و بۆ بەرجەستەکردنی کاراکتەر داوای رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکات، کە ئەویش بریتییە لە هەژاندنی هەست بەمەبەستی دروستکردنی جوڵە و کرداری شانۆیی"

**١ . ٥ . ٢ . ٥: پێناسەی رێکاری:** رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی بەپێی رێکاری دیاریکراو کار بۆ ناساندنی هەست بە ئەکتەر دەکات و دواجار هەستیش دەکاتە بناغەی دەربڕینی هونەرییانەی نواندن و وەک سەرچاوەی رەسەنی گوزارشتی راستگۆیانە بۆ نواندن و ئەکتەر پێشنیازی دەکات.

**١ . ٥ . ٣: لێهاتوویی نواندن:**

لە رووی زاراوەییەوە بە چەند جۆرێک پێناسە کراوە، لەوانە:

**١ . ٥ . ٣ . ١: پێناسەی (جیمز روز/ ٢٠٠٧) دەڵێت:** "لێهاتوویی نواندن پێکهاتێکە لە هەست و شێوەی بەرهەمهاتووی ئەندێشە و خەیاڵاندنی ئەفرێنەرانەی ئەکتەر. (روز، ٢٠٠٧: ١٣٢).

**١ . ٥ . ٣ . ٢: پێناسەی (کنستانتین استانیسلاوسکی/ ٢٠١٨) دەڵێت:** "ئەکتەر ئەو کەسەیە، کە توانای دەربڕینی بیر و بۆچونی ئەوانیتری هەیە. ئەکتەری لێهاتوو ئەوەیە دەتوانێت بە تەواوەتی خۆی ببەخشێتە هەژانەکانی کەسێکیتر و هەڵسوکەوتی کەسانیتر بە شێوەیەک بنوێنێت، وەک ئەوەی خۆیەتی بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکات. (استانیسلاوسکی، ٢٠١٨: ٧٥).

**١ . ٥ . ٣ . ٣: پێناسەی (فردریش هگل/ ٢٠١٩) دەڵێت:** "بوون، روخسار، جەستە و دەنگی ئەکتەر، لیاهتووییەکانی نواندن دەخولقێنێت. ئەکتەر ناچارە بۆ ئەوەی خۆی لەتەک رۆڵەکەی بگونجێنێ، هەموو ئەمانە بگۆڕێت". (هگل، ٢٠١٩: ٦٢).

**١ . ٥ . ٣ . ٤: پێناسەی تیۆریی:** بەرجەستەکردنی دەنگ، شێوەی ئاخافتن، دۆخەکان، شێوەکان و پاشانیش سەرتاپای کردەوە و ئەندێشەکانی کارەکتەرێک پێویستی بە ئەکتەرێکی لێهاتووە، تا بەتەواوەتی خۆی ببەخشێتە هەژانەکانی کەسێکیتر و هەڵسوکەوتی کەسانیتر، بەشێوەیەک بنوێنێت، وەک ئەوەی خۆیەتی بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکات.

**١ . ٥ . ٣ . ٥: پێناسەی رێکاری:** لێهاتوویی توانای جێبەجێکردنی کارەکانە لە ماوەیەکی دیاریکراو، بە تێچوویەکی گونجاو و چالاکییەکی گونجاو. کاتێک دەڵێین کەسێک لە بوارەکەیدا لێهاتووە، مەبەستمانە بڵێین، ئەو کەسە لە کارەکەیدا شارەزایە. ئەکتەری شارەزا و لێهاتوو ئەو ئەکتەرەیە، کە توانای کۆنترۆڵکردنی هەست و جوڵەکانی کارەکتەرەکەی هەبێت.

**١ . ٥ . ٤: پەیمانگەی هونەرەجوانەکان:**

لە ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کە لە کۆنفرانسی دووەمی بەڕێوەبەریەتی پەیمانگەکان بڕیاری لەسەردراوە، لە بەشی سیستمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، ئامانجی پەیمانگە و بەشەکانی، لە مادەی یەکەمدا بەم جۆرە پێناسەکراوە:

**ماددەی یەکەم**

١ – پەیمانگەی هونەرەجوانەکان ئامادەی رەگەزی هونەری پسپۆڕ لە فێرکردندا وە کارکردن لەبواری هونەریدا دەکات، وەک بواری هونەری شێوەکاری یان شانۆ و سینەما یان مۆسیقا و گۆرانی وە بەشداری لە پێشخستنی چالاکی و بڵاوکردنەوەی روناکبیری و هونەری دەکات لە قوتابخانە و دام و دەزگا رۆشنبیرو هونەرییەکاندا. پەیمانگەی هونەرەجوانەکان جگە لەوەی دەزگایەکی پەروەردەیی و هونەرییە بۆ پێگەیاندنی کادیر و مامۆستای هونەر بۆ گەشەکردنی بزووتنەوەی هونەری لە قوتابخانەکان و دەزگا هونەرییەکان لەبەر پێشکەوتن و گۆڕانی بەرنامەکانی هونەر پێمان باشە جگە لەوەی هەوڵ بدرێت کە خودی هونەرمەند پەروەردە بکرێت بەوەی کە بەرنامەیەکی هەبێت بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵێکی باشتر و بەتواناتر بەباش دەزانین بۆ سەرکەوتنی ئەم بیرۆکەیە بەرنامە و پرۆگرامێکی جیاواز و چڕتر دابنرێت.

٢- وەزارەتی پەروەردە بڕوانامەی (دبلۆم) دەبەخشێتە ئەو خوێندکارانەی کە دوای "٥" ساڵی خوێندن تەواو دەکەن، بەپێی پسپۆڕی بەشەکەی، هەڵگری ئەو بڕوانامەیە بۆی هەیە خوێندنی باڵا تەواو بکات لە کۆلیژو پەیمانگەکانی پەیوەندی بەو بەشەوە هەبێت.

# بەشی دووەم
# پێشینەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو

٢ . ١: پێشینەی تیۆریی
٢ . ١ . ٢: ناساندنی ستانیسلاڤسکی
٢ . ١ . ٣: بنەماکانی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی
٢ . ١ . ٤: بابەتی نواندن لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان
٢ . ١ . ٥: بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی
٢ . ١ . ٦: گرنگی دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ
٢ . ٢: توێژینەوەکانی پێشوو
٢ . ٢ . ١: خستنە ڕووی توێژینەوەکان
٢ . ٢ . ٢: بەراورد کردنی توێژینەوەکانی پێشوو.
٢ . ٢ . ٣: ڕادەی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## ٢ . ١: پێشینەی تیۆریی

### ٢ . ١ . ١ ناساندنی ستانیسلاڤسکی

ناوی (کۆنستانتین ئەلکسیەف) ە و لە ساڵی ١٨٦٣ لە مۆسکۆ لەدایکبووە. لە (٥)ی ئەیلولی ١٨٧٧ - دا بۆ یەکەم جار بەشداری نمایشێکی خێزانی کردووە؛ پاشان وردە وردە هەوادارانی شانۆ لە دەوری کۆبوونەوتەوە و گروپێکیان بە ناوی "ئەنجومەنی ئەلکسیەف" دامەزراندوە.

لە ساڵی ١٨٨٥، ئەلکسیەف ناوی خوازراوی ستانیسلاڤسکی بۆ خۆی هەڵبژارد. ستانیسلاڤسکی سەرەتا هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا لاسایی هونەرمەندە گەورەکان بکاتەوە و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام دواتر لەوە تێگەیشت، کە نواندن دەبێت جۆرە کارکردنێکی داهێنەرانەی لە پشت بێت. بەردەوام تێڕوانینێکی تەواو رەخنەگرانەی بەرامبەر بە بەرهەمەکانی خۆی هەبوو، هەروەها لەو باوەڕەدا بوو "پێویستە ئەکتەر شرۆڤەکاری بڵندترین هەستە مرۆییەکان و رابەر و راهێنەری بینەران بێت." (ستانیسلاڤسکی، ٢٠١٥، ١٠) لە ساڵی ١٩٠٠دا، بەهۆی چێخەفەوە گۆرکی دەناسێت و بەرهەمی ئەم یەکتر ناسینەش هەر دوو شانۆنامەی (وردە بۆرژواکان) و (زەلکاو) بوو.

لە ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨ دا، ستانیسلاڤسکی لەو کاتەدا، لە یادی سیهەمین ساڵیادی دامەزراندنی مخات، تووشی جەڵدەی دڵ دەبێت. بەناچار دەست لە کاری نواندن هەڵدەگرێت و سەرجەم کاتەکانی بۆ کاری دەرهێنان و فێرکاریی تەرخان دەکات و هەرگیز دەستی لە هەوڵ و ماندوو بوون لەپێناوی دۆزینەوەی رێگای نوێی هونەری نواندن هەڵنەگرت. لە سییەکاندا، ستانیسلاڤسکی لە بەردەم دۆزینەوەیەکی نوێی خولقاندنی رۆڵ و نمایشدا، کە ناونرا (میتۆدی کارکردی جەستەیی)، پەرژایە سەر کاری ستۆدیۆیی و تاقیگەیی و ئەزموونی. ستانیسلاڤسکی دەڵێت: "هونەر ناتوانێت چەقبەستوو بێت، بگرە دەبێت بەردەوام روو لە گەشە و ئەفراندن بێت، ئەگەرنا وردە وردە پیر دەبێت و پاشانیش دەپوکێتەوە و دەمرێت." (ستانیسلاڤسکی، ٢٠١٥؛ ١١).

چالاکییه بەردەوامەکانی ستانیسلاڤسکی و سیستمەکەی، بوونە هۆی گۆڕانکاری جۆراوجۆر لە بواری شانۆدا و کاریگەرییەکی بنچینەیی و گرنگی لەسەر گەشەسەندنی هونەری شانۆی سەدەی بیستەمی جیهان بەجێهێشت. ستانیسلاڤسکی گەنجینەیەکی مەزنی پێشکەش بە کلتوری نەتەوەیی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و مرۆیی کرد و جیهانی بە هۆی بەها تازە هونەرییەکان دەوڵەمەند کرد و بووە هۆی پەرەپێدانی سنوری ناسنامەی مرۆڤ. کۆی بەرهەمە زانستی و ئەدەبییەکانی ستانیسلاڤسکی هەشت بەرگە، ئەمانیش بریتین لە: (ژیانی هونەرییم، ١٩٢٦)، (کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی لە قۆناغە جیاوازەکاندا، دوو بەرگ)، (کارکردنی ئەکتەر لەسەر رۆڵ)، (گوتارەکان، کۆڕەکان، لێکدانەوە و نامەکان، چوار بەرگ)؛ (نامەکان، لە ساڵی ١٨٨٧ەوە تا ١٩٣٨). ستانیسلاڤسکی لە ساڵی ١٩٣٨ [لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا] کۆچی دواییکرد. (ستانیسلاڤسکی،٢٠١٥: ١٢).

## ٢ . ١ . ٢: بنەماکانی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی

لە راستیدا سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی بریتییە لە سیستمی شیکردنەوەی بناغە و بنەمای تیۆری هونەری کارتێکەرە شانۆییەکان و توخمەکانی تەکنیکی ناوەکی و دەرەکی نواندن و شرۆڤەکردنی ناوەخنی بنەڕەتی کارکردنی ئەکتەر لەسەر رۆڵ، کە شێوەی ئەفراندنی سیمای شانۆییانەیە. وەک چۆن ئەم سیستمە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەکتەر بۆ بەرجەستەکردنی رۆڵەکەی پێویستە بە باشی سەرجەم رەهەند و مەوداکانی بناسێت؛ بە شێوەیەک بە رۆح ئاوێتەی کارەکتەرەکەی بێت، بە واتایەکیتر، ئەکتەر بینەر ناچاربکات وەکو ئەو بیربکاتەوە و بە شێوەیەکی ناوەکی و دەرونی کاریگەریی لەسەر دابنێت.. بۆ ناسینی ئەم سیستمە ستانیسلاڤسکی سێ بەرهەمی تایبەت بە هونەری نواندنی نووسیوە و لە کتێبی کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی لەمیانەی کاریگەریی وەرگرتن و کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی لەمیانەی

بەرجەستەکردندا، ئەکتەر بۆ ناسینی دروست و تێگەیشتن لە هونەری شانۆ ئامادەدەکات و فێری شێوە جیاوازەکانی شارەزایی و باوەڕی شانۆییانەی دەکات. هەروەها لە کتێبی سێیەمدا، کە دوای مردنی چاپ و بڵاودەکرێتەوە، تەنیا قسە لەسەر رەوتی ئەفرێنەرانەی خولقاندنی نمایش و کارەکتەر دەکات، هەمان ئەو کارە ئەفرێنەرانەی سیستمی لەپێناودا دامەزراوە. گرنگی ناسینی بنەماکانی ئەم سیستمە بۆ راهێنەر و خوێندکار و دواتریش ئەکتەرەکانی بواری شانۆ دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو بناغانەی ستانیسلاڤسکی بۆ بونیادنانی کارەکتەر و رۆڵ دەیانخاتەڕوو. ئەم سیستمە خوێنەری لێکۆڵەر لەو راستییە ئاگادار دەکاتەوە، کە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە خوێنەر لە هەوادارەوە دەگۆرێت بە کەسێکی پیشەگەر. ستانیسلاڤسکی خوێنەری لێکۆڵەر بەرەو ئەو ئەنجامە رێنوێنی دەکات، کە ئەکتەر چەندە خاوەن بەهرە و چەندە یەکەم نمایشی لەسەر شانۆ سەرنجبەر و جێگەی سەرنج بێت، هێشتا هەر ئاماتۆرە، تا ئەو کاتەی بەوپەڕی بوونیەوە هەست بە بایەخ و گرنگیی کۆنترۆڵکردنی بنەما و یاسا هونەرییەکانی هەست نەکات، دەکرێت تەنیا پێی بگوترێت هەوادار و لایەنگری هونەر، نەوەک پسپۆڕ و کارناسی هونەر. (افشاری اصل، ٢٠١٧: ١٥).

٢ . ١ . ٢ . ١: **ناسینی دەق:** ئەم رێبازە، ناسینی دەق و لێکدانەوەی دەق بە یەکەم هەنگاوی بەرجەستەکردنی کارەکتەر هەژمار دەکات، ئەوەتا ستانیسلاڤسکی لە کاتی لێکدانەوە و شیکاری شێوازی کارکردن لەسەر دەق لە شانۆی روسیای سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەمە دەنووسێت: "سەرەتا یەک جار دەقەکە بۆ گروپەکە دەخوێنرێتەوە، پاشان رۆڵەکان، کە پێشتر تایبەت بە ئەکتەرە جیاوازەکان نووسراون، لە نێوانیاندا بەش دەکرێت و دیسانەوە دەقەکە بەپێی ئەو دابەشکارییە دەخوێنرێتەوە. هەندێک جار، لە کاتی خوێندنەوەی شانۆنامەکەدا، ئەکتەرەکان رووبەڕووی هەندێک پرسیار دەکرانەوە، کە لەمەڕ رۆشنگەریی ئەندێشە و پەیامی نووسەر گرنگ بوون. بەڵام بۆ وەڵام دانەوەی ئەو چەشنە پرسیارانە، کاتی پێویست لە بەردەستدا نەبوو،

ئەکتەر ناچاربوو خۆی بەتەنیا ئەو پرسانە شرۆڤە بکات، کە نووسەری شانۆنامەکە پێشکەشی کردبوو."(ستانیسلاڤسکی، ٢٠٠٥: ٩). هەر لە کارکردنی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی لەسەر دەق دەگوترێت: "یەکەمین پرۆڤە بەرکەوتنی دواتری ئەکتەرەکان و دەرهێنەرە. پرۆڤەکردن لەسەر تەختەی شانۆ دەست پێدەکات. تەختەی شانۆکە بە مێز و کورسی سنوردار دەکرێت. دەرهێنەر هێڵکارییەکانی دیمەنەکە بۆ ئەکتەرەکان روون دەکاتەوە: "ناوەڕاستی شانۆکەمان پێویستە و لە لای چەپ و راستیشەوە دوو دەرگامان هەیە و ..." هەروەها دەربارەی کارکردنی ستانیسلاڤسکی لەسەر دەق، (گ. کریستی) لە پێشەکی کتێبی (کارکردنی ئەکتەر لەسەر رۆڵ) دەنووسێت: "ستانیسلاڤسکی و دانچنکۆ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی چالاکییە هونەرییەکانیاندا شێوازی لێکدانەوە و شیکردنەوەی وردی سەرجەم شانۆنامەکەیان لە ڕێگەی دەرهێنەرەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنا. ئەو شێوازەی شوناسی ناوەکی و ئەندێشەی شانۆنامەکە دەپشکنێ و زۆر بە وردی فۆرمی دەرەکی بەرجەستەبوونی شانۆییانەی نمایش دادەڕێژێت." دەتوانین بڵێین، لەدوا ساڵەکانی کارکردنی باس لە جۆرە مامەڵەیەکی هەستەوەرانە لەگەڵ دەق دەکات و دەڵێت: "کارکردن لەسەر دەق، نەک تەنیا بە لۆژیک و ئەقڵ، بەڵکو بەهۆی سەرجەم ئۆرگانەکانی هەستی ئەکتەرەوە دەخرێتە بەر شرۆڤە و لێکدانەوە و ئەم هەڵسەنگاندنەی کارەکتەر لەمیانەی خودی کرداردا، ئەکتەر لە چاودێرێکەوە دەگۆڕێت بە کارەکتەرێکی کاریگەر و چالاک."(استانیسلاوسکی،١٩٩٨: ١٧٦)، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە، توخمە ناوەکی و دەرەکییەکانی خۆهەستپێکردنی ئەکتەر بەرەو ئەفراندن هاندەدات و کەشێکی وەها دەخاتەوە، کە دواتر ستانیسلاڤسکی ناوی دەنێت هەستکردن بە دەق و کارەکتەر. بە باوەڕی ئەو، ئەمە باشترین پرۆسە و گونجاوترین زمینەی بەرهەمهێنانی سیمایەکی زیندووی شانۆییە. ستانیسلاڤسکی هاوکات و هاوشانی شێوەی کلاسیکی نواندن، شێوەی جیاوازتریش پێشکەش دەکات و وەک تەواوکاری کردارەکان و قووڵی شێوەی بنەڕەتی کلاسیک سودی لێ وەردەگرێت. بۆ نموونە

پێشنیاز دەکات، کارکردن لەسەر دەق بەپێی پێناسە و شیکار و دۆزینەوەی پەیامەکەی بێت یان بەپێی دیاری کردنی بەسەرهاتە گشتییەکان و رەوشی کردار و رووداوە گرنگەکان: تراژیدیای ئۆتێلۆ بەبێ کام شتە ناکرێت بوونی هەبێ؟ ستانیسلاڤسکی دەڵێت "بەبێ عەشقی ئۆتێلۆ بۆ دێزدەمونا، بەبێ پیلانەکانی یاگۆ، بەبێ متمانەی ئۆتێلۆ، بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی نێوان ئۆتێلۆ و خانەدانە ڤێنیزییەکان، بەبێ هێرشی کەشتی گەلی تورکە قوبرسییەکان بۆ دورگەکە ناکرێت"(استانیسلاوسکی، ١٩٩٨: ٩، ١٦، ١٧٣، ١٧٦). دیارە ناسینی دەق وەک بنەمایەکی گرنگی مامەڵەکردنی شێوازەکەی ستانیسلاڤسکی بە چەشنێکە، کە ستانیسلاڤسکی داوا لە ئەکتەر دەکات، خۆی لە وڕێنەی ئامێرئاسای دەق بپارێزێت و لە مامەڵەکردنی لەتەک دیالۆگەکان؛ وشە و رستە نامۆ و نەناسەکان بگۆڕێت بۆ کردار و قسەی خودی خۆی. لە پرۆسەی کارکردن لەسەر کارەکتەر، هونەرمەند بە درێژایی کات بە هەلومەرجی گریمانی نوێ و نوێتر دەوڵەمەند دەبێت. ئەو هەلومەرجانەی دەبنە هۆی قووڵتر بوونەوەی لۆژیکی کردار و رەفتاری ئەکتەر و سیمای روناکتر و بەرجەستەتر و دیارتر دەکەن. بەڵام گەر ئامانجی کۆبوونەوەی شانۆکاران لە دەوری مێز و شیکار و شرۆڤەکردن، هەست بێت، دەبێت بڵێین ئەوەی لەم شیکار و شرۆڤەکردنەی هەست دەیچننەوە، لە رووگەی بەکارهێنانەوە سودی نییە، بەڵام ئەگەر بۆ زیندووکردنەوەی ژیانی جەستەیی کارەکتەر، سوود لە شرۆڤەکردنەکان وەرگرن، ئەوسا ئەوەی لەمە دەستمان دەکەوێت، کاراییەکی گرنگ و کاریگەری لە روانگەی گەشەی دەق و کارەکتەرەکەمانەوە دەبێت. هەروەها سەبارەت بە ناسینی دەق لە رێگەی رووداوەکانەوە، ستانیسلاڤسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە: " بە تێگەیشتنی دروست لە رێکەوتە بنەڕەتییەکانی ژیانی شانۆیی – رووداوەکانی شانۆنامەکە- ئەکتەر راستەوخۆ خۆی لە پێگەیەکی پتەو و سەقامگیردا دەبینێتەوە، کە رەفتار و کردار و پێگەی دروستی ئەو وەک ئەکتەر لە نمایشەکەدا دەستنیشان دەکەن. ئەو، واتا ئەکتەر، بەناو بابەت، رێکەوت و رووداوەکانی دەقدا تێدەپەڕێت و

ژیان و چەمکە فرەڕەنگەکانی؛ واتا نەتەوە و چین و مێژووی کارەکتەرەکەی دەناسێت و بەریان دەکەوێت."(روز،٥١:٢٠٠٧). راهاتنی ورد و دروست لەتەک مەودای مێژوویی و گەل و نەتەوە و باری کۆمەڵایەتی، کە روداوە ورد و گەورەکانی شانۆنامەکە بەناچاری لەناویاندا دەکەونەوە، ئەکتەر دەگەیەنێتە تێگەیشتنێکی قووڵ و ئاشکرا، تا بەم هۆیەوە سەرجەم هەڵسەناگاندنی دروست بۆ رێکەوت و روداوەکانی شانۆنامەکە بکات. تیۆری دابەشکردن و توێژینەوەی شانۆنامەکە بۆ سەر ئاست و مەودای چەمکە جیاوازەکان، کە خۆی پێویستی بە کونجکۆڵی و خوێندنەوەی هەمەلایەنە و قووڵی بەرهەمەکە و ناسینی ئەو قۆناغ و ساڵ و چاخانەوە هەیە، کە لە بەرهەمەکەدا دەخرێنەڕوو، لە هەمان کاتدا پێویستی بە ناسینی بۆنە و شێوەی ژیان و بەسەرهات و دەروونناسی کارەکتەرەکان، واتە ناسینی سەرجەم هەلومەرجە گریمانییەکانی شانۆنامەکە هەیە..

٢ . ١ . ٢ . ٢: **ناسینی کارەکتەر:** ستانیسلاڤسکی بایەخێکی زۆر بە یەکەمین ئاشنابوونی ئەکتەر بە رۆڵەکەی دەدات و بە ژوانی ئەو دڵدارانەی بەراورد دەکات، کە بڕیارە لە داهاتوودا هاوسەرگیریی بکەن. لەم روانگەیەوە، ئەو کاریگەرییە بێدەربەستانەی لە یەکەمین قۆناغی ئاشنابوونی بە شانۆنامەکە کار لە ئەکتەر دەکەن، باشترین ئەنگێزەی رێبەرایەتی ئەفراندنن، هەروەها رۆڵێکی چارەنووسسازیشیان لە رەفتار و کۆی بەرهەمهێنانی نمایشدا هەیە. لە خوێندنەوەی دەوری مێزدا، دەرهێنەر و ئەکتەرەکان زۆر بە قووڵی شیکردنەوەیان بۆ شانۆنامەکە دەکرد، درک و تێگەیشتن و ئەندێشە و بیرۆکەی بنەڕەتی نووسەریان دیاری دەکرد و دۆخی ژیانی کارەکتەرە سەرەکییەکانیان دەخستەڕوو. دەرهێنەر پەیکەری گشتی شانۆنامەکە و میزانسێنەکانی نمایشی بە ئەکتەرەکان دەناساند. "دەربارەی چەندوچوونی بەرهەمەکانی نووسەر یان شانۆنامەنووس و هەروەها سەردەمی رووداوەکانی چیرۆک و بەسەرهاتەکان، گفتۆگۆ و مشتومڕ و شیکردنەوە رێکدەخرا، ئەکتەر هاندەدرا بکەوێتە کۆکردنەوەی

کەرەستەکانی ناسین و شیکردنەوەی شانۆنامەکە و خوێندنەوەی چۆنیەتی ژیان و جۆری ئەندێشەی خەڵکی ئەو سەردەمە و سەردانی مەیدانیی بۆ لێکۆڵینەوە لە شانۆنامەکە رێکدەخرا. پاش ئەم خوێندنەوە ورد و بەردەوام و پەیگیرانەی شانۆنامە و کۆکردنەوەی کەرەستە ناوەکییەکانی کارکردن لەسەر کارەکتەر، دەستدەکرا بە پۆشتە کردنەوەی وێناندنی وێنە شانۆییەکان." لە یاداشتە کۆنەکانییدا دەربارەی کارکردنی ئەکتەر، شێوازی کارکردن لەسەر کارەکتەر، هێشتا وەک دوو چەمک و بابەتی جوودا قسەی نەکردووە. سەرەتا بابەتە گشتییەکانی ئەفراندن سەرنجیان راکێشاوە: "پرسی حەقیقەت و ئەفراندنی هونەریی، سروشتی توانای ئەفرێنەرانە، گەرموگوڕی، هەست، ئیرادەی هونەریی، پرس و مەودای کۆمەڵایەتی ئەکتەر، موراڵ و رەفتار و کرداری شانۆیی و .. ." (پالیاکووا، ٢٠١٧: ٥٤، ٩٢).

هەرچەندە لە زۆربەی دەستنووسەکانی ستانیسلاڤسکیدا چەندین بابەت لەسەر ئەم پرسە نووسراون، کە دەرخەری ئەو راستییەن، هەوڵیداوە ئەزمونەکانی لە مەیدانی شێوازەکانی ئەفراندنی ئەکتەردا بەرگی کردار بپۆشن و بە خوێندنەوەی دووبارە لە سیمای شانۆ تێبگات. هەروەها سەبارەت بە پرسی "ئەفراندن"، پاش یەکەمین لەبەر خوێندنەوەی شانۆنامەکە، لە رەوتی لەدایکبوونی ئەندێشەی ئەفرێنەرانەی هونەرمەند دەکۆڵێتەوە و لە رواڵەتی سیماکانی داهاتوو تێدەگات. لەمیانەی ئەم رێبازەدا قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی رەوتی ئاوێتەبوونی ئەکتەر و کارەکتەر دەبینین: "هەموو ئەکتەرێک بەرپرسە لەوەی بە باشی لە بەرهەمەکانی نووسەر تێبگات و دواجار لە چوارچێوەی کاریگەریی سەر بینەر، لە ئەنگێزە رۆحییەکانی ئەفرێنەر لەپێناو ئاوێتەبوونی کارەکتەر و ژیان، هەروەها ئاوێتەبوونی کارەکتەر و هەستی بەرجەستەبوونی سیما بکۆڵێتەوە" (روز،٢٠٠٧:٢٦). لەمیانەی بونیادنانی ژیانی کارەکتەردا، بایەخێکی زۆر بە خەیاڵە هونەرییەکان دەدات و لە پاساو دۆزینەوەو گیان بە بەرداکردنی وشەکانی شانۆنامەکە، بەهایەکی گشتی بۆ خەیاڵە سەرنجبەرەکان دادەنێت. ستانیسلاڤسکی لە

پرۆسەی شیکردنەوە و شرۆڤەی کارەکتەردا، بە چەشنێک ئەکتەر بەرەو درک و تێگەیشتن لە بیرۆکە و رەوگەی سەرتاسەریی کارەکتەرەکەی رێنوێنی دەکات، کە ئاستی رۆچوونی ئەکتەر بۆ ناو شانۆنامەکە قووڵتر و بەرجەستەتر دەکات. ستانیسلاڤسکی قسە لەسەر سێ ئاستی رۆچوونی ئەکتەر دەکات بۆ ناو کارەکتەر و لە کاتی پرۆڤە و نمایشدا، ئامۆژگاریمان دەکات، کە "پێویستە پێش هەموو شتێک ئەکتەر بچوکترین و لاوەکیترین پرس و کرداری پەیوەست بە کارەکتەرەکەی، کە لە دەقەوە سەرچاوە دەگرن لەگەڵ ئەندیشە و خەیاڵاندن و دونیای خۆی ئاوێتە بکات و سەرلەنوێ زیندووی بکاتەوە." بۆ گەیشتن بە ئەفراندنی شانۆییانە ستانیسلاڤسکی کۆمەڵێک رێکار وەک بنەمای ئەفراندنی ئۆرگانیکی پێشنیاز دەکات: "شرۆڤەکردنی کارەکتەر بۆ برگە و ئامانجەکان؛ لەناو هەر برگەیەکدا گەڕان بە دوای ویست و تێڕوانینی کارەکتەر، ناسینی ناوکی کارەکتەر؛ دۆزینەوەی پێکهاتی هەست و .. هەندێک ناونیشانی نوێ و ناباو دەخرێتە بەردەستی ئەکتەرەکان: بازنەی سەرنج، هەستی بەرچاو، تەنیایی ناو کۆمەڵ، خۆهەستپێکردنی شانۆیی، سازگاریی، بابەتی سەرنج، پنتی بابەت، کرداری دانەبڕاو و چەندانی تریش." (استانیسلاوسکی، ١٩٩٨: ٦٧، ٨٧).

**٢ . ١ . ٢ . ٣: ناسینی ئۆرگانیزمی ئەفراندن:** یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ئەم رێبازە، بۆ بەرجەستەکردنی کارەکتەر و پرۆسەی نواندن، شیکردنەوەی ئۆرگانیزم و پێکهاتی ئەفراندنی نمایشییانەیە. دژی بەرجەستەکردنی قاڵب و رووخساری دەرەکی کارەکتەرە، بەڵکو لەوباوەڕەدایە ناسینی ئۆرگانیزمی داهێنان بۆ ئەکتەر زۆر گرنگە. "ئێمە لە هەوڵە بەهەڵپەکانماندا راستەوخۆ پەلاماری ئەنجامەکانی ئەفراندن و بەرجەستەکردنی رووی دەرەوەی کارەکتەرمان دەدا، بێ ئەوەی بیر لە لۆژیکی ناوەکی هەست بکەینەوە، بە واتایەکیتر، ئێمە پێش ئەوەی شوناسی ناوەکی کارەکەمان ئەزموون بکەین دەپرژاینە سەر رواڵەت و فۆڕمی کارەکە. رێگەیترمان لە بەردەستدا نەبوو، بەناچار ئەکتەر پەلکێشی رووخسار و سیمای کارەکتەرەکەی

دەبوو."(استانیسلاوسکی، ١٩٧٦: ٤٩). ستانیسلاڤسکی هاوشان لەگەڵ دۆزینەوەی تێگەیشتنی نوێ، ئەو شێوازانەی رەتکردەوە، کە پێشتر بەکاردەهێنران و بریتیبوون لە پابەندبوون بە بیرۆکە و رێکخستنی سەرەتایی دارشتنەکانی دەرهێنەرەوە، کە هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانەوە رواڵەتی دەرەکی کارەکتەر بەسەر ئەکتەردا دەسەپێنێت. کارکردنی شێوە کۆنەکانی شانۆ لەسەر شانۆنامەکان، زۆرجار ئەکتەری بەرەو نمایشکردنی هەست و سیمای دەرەکی هاندەدا، یەکڕاست بەرەو پێشکەشکردنی دوا ئەنجامی ئەفراندن. وەک ستانیسلاڤسکی دەڵێت: " بەپێی ئەم چەشنە کارکردنە، ئەکتەر سەربەخۆیی لەمیانەی کاری ئەفرێنەرانەدا لەدەستدەدات و دەبێتە بێژەر و بەرجەستەکارێکی سادە و هەڵچووی فەرمانەکانی دەرهێنەرێکی دیکتاتۆر." (روز، ٢٠٠٧: ٤٢). هەوڵی ستانیسلاڤسکی لەپێناو پێکەوە گرێدانی شێوازە جیاوازەکانی ئەفراندن، کە خۆیان لە بنەڕەتەوە دژەبەر و ناکۆکن سەرکەوتوو نەبوو، ئەوەبوو ناچاربوو بە شێوەیەکی کاتی دەست لە نووسین هەڵگرێت و پاش چەندین ساڵ کارکردنی ئەکتەر لەسەر رۆڵ بە فۆرمێکی نوێ و لەسەر بنەمای دەقی کۆمیدیای موفەتیشی بەرهەمی گۆگۆڵ دەست پێبکاتەوە. بەڵام کارکردنی ئەکتەر لەسەر رۆڵ لەسەر بنەمای کارکردن لەسەر دەقی ئۆتێلۆ سەرباری هەبوونی ناکۆکی ریشەیی تێکشکاندنی شێوە ئەدەبییەکەی، دەبێت بە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی ستانیسلاڤسکی ئەژمار بکەین، لە بواری ئەفراندنی ئەکتەر. ئەم بەرهەمە بە شێوەیەکی بەرفراون دەپرژێتە سەر کۆی ئەو پرس و رەوتانەی بونیادنانی نمایش و کارەکتەر لە یەکەم ناسینی دەقەوە تا بەرجەستەکردنی شانۆییانە. سەبارەت بە گرنگی ئەم بەرهەمە گ، کریستی دەنووسێت: "ئەم بەرهەمە نمایشکردنی نمونەیەکی کلاسیکی ئاوێتەبوونی ئەفراندنی دوو بلیمەتی گەورەی دونیای هونەرە، ئەوانیش شکسپیری شانۆنامەنووس و ستانیسلاڤسکی دەرهێنەر، لەبەرئەوەی ستانیسلاڤسکی توانیویەتی لەرێگەی خەیاڵاندن و ئەندێشە روونەکانییەوە بەناو حەشارگە قووڵەکانی ئەندێشەی شکسپیردا

ڕۆبچێت"(استانیسلاوسکی، ١٩٩٨: ١٩٧). کارکردنی ئەکتەر لەسەر ڕۆڵ لەسەر بنەمای دەقی موفەتیشی بەرهەمی گۆگۆڵ لە ڕوانگەی کاتەوە ڕەنگدانەوەی دواهەمین بۆچونەکانی ستانیسلاڤسکییە سەبارەت بە شێوازی ئەفرێنەرانەی بونیادنانی نمایش و کارەکتەر. لە ساڵانی ١٩٣٦ – ١٩٣٧، ستانیسلاڤسکی تیۆرسەن، هاوکات لەگەڵ نووسینی کتێبی کارکردن لەسەر ڕۆڵ، هێزو وزەیەکی زۆری بۆ پراکتیزەکردنی شێوە تازە فێرکارییەکەی و کارکردن لەگەڵ ئەکتەری ئەزموندیدە و ئەکتەری تازەکار تەرخانکرد: "لەم قۆناغەدا، ئامانجی ستانیسلاڤسکی ڕاهێنانی ئەکتەری تازەکار و یارمەتیدانی دەرهێنەرە بەئەزمونەکانە لەگەڵ شێوازە تازەکەی، بەمەبەستی قووڵکردنەوەی تەکنیکی شانۆییانە و خۆئامادەکردن بە شێوە بێخەوشترە ئەفرێنەرانەکان"(میتر، ٢٠١٥، ٧٦).

لێردا هەندێک لەو زاراوە هونەرییانەی بواری نواندنی شانۆ بە کورتی دەناسێنین، کە وەک بنەمای کارکردنی ئەکتەر لە سیستمەکەی ستانیسلاڤسکیدا دیاریی کراون:

**ئەگەری ئەفسوناوی:** ئەم ئەگەرە بۆ ئەکتەر وەک کلیلێک وایە، کە ئەو لە دونیای ژیانی ڕۆژانەیەوە دەباتە ناو ماڵی خەیاڵەکانی شانۆنامە و ڕۆڵ، واتە دەیباتە ناو خەیاڵەکانی نووسەر. "بەم شێوەیە ڕووبەڕووی گەلێک ئەگەری پەرجوئاسا و هەلومەرجی گریمانی دەبێتەوە. وێناندنی ڕابردووی واقیعی ژیانێکی حەقیقی، لەسەر تەختەی شانۆ، هێشتا هونەر نییە. لەبەرئەوەی، واقیعیەتی سرووشتی، هونەر نییە. لە حەقیقەتدا ئەوە سەقامگیری خەیاڵاندنە هونەرییەکانی نووسەرە لەسەر بنەمای واقیعیەتی سرووشتی، کە هونەر دەخولقێنێت".(ستانیسلاڤسکی، ٢٠٠٥: ١٢٣).

**هەلومەرجی گریمانی:** بریتییە لە بابەتی شانۆنامەکە، ڕووداوەکانی، کارەساتەکانی، سەدە، زەمەن، شوێنی ڕووداو، بارودۆخی ژیان، بۆچون و تێگەیشتنی ڕژیسۆر سەبارەت بە لایەنی نواندن و هۆکارەکانیتری نمایش: میزانسینەکان، فۆڕمی نمایش، دیکۆر، جلوبەرگ،

رووناكی، مۆزیک، كارتێكەرە دەنگییەكان و ئەو شتانەیتر، كە بەمەبەستی بەرجەستەكردنی ئەفراندن، وەک پێشنیاز، دەخرێنە بەردەست ئەكتەر. "لەڕاستیدا، ریشەی هەلومەرجی گریمانی و ئەگەر (وەهم و خەیاڵە)، ئەگەر گریمانە، هەلومەرجی گریمانكراویش تەواوكەرەكەی. كاركردنی ئەكتەر هەمیشە لە ئەگەرەوە دەست پێ دەكات و هەلومەرجی گریمانكراو، پەرەی پێ دەدات"(تاییدی، ٢٠١٣: ١٠١).

**خەیاڵاندن:** "جۆرە كاركردنێكی زەیینییە، كە لە رێگەی خەیاڵەوە دەبێتە هۆی دابینكردنی كەرەستەی نوێی بونیادنانی كارەكتەر و پەیداكردنی هەلومەرجێكی نوێ و دیاریكردنی ئامانج، خەیاڵاندن بزوێنەری سۆزە بیرەوەرییەكان و بەرهەمهێنەری كردارە.." (ستانیسلاڤسكی، ٢٠٠٥ : ٩).

**كرداری شانۆیی:** "بریتییە لە جووڵە لە رۆحەوە بۆ جەستە، لەناوەدنەوە بۆ بەشەكان، لە ناوەوە بۆ دەرەوە، لە هەستەوە بۆ بەرجەستەكردن؛ كرداری شانۆیی واتا هەوڵدان بۆ گەیشتن بە میتا ئامانج لە رێگەی هێڵی سەرتاسەرییەوە. گەر كردارە شانۆییەكان لە كردارە ناوەكییەكانەوە هەڵنەقوڵێن و ئەم كردارانە رێنوێنییان نەكەن، تەنها دەبنە هۆی گەرمكردنی چاو و گوێی بینەر و بە دەرونیدا رۆناچن و بەلای دەرونی ژیانی مرۆییەوە بچوكترین بەهایان نییە." (اوستر مایر، ٢٠٢٠ : ٤٤).

**سەرنجی شانۆییانە:** "سەرنجی شانۆییانە بریتییە لە چڕكردنەوەی سەرجەم وزە رۆحییەكانی ئەكتەر لەسەر بابەتێكی دیاریكراو. سەرنجی شانۆییانە كردارێكی ناوەكییە و ئەكتەر لە پەرتبوونی خەیاڵ و دابڕان لە رۆڵەكەی دەپارێزێت، وەک چۆن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەكتەر بەردەوام لەناو رۆڵەكەیدا بژی." (فرجپور، ٢٠٠٠ : ٥٩).

**خاوبوونەوەی ماسولكەكان:** یەكێک لە توخمە گرنگ و بنەڕەتییەكانی سیستمەكەی ستانیسلاڤسكی كە بە بێ ئەو توخمە ئەفراندن بە ئاستەم ئەنجام (ئازادی جەستەیی) یان (خاوی

ماسولکەکانە) و بێگومان سەرکەوتنی ئەکتەر لە بەکارهێنانی کۆمەڵەی تەکنیکە دەرونییەکەی ستانیسلاڤسکی لە هەموو شتێک زیاتر پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی دەرەکی و جەستەیی و هێزی خاوەکردنەوەی ماسولکەکان. لەم بارەیەوە (هروە پون) دەڵێت: "خۆپارێزیی لە رەقبوون و گوشاری جەستەیی و کۆنترۆڵکردن و زاڵبوونی ناڕاستەوخۆی ئەکتەر لەسەر خود و گونجاندنی ناوەکی و دەرەکی ئۆرگانیزمی جووڵە بەپێی ئامانجی ژیانی رۆڵ و شانۆنامە لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی نواندنی ریالیزمییانە و جێگەی باوەڕە."(پون، ٢٠١٤ : ٢٧).

**یەکە و ئامانجەکان:** "مەبەست لەم دەستەواژەیە دابەشکردنی دەق و پاشان کارەکتەرە بۆ یەکەی جیاواز، واتا دابەشکردن و شیکردنەوەی کارەکتەر بۆ ناو و شوێنی ژیان و چۆنایەتی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ، کە لە رێگەی ئەم دابەشکردنەوە کۆی کارەکتەرەکە دەناسین و دەتوانین لە ئاکامیشدا لە ئامانجی کارەکتەرەکە تێبگەین"(دونلن، ٢٠١١ : ١٢١). دیارە بۆ ئەکتەر تێگەیشتن لە کارەکتەرەکەی گرنگی بنچینەیی هەیە و ئەم تێگەیشتنە لە رێگەی شیکردنەوەی دەق و رۆڵ بۆسەر یەکە جیاوازەکان یارمەتی دەدات ئەو گرنگییە جێبەجێ بکات.

**سۆزە بیرەوەری:** ئەکتەر پێش هەموو شتێک مرۆڤە و مرۆڤەکانیش لە رێگەی ئەزموونەکانی ژیانەوە، دەبنە خاوەنی بیرەوەری، ئەم بیرەوەرییانە بۆ ئەکتەر وەک گەنجینەیەکی بەبەها، هەست و سۆزەکان دەپارێزن و لەباو سیستەمەکی ستانیسلاڤسکی ئەم گەنجینەیە کە بە سۆزە بیرەوەری ناسراوە بۆ بەرجەستە کردنی هەستەکانی کارەکتەر لە لایەن ئەکتەرەوە بەکاردەهێنرێن، لەم بارەیەوە (امید مهدی نژاد) دەنووسێت: "ئەکتەر ئەو بیرەوەرییانەی لە رێگای ئەزموونی تاکەکەسی خۆی بەدەستیهێناوە وەک کەرەستەی پەیوەندی لەتەک ئەو هەڵچوون و هەستوسۆزانەی کارەکتەرەکەی پێویستی پێیان هەیە بەکار دەهێنێت و سۆزە بیرەوەری ئەکتەر کلیلی گەیشتنە بەو هەست و سۆزانەی لە بیرەوەریدا تۆماری کردووە تا لە رێگایانەوە هەستەکانی کارەکتەرەکەی بەرجەستە بکات."(مهدی نژاد، ٢٠١٠ : ٣٧).

**باوەڕ و هەستکردن بە حەقیقەت:** بۆ ئەکتەر گرنگە هەست بە حەقیقەتی ڕۆڵەکەی بکات و باوەڕ بەوە بهێنێت کە لەناو دەقەکەدا بوونی هەیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم باوەڕ و هەستکردنە بگوێزێتەوە بۆ بینەرانیش، لەم بارەیەوە (خسرو شهریاری) دەڵێت: "لەڕاستیدا، ئەکتەر لەسەر شانۆ و لە چرکەساتەکانی ئەفراندندا، پێویستی بە هەستێکی حەقیقەتی هەیە و بە بێ ئەم حەقیقەت و باوەڕە، هیچ جۆرە هونەرێکی واقیعی بوونی نابێت. تا رووکەشی دۆخەکان سرووشتیتر بن، دەبێت هەستی کارەکتەرەکەش ئەوەندە لە سرووشتی ئۆرگانی ئەکتەرەکەوە نزیک بێت."(شهریاری، ١٩٨٦ : ٤٢١).

**پەیوەندیی ویژدانی:** بینەر بە بێ ئەوەی خۆی بیەوێت، چاودێری ئەکتەر دەکات و دەیەوێت لە قسە و هەڵسوکەوتەکانیان تێ بگات و بیاناسێت و پەیوەندییان لەگەڵ ببەستێت، تەماشا دەکات، دەبینێت، تێدەگات و هەستەکانیان کاریگەریی لەسەر جێدەهێڵێت. کەواتە بینەر تەنیا لەو کاتەدا لە بابەت و پەیامی نمایش تێدەگات و ناڕاستەوخۆ بەشداری رووداوەکان دەکات، کە کارەکتەرەکان پەیوەندییەکی راستەقینە و ئەفرێنەرانە لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن. لە بارەی چۆنیەتی ئەم پەیوەندییەوە دەوترێت: "بە هۆی پەیوەندی راستگۆیانەی ئەکتەر لەگەڵ یەکتر لە ناو کەشی شانۆییدا بینەرانیش باوەڕ بە دروستی روداوەکان دەهێنن و لە ڕێگەی هەستی بەرامبەر بە یەکی کارەکتەرەکانەوە هەست بە حەقیقەتی روداوەکان دەکەن."(پیج، ٢٠١٨ : ٢١٦).

## ٢ . ١ . ٤: بابەتی نواندن لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان

**٢ . ١ . ٤ . ١: گرنگی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی وەک پرۆگرامی خوێندنی بەشی نواندن:** دەبێت پێشوەختە گرنگی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی دەستنیشان بکەین، پاشان دەتوانین ئەم گرنگییە بۆ خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان روون بکەینەوە؛ وەک چۆن ستانیسلاڤسکی بە کاریگەرترین کەسایەتی هونەری نواندنی مۆدێرن ئەژمار دەکرێت، ئەوا ئەو

تیۆرەی دەربارەی نواندن پێشکەشی کرد، تا هەنوکەش وەک یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی دونیای نواندن ناسراوە. ئەو توانی لە هەنگاوی یەکەمدا و بۆ بواری نواندن سیستمێک پێشکەش بە ئەکتەر بکات و وەک دەرفەتێک بۆ نزیکبوونەوە لە رۆڵ پێناسەی بکات، بە جۆرێک هەر کەسێک بیەوێت وەک ئەکتەر کار بکات، ناچارە بگەڕێتەوە سەر ستانیسلاڤسکی، لەبەر ئەوەی ئەو بنەمایانەی ئەو پێشکەشی دەکات زۆر بنەڕەتی و گرنگن. ئەوەی ستانیسلاڤسکی پێشکەش بە دونیای نمایش و نواندنی کردووە، تا هەنوکەش لە دونیای شانۆدا بنچینەییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ستانیسلاڤسکی شێوازێکی بۆ کاری نواندن پێشکەشکرد، کە بەردەوام لە زۆربەی بوارەکانی نواندندا کارایی خۆی لەدەست نەداوە. سەبارەت بە کارایی ئەم رێبازە دەگوترێت: ئاوێتەبوون بە کارەکتەر و رۆڵ لە رێگەی گونجاندنی هەست و بیر و شرۆڤەکردنی رۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی رۆڵ، یارمەتی ئەکتەر دەدات، لەو کارەکتەرە نزیک ببێتەوە، کە بەرجەستەی دەکات و لەو رێگەیەشەوە سەرنجی بینەر رابکێشێت. "ئەم جۆرە نواندنە هەمیشە سەرنجبەرە و زۆربەی ئەکتەرەکان تا هەنوکەش پەیڕەویی دەکەن، تا بتوانن وەرگرێکی زیاتر کۆبکەنەوە و لەو رێگایەوە کارەکتەرەکەیان لە زەین و بیری بینەرەکانیان بچەسپێنن"(صادقی، ٢٠١٥: ٨٠). لە راستیدا گرنگیدان بە میراتی ستانیسلاڤسکی بە تێپەڕینی کات، نەک لاواز نەبووە، بەڵکو بەرفراوانتر بووە. سیستمەکەی ناوبانگێکی جیهانی پەیداکردووە. ئەم سیستمە بە گشتاندنی ئەزموونە پێشکەوتووخوازانەکانی هونەری شانۆ نەک تەنها گەورەترین بەهای ئەزموونی بەدەستهێنا، بەڵکو بەرزترین بەهای تیۆری زانستی بەدەستهێنا و لە زۆربەی ناوەندەکانی پەروەردەکردنی ئەکتەر بەکارهێنرا. هەڵبەتە جەک پوگی لە کتێبی (سیستمی ستانیسلاڤسکی لە سۆڤێت) دەربارەی بەهای فێرکارییانەی ئەم سیستمە لە پەروەردەکردنی ئەکتەر دەنووسێت: "هەڵبەتە سیستمەکەی ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی ئەو بیرۆکانەی بەدرێژایی ژیانی رێنوێنی چالاکییە ئەفرێنەرەکانی بوون." (پوگی،

١٩٧٤: ٧٩). لە راستیدا ئامانج و هەوڵە هونەرییەکان و کونجکۆڵیی ئەفرێنەرانەی ستانیسلاڤسکی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی یەکەم شانۆی ئەقڵانی و ئاکاریی و کۆمەڵایەتی، کە شایستەی ئەوەبوو رۆڵی فێرکاریی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات. گرنگی ئەم سیستمەش وەک سیستمی پەروەردەکردنی ئەکتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم سیستمە یارمەتیدەری ئەکتەرە بۆ بونیادنانی سیەمایەکی وەها زیندوو، کە لەمیانەیدا بەهۆی ئەفراندنی نمایشییانەوە ناوەخنی قووڵ و بیرۆکەی بنەڕەتی نمایش دەکاتە جێگەی باوەڕ.

**٢ . ١ . ٤ . ٢: گرنگی ناسینی ستێلا ئادلەر و ئیتۆدەکانی:** هاوکات لەگەڵ گرنگی ناسینی بنەماکانی ستانیسلاڤسکی بۆ خوێندکاری بەشی نواندن، ناسینی ئەو کەسانەی لەمیانەی ئەم چوارچێوە هونەرییەدا، ئیتۆدی نوێیان بەپێی هەلومەرجی جیاوازی شوێن و کات پێشکەش بە دونیای نواندن کردووە، گرنگی خۆی هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین ئاماژە بۆ ستێلا ئادلەر بکەین: "ستێلا ئادلەر، لە ناو خێزانێکی ناوداری شانۆکار لەدایکبووە، قوتابی و پەیڕەوی (کۆنستانتین ستانیسلاڤسکی) بووە، هونەری نواندنی خۆی لەسەر شێوازی ناسراوی میتۆد بنیاتناوە. لە ساڵی ١٩٤٩ ستۆدیۆی نواندنی تایبەت بە خۆی دامەزراند، کە هەنوکە بە (ستێلا ئادلەر کۆنسێرواتواری ئۆاکتیک) ناو دەبرێت. ئەم کۆنسێرواتوارە، کە ناوبراو لەوێ وانەی دەوتەوە، یەکێکە لە ناودارترین ئیتۆدەکانی دونیای نواندن." (روتە، ٢٠١٩: ٢٦). لێرەدا بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە شێوەی کارکردنی ستێلا ئەم پێشەکییەی مارلۆن براندۆ بە نموونە وەردەگرین، کە بۆ کتێبی هونەری نواندنی ستێلا ئادلەر نووسیویەتی: "بە بۆچوونی من (ستێلا ئادلر) بەتەنیا مامۆستای نواندن نییە، ئەو لە رێگەی کارەکەیەوە چەندین زانیاری زۆر بەنرخ دەخاتە بەردەستمان، ئەوەی، کە چۆن شێوازی کار و کاردانەوە سۆزدارییەکانی خۆمان و هەروەها دەوروبەرمان بدۆزینەوە. پێچەوانەی هەندێ کەسی بەناوبانگ، کە بە درێژکەرەوەی شێوازی بە ناو نواندنی (میتۆد) ناسراون، خۆی نەداوەتە دەست کاری زۆر و بۆر. ئەو ئەگەر

تاکە کەسێک نەبێت، ئەوا یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی، کە چووە پاریس، تا لە لای (کۆنستانتین ستانیسلاڤسکی) وەک بینەری لێزانی هەڵسووکەوتی مرۆڤانە و کەسایەتی گەورەی شانۆی روسیا دەست بە خوێندن بکات، بەرهەمی ئەم سەفەرەی فێربوونی هونەری (ستانیسلاڤسکی) بوو، کە ناوبراو لە کاتی گەرانەوەیدا گواستیەوە بۆ ئەمریکا و لە وانە وتنەوەکانیدا بەکاریدەهێنا"(ئادلەر، ٢٠٠٨: ٢٧). دیارە کارکردنی ئەو تەکنیکەی، کە لە کتێبی هونەری نواندن لە لایەن ئادلەرەوە پێشکەش دەکرێت، سەرباری ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی، کە بە رێبازەکەی ستانیسلاڤسکییەوە هەیەتی، دۆزینەوەی رێکار و ئیتۆدی جیاوازە، بۆ گەیشتن بە هەمان مەبەست، کە ئەویش نواندێکی سروشتییە: "کاری فێرکردن پێویستە لەسەر بنەمایەکی بەرین بونیاد بنرێت. شێوازی فێرکردنی من، نەک تەنیا لەسەر بیر و باوەڕی ستانیسلاڤسکی، بەڵکو لەسەر سیستمێکی سروشتی بنیاتنراوە. ئەکتەریی پیشەیەکی سەربەست و سەربەخۆیە و پێویستی بە هۆشیاری و کاری دژوارە. نەک لەبەر ئەوەی ئەم کارە تایبەتە بە بلیمەتەکان؟ ئەم کارە بۆ ئەو کەسانەیە، کە هەنگاو بە هەنگاو کاردەکەن و بەرەو پێشەوە دەچن، لەگەڵ ئەوەی، کە هیچ بەرنامەڕێژییەک بۆ ئەکتەریی نییە."(روتە، ٢٠١٩: ٢٨) . لەگەڵ ئەوەشدا، لە دەرەوەی ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی و لە کتێبی هونەری نواندندا چەند ئیتۆدێک دەخاتەڕوو، کە هەرچەند هەمان مەبەستی ستانیسلاڤسکییان لە پشتە، بۆ گەیشتن بە نواندێکی ریالیزمییانە، بەڵام بە تەواوەتی ئیتۆدی نوێن، بۆ نموونە سەبارەت بە وزەی دەنگی ئەکتەر وەک بنیاتنەرێکی سەرەکی نواندن ئەم ئیتۆدە دەخاتە روو: " **وزەی دەنگ**: ١- هەموو رۆژێک سەروتاری رۆژنامەیەک بە دەنگی بەرز بخوێنەرەوە. ٢- لە دووری دە، تا پەنجا یا سەد پێ بابەتێک بۆ کەسێک بخوێنەرەوە یا قسەی لەگەڵ بکە، بۆ ئەوەی برستی راستەقینەی دەنگی خۆت بزانی. ٣- بە شێوەیەک بابەتەکە بیخوێنەرەوە، کە گوێی بیسەر لەو سەری مێزەکەوە یان لەو سەری ژوورەکەوە یان لەو سەری شەقامەکەوە تێبگات. کاتی راهێنانی رۆژانە، کە بە دەنگێکی بەرز

دەخوێنیتەوە، ئەبێت خۆت، گوێت لە خوێندنەوەی خوت بێت. کاتێک سەرگەرمی خوێندنەوەی، نیشانەی تایبەت بۆ هەموو ئەو خاڵ و فاریزانە دابنێ، کە نەتبینیوون. ئەو هێمایانەی، کە لە نوسیندا بەکاردێن، دەبنە هۆی کێشە لە بەردەم سروشتی قسەکردندا. خۆت بۆ خۆت نیشانە یاخود هێما دابنێ. (ئادلەر، ٢٠٠٨: ٢٩)

دەکرێت هەر جۆرە ئیتۆدێک تایبەت بە کەمکردنەوەی کەموکوڕییە تەکنیکییەکانی نواندن یان بەمەبەستی گەشەپێدانی دەربڕینی ئەکتەر لە لایەن ڕاهێنەرانی وانەی نواندنەوە دابڕێژرێت. هەروەها بەپێی سیستمی نواندنی هەر نمایشێک، دەکرێت ئیتۆدی تایبەت بەو نمایشە دابڕێژرێت، کە زۆرجار لە نمایشەکاندا دەرهێنەر یان یاریدەدەرەکانی تایبەت بە نواندن ئەم ئیتۆدانە بەپێی داوای نمایشەکە دادەڕێژن. دیارە بابەتی ئیتۆد پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کردار و پراکتیکەوە هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش بەتایبەت لە دوا قۆناغەکانی کارکردنی ستانیسلاڤسکیدا دەبینین چیتر ئەکتەر هەست دەکات چالاکیی ئەقڵ و ئەندێشە و کردە خەیاڵییەکانی تەنیا بەس نییە، هەر بۆیە باوەڕبوون بە پێشکەش کردنی (ئیتۆد) بەپێی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت. لە ڕێگەی تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی ستانیسلاڤسکی سەبارەت بە کارایی جەستە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەم کارایيە پێویستی بە کارکردنی ئەکتەر هەیە لەسەر جەستەی وەک ئەندامێکی گرنگ و بنەڕەتیی نواندنی ئەفرێنەرانە: "ستانیسلاڤسکی سەرنجی ئەکتەری بۆ واقیعی بوونی کردارەکان ڕادەکێشا و هەروەها جەختی دەکردەوە، کە ئەکتەر لە ڕێگەی هەستکردن بە حەقیقەتی بچووکترین کردەی ساکاری جەستەیی لەسەر شانۆ، ئەوە فێردەبێت، کە چۆن خۆهەستپێکردنی سروشتیی ئەفرێنەر لەخۆیدا بهەژێنێت."(ستراس برگ، ٢٠٠٢: ٣٠). کردارە جەستەییەکان لەبری ئەوەی دەربڕینی دەرەکی شوناسی ناوەکی ڕەفتاری شانۆیی ئەکتەر بن، زیاتر ڕۆڵێکی لاوەکیان هەبووە. هەر بۆیە دواجار ستانیسلاڤسکی زیاتر بایەخ بە گرنگی و کارایی پراکتیکی ئەم شێوازە دەدات و بە "کارکردن لەسەر ڕووی دەرەوە" ناوی دەبات، کە ئەم

پراکتیک کردنە پێویستی بە کارکردنی ئەکتەر هەیە لەسەر ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ کارەکتەرەکەی:"ئیتۆدەکان یارمەتی ئەکتەر دەدەن بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی لەناو پرۆسەی ئەفراندندا بهەژێت"(هاج، ٢٠٢٠: ٣١). لەبەر ئەمەشە بە جیاواز لە کارکردنی قوتابخانەی هەست، کە لە بنەڕەتەوە بۆ بەرجەستەکردنی کارەکتەر پێشنیازی ئەوە دەکات، ئەکتەر لە هەستەوە دەستپێبکات، ستانیسلاڤسکی باس لە کارایی جەستە دەکات، وەک بنەڕەتی کارکردنی ئەکتەر، ئەوەتا لەبری پرۆسەی ناوەکی کردار، باس لەوە دەکرێت، کە کردارە جەستەییەکان بینراوترن لە ململانێ دەروونییەکان و بەردەستترن لە کونجە ناوەکییەکان. ڕێکخستنی کرداری جەستەیی ئاسانترە، بینراوە، خانەیی و بەرجەستە و دەربڕینی دەرەکی ڕۆحە. کردارە جەستەییەکان بەردەوام لەگەڵ توخمەکانیتر لە پەیوەندیدان. لەم بارەیەوە ئەو جەخت دەکاتەوە: "لە ڕاستیدا هیچ کردەیەکی جەستەیی بەبێ ویست و ئیرادە دەرناکەوێت. بەبێ هەوڵ و ئامانج، بەبێ ئاراستەی ناوەکی هەست، هیچ ئەندیشەیەکی خەیاڵاوی ئەگەر بە کردار نەسەلمێنرێت ناکرێ بوونی هەبێت"(استانیسلاوسکی، ١٩٧٦: ٣٢). جەستەی ئەکتەر وەک بنەڕەتێکی گرنگی نواندن بۆ ڕاهاتن و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزارشتەکانی پێویستی بە ڕاهێنان هەیە، لێرەدا وەک درککردنی ستێلا ئادلەر بە گرنگی توانای کۆنترۆڵکرنی جەستە، نموونەی ئەم ئیتۆدە پێشکەش دەکەم، کە وەک بەشێک لە جەستە تایبەت بە ئەژنۆ دەیخاتەڕوو: "**ئەژنۆتان بە شێوەیەک دابنێن، کە نانوشتێتەوە، ئەم ئەژنۆ وشکبووە بە شێوەیەک کۆنترۆڵ بکەن، کە نەهێڵن هیچ بەشێکیتری جەستەتان تووند ببێت؛ پاشان بەو ئەژنۆ وشکبووەوە بەناو ژوورەکەدا هەنگاو بنێ، بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوە، هەر بەو شێوەیە جلوبەرگ لەبەر بکە، هەر بەو شێوەیە وەک سەربازێک ڕەفتار بکە، سەما بکە، هەر بەو شێوەیە بژی.** (ئادلەر، ٢٠٠٨: ٢٥).

هەرچەندە دەستکەوتەکانی ستانیسلاڤسکی وەک ئەکتەر و دەرهێنەر گەلێک گەورە بووە، بەڵام گرنگترین بەشداریی ئەو لە دونیای نمایشدا، لەبەر ئەو تیشکەیە، کە دەیپرژێنێتە سەر

تەکنیکی نواندن. نواندنی سیستم، کە ئەو داهێنەریەتی لەسەر بنەمای راهێنانی گونجاو لەتەک پێداویستییەکانی نەتەوە جیاوازەکان گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بینییەوە، وەک نموونەش باسمان لە چۆنیەتی کارکردنی ستێلا ئادلەر کرد لەسەر ئەو رێبازە، هەر بۆیە لە بەشەکانیتری ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی گەشەدان بە لێهاتووییەکانی خوێندکارانی بەشی نواندن و بەمەبەستی جەختکردنەوە لەو راستییەی جەستەی ئەکتەر وەک هەستەکانی پێویستی بە راهێنان هەیە، چەند ئیتۆدێکی گونجاو لەگەڵ کارکردی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی دەخەینەڕوو.

## ٢ . ١ . ٥: بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی

بۆ خوێندکارانی لقی نواندنی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان گرنگە لە کۆتاییەکانی قۆناغی سێیەمی خوێندن، پاش سێ ساڵ لە خوێندنی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی، بۆچوونە جیاوازەکانی خودی ستانیسلاڤسکی دەربارەی سیستمەکەی و ئەو خاوەن تیۆرانە بناسن، کە پاش ستانیسلاڤسکی رێباز و تەکنیکی نوێیان پێشکەش بە دونیای نمایش و نواندن کردووە، دەبێت ئاماژە بەوە بدەم، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کارکردنی شانۆی موخاتدا، دیکتاتۆریەتی ستانیسلاڤسکی بیانوو و بەڵگەی حاشاهەڵنەگری خۆیان هەبووە: ئەو لاوانەی لە شانۆی موخات دەستیان بە کاری هونەریی دەکرد، بۆ تێگەیشتن و راپەڕاندنی ئامانجە گەورە هونەرەییەکان ئامادە نەبوون و ستانیسلاڤسکی بە ناچاریی بە هۆی شارەزاییەکانی لە بواری دەرهێناندا، بێ پێزیی و تازەکاریی ئەو ئەکتەرانەی پەردەپۆش دەکرد. بەڵام دواتر، کە ستانیسلاڤسکی بینی ئەم ئامادەکارییانە دەبێتە رێگر لە بەردەم گەشەی رۆشنبیریی و تێگەیشتنی ئەکتەری شانۆی موخات، ئەم شێوازەی بە تەواوەتی رەتکردەوە. کەواتە لە پێش هەمووانەوە خودی ستانیسلاڤسکی بنەماکانی بونیادنانی کارەکتەر و میکانیزمی ئەفراندنی ئۆرگانیکی بەرجەستەکردنی کارەکتەر دەخاتە بەر رەخنە. "ستانیسلاڤسکی رایگەیاند مامەڵەی

پێشووتری لەتەک کارەکتەر –، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەیسەندبوو – تەواو نییە و مەترسی ئەوەی هەیە شوێنی ژیانی ئەندامیی کرداره دەرکییەکانی سیما بگرێتەوە و ببێتە هۆی کۆپیکردنەوەی کارەکتەر لەسەر تایبەتمەندییە باوەکان". لە لایەکی تریشەوە دەتوانیین بڵێین دوا بۆچوونەکانی ستانیسلاڤسکی دەربارەی رێبازەکەی بە هۆی مردنیەوە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا چاپ نەکران و ئەمەش بە جۆرێک ئەو سیستمەی بە نیوەناچڵی هێشتەوە: "بابەتی گشتی و سەرەکی چاپکراوەکانی ستانیسلاڤسکی، کۆمەڵێک بابەتی جیاوازیان سەبارەت بە کارکردنی ئەکتەر لەسەر رۆڵ هەڵگرتووە، کە ستانیسلاڤسکی بیری لێ کردوونەتەوە، بەڵام لە سەردەمی ژیانی خۆیدا چاپ نەکران، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێین، ستانیسلاڤسکی کارکردن لەسەر هیچ یەک لەم بابەتانەی تەواو نەکردووە و خاڵی کۆتایی لەسەر دانەناون"(استانیسلاوسکی،١٩٩٨: ٨٤، ٢٠٩). سەبارەت بە کاردانەوەی هاوچەرخەکانی بەرامبەر بە رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی: مەییرهۆڵد دەڵێت: "پێویست ناکات مرۆڤ لەسەر شانۆ هەوڵبدات ببێتە خولقێنەری مرۆڤێکیتر، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت لە رێگەی هونەرەکەیەوە دونیایەکی سەرنجبەر درووست بکات، کە بینەر لەو دونیایەدا هەم فێرببێت، هەم سەرقاڵ بێت. (پیچز، ٢٠١٢: ٢٧). هەروەها ستانیسلاڤسکی پشتیکردە ئەو چەقبەستن و چەسپاندنەی میزانسێن، کە لە سەرەتاوە دەسەپێنران، لەبەرئەوەی لەو باوەڕەدا بوو، دەبێت میزانسێن لە چوارچێوەی رەوتی کار و کاردانەوەی رەسەن و زیندووی هەردووبەری نواندن و لەمیانەی پرۆڤەی بەردەوامدا گەشە بکات و بگاتە کەماڵ. کەواتە نابێت هەر لەیەک پرۆڤە و میزانسێنەکان بچەسپێنین، بەڵکو پێویستە لە دوا قۆناغەکانی کارکردن لەسەر نمایش ئەمە جێبەجێ بکەین، بۆیە گ، کریستی دەربارەی دەنووسێت: "ستانیسلاڤسکی جەخت لەوە دەکاتەوە لە کارە هونەرییەکانی پێشوویدا ئەگەر لە دەرەوە دەستی پێدەکرد (تایبەتمەندییە ئایدیاڵە دەرەکییەکان، میزانسێن و دیکۆر و روناکی و دەنگ و ..) و پاشان دەگەیشتە هەستی ناوەکی، لە سەرەتای دەرکەوتنی سیستمەوە

له هەستی ناوەکییەوە ڕێگەی دەرەوە دەدۆزێتەوە – له هەستەوه بۆ بەرجەستەکردن"(استانیسلاوسکی، ١٩٩٨: ٧٢). کونجکۆڵییه تازەکانی له قووڵایی ناوەکی ئەفراندنی ئەکتەری دەکۆڵییەوە و سەرنجی لەسەر چاندن و تەندرووستی گەشه و داهاتووی توخمه پێکهێنەرەکانی سیما بوو؛ دەگەڕا بۆ دۆزینەوە و پەیدا کردنی کەرەسته هونەرەییه بەسود و پێویستەکان، که دەبوونه هۆی لەدایکبوونی جۆری ئایدیاڵی شانۆییانه له ڕۆحی ئەکتەردا. ستانیسلاڤسکی بۆ بەدەستهێنانی زیاترین حەقیقەت و قوڵایی هەست له شانۆنامەکاندا هەوڵی دەدا هەم شێوه نمایشییەکانی دەرهێنان کەم بکاتەوە و هەم به تەواوەتی خۆی بۆ کارکردن لەسەر نواندن و ژیانی ناوەکی سیما و گەشەی هونەری نواندن تەرخان بکات. ستانیسلاڤسکی دەڵێت: "پیشتر هەموان هەوڵمان دەدا دیکۆر و پێداویستییه شانۆییەکان دەستەبەر بکەین و به ئەکتەرەکانمان دەگووت بەم چەشنه و بەو چەشنه نواندن بکە! بەڵام هەنوکه پاش ئەوەی دەبینین و تێدەگەین، ئەوەی بۆ ڕۆح و دەرونی ئەکتەر پیویسته دابینی دەکەین"(پالیاکووا، ٢٠١٧: ٨١). دیاره هەوڵ و گەڕانەکانی ستانیسلاڤسکی تا دوا ساڵەکانی کارکردنی بەردەوام بووه و له دواهەمین بەرهەمی ئەم خاوەن ڕێبازەی شانۆدا، پرسی جەسته وەک ڕێکارێکی فەرامۆشکراوی بەرهەمهێنانی نواندن دەکەوێته ناو بەرنامەی کارەکانیەوە: "نمایشەکان هێشتا خاوەن شێوازێکی تایبەت نەبوون، که به وردی ئەزموون و تاقی کرابێتەوه و ئەمەش بۆ خۆی ڕێگر بوو له گشتاندن و کارکردی سیستم له ژیاندا و دواجار دڵساردبوونەوه بەناوبانگەکەی شانۆی موخاتی بەرامبەر به نوێگەرییەکانی ستانیسلاڤسکی لێکەوتەوە. سەرنەکەوتنی لەم قۆناغەدا ستانیسلاڤسکی له کارکردن ڕانەگرت، به پێچەوانەوه به هێزێکی گەرموگوڕترەوه کەوته کارکردن و لێکدانەوەی سیستم، به تایبەت لەسەر ئەو بەشەی پەیوەندی به کارکردنی ئەکتەرەوه هەبوو لەسەر ڕۆڵ"(توپورکوف، ٢٠١١: ٤٣). هەر سەبارەت بەم بابەته دەوترێت: "ستانیسلاڤسکی نەیتوانیوه سەرجەم ئەم دابەشکارییەی دەق بۆسەر ئاست و مەودا و

تویژەکانی پەیڕەو بکات. وەک هونەرمەندێک هەرگیز بۆ ئەو لایەنەکانی ژیان، جوانیناسی، دەروونناسی و کرداری جەستەیی و ئەودوای چەمکەکانیتر، وەک یەکەی سەربەخۆ و جیاواز، بوون و مانایان نەبووە، بەڵکو ئەمانە بەردەوام پەیوەندییەکی نەپساویان بە ئەندێشە و شوناس و ناوەخنی بەرهەمەکە و میتائامانجەوە –، کە سەرجەم ئاستەکانی شانۆنامەکە پەیڕەویی دەکەن – هەیە"(صادقی، ٢٠١٥: ٢١).

دواتر، ستانیسلاڤسکی بێ ئەوەی چاوپۆشی لە بنەماکانی دابەشکردنی کارەکتەر بۆ سەر بڕگە و ئامانجەکان بکات، بۆچوونە روون و گوزارشتکارەکەی لە "ئامانجە بزوێنەرەکانەوە" گواستەوە بۆ (کردار): "بە باوەری ئەو، ئەو کردارانەی ئەکتەر بەرجەستەیان دەکات، بناغە و بنەمایەکی پتەو و دڵنیاترن بۆ ئەفراندن"(پوگی،١٩٧٤: ٣٨). ستانیسلاڤسکی بەمەبەستی پاراستنی لە دەستوەردانی ناوەختی دەرهێنەر، بەهایەکی شایستە دەبەخشێتە رەوتی سروشتی ئەفراندن لەناو خودی ئەکتەر. هەستی بێدەربەستی پاش یەکەمین خوێندنەوەی دەق، وەک یەکەمین کردەی ئەفرێنەرانەی ئەکتەر، بۆ ستانیسلاڤسکی بەنرخە؛ بەڵام بۆ رووکەشی سەرتاسەریی و رۆچوون بەناو شوناس و باری ناوەکی و ژیانی رۆحی بەرهەمدا، بەتەنیا ئەمە بەس نییە. ستانیسلاڤسکی هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بە پێچەوانەی شیکردنەوە و شرۆڤەی پراکتیکی، کە دواجار بیر و ئەندێشەی لێ دەکەوێتەوە، شیکردنەوە و شرۆڤەی هونەر تەنیا دەرک و ناسین نییە، بەڵکو هاندەری هەژان و هەست و سۆزەکانیشە. بۆیە دەڵێت: "درک و تێگیشتنی هونەریی بە زمانی شانۆ واتا هەستکردن. کەواتە گشتگیرترین ئامانجی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی هونەریی، بێدارکردنەوە و هاندانی هەستی هاوشێوەی هەستەکانی کارەکتەرە لە ئەکتەردا. لەم بارەیەوە لە کتێبی (تئوری استانیسلاوسکی در پرورش هنرپیشه؛ تیۆریی ستانیسلاڤسکی لە پەروەردەکردنی ئەکتەردا)، هاتووە: "ناسینی ژیانی شانۆنامە لە رێگەی ئەو توخمانەوە دەست پێدەکات، کە بۆ لێکۆڵەر ئاشکرا و بەردەستن: بابەت، رێکەوت و رووداوە

شانۆییەکان"(تاییدی، ٢٠١٣: ١٩). وەک ئاشکرایە قوتابخانەی هەست، کە بە ناوەکەیدا دیارە، هەست دەکاتە بناغەی ئەفراندنی نواندن، بەڵام بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بەم ڕێکارە دەڵێن: "سەرباری پێگەی ئەم شێوازە، نەیتوانیوە ڕەزامەندیی ستانیسلاڤسکی دەستەبەر بکات، لەبەر ئەوەی هەست وەک بنەڕەت و بنەمای ئەم شێوازە، توخمێکی نا ڕوون و نا بەردەست و ناپایەدار و نادڵنیاییە"(پیچز، ٢٠١٢: ٢٨). لە پاش تیۆرەکانی ستانیسلاڤسکییەوە، چەند تیۆرێکیتریش لەبواری نواندن پێشکەشکراون، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام گەڕانەوەی تیۆرە نوێیەکان بۆ بنەماکانی ستانیسلاڤسکی لە دونیای نمایش و نواندندا بە ئاشکرا دەبینین: "ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پێگەی بنەماکانی ستانیسلاڤسکی لە دونیای نمایشدا گونجانی ئەو بنەمایانەیە لەتەک ناوەخن و زاتی نواندن خۆی، کە ئەمەش پەیوەستە بە سەرنجبەریی کار و پیشەی ئەکتەریی لەلای خۆدی ئەکتەرەکان"(برشت، ٢٠١٥: ٣٦). بەوپێیەی ئەکتەر هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، باوەڕ بە کارەکتەرەکەی بهێنێت و بە چەشنێک پێشکەشی بکات، کە لە بەردەم بینەرانیش ببێتە جێگای باوەڕ و قبوڵی بکات، ئەوسا ئەکتەر خۆی بە سەرکەوتوو دەبینێتەوە، کە ڕۆڵەکەی ببێتە جێگای باوەڕ. بەڵام یەکێک لەو ڕێبازە نمایشییانەی، کە سەبارەت بە نواندن بۆچوونی جیاواز پێشکەش دەکات، ڕێبازەکەی برێختە: "ئەو فۆڕمە جیاوازەی نواندن، کە بەرامبەر بەم تیۆرە دەوەستێتەوە، کە ئەویش لە پاش جەنگی جیهانی دووەم و لە سەردەمی برێختەوە دەست پێ دەکات، ئەوە نواندنەیە، کە ئەکتەر لەمیانەیدا پێویستە بەردەوام هەست و سۆزەکانی خۆی تا ڕادەیەک بەدوور لە کارەکتەرەکەی ڕابگرێت و تەنانەت زۆرجار ڕەنگە کاری ئەکتەر دروستکراو و پیشەسازانە دەربکەوێت"(بندتی، ٢٠١٣: ٢٤). هەندێک لەو پرسیارانەی سەبارەت بە ئەفراندنی شانۆیی دەکرێت و ستانیسلاڤسکی بەنیاز بووە وەڵامیان بداتەوە، بە نهێنی مانەوە؛ هەندێکیان بە شێوەیەکی ڕووکەش پێشکەشکراون و بە کورتی باسکراون. ستانیسلاڤسکی هەندێ جار یەک پەیامی لە چەندین بابەتی جیاوازدا پێشکەش

کردووە و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر هیچ یەکیان نەداوە، وەک ئەوتریێ: "تەواونەکردنی فۆڕم و ناوەڕۆکی دەستنووسە چاپکراوەکان، لە کەموکوڕییە بێ چارەسەرەکانی دوا سەرنجەکانی ستانیسلاڤسکین دەربارەی هونەری نواندن"(چخوف، ٢٠١٥: ٤٧). کەواتە لە ڕێگەی تێگەیشتن لەم بۆچوونە جیاوازانە و پەیدابوونی ڕێباز و شێوەی جیاوازی کارکردنی نواندن لە لای خاوەن تێزەکانی وەک مێیرهۆڵد و برێخت و گرۆتۆڤسکی و هتد دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە سەرباری بنەڕەتیی بوونی قوتابخانەی هەست دەکرێت بە ڕەچاوکردنی میتۆدەکانی ئەو ڕێبازە و بەمەبەستی قووڵبوونەوەی زیاتر بەدوای ئەو ئیتۆدانەدا بگەڕێین، کە هاوشان لەتەک بۆچوونەکانی ستانیسلاڤسکی لێهاتووی ئەکتەر گەشە پێبدەن و خوێندکار و تەنانەت ڕاهێنەرەکانی نواندیش لە جۆرە پابەندبوونێکی ڕەها و چەقبەستوو بە ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی دەرباز بکەن.

### ٢ . ١ . ٦: گرنگی دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ.

**٢ . ١ . ٦ . ١: پێناسە و کارایی ئیتۆد:** پێش ئەوەی گرنگی دۆزینەوە و پێشنیازکردنی ئیتۆدەکانی ئەم توێژینەوەیە بخەینەڕوو، باشتر وایە ئیتۆد بناسێنین: "مانای ئەم وشەیە، کە بە فەرەنسی بەم شێوەیە دەنووسرێت (Etode) بەتایبەت لە بواری شانۆدا؛ بریتییە لەو بڕگانەی ڕاهێنان، کە ئامانج لە جێبەجێکردنیان بەرزکردنەوەی ئاستی نواندنی ئەکتەر و بنەبڕکردنی کەموکووڕیی تایبەت بە کاری نواندنە"(برناردی، ٢٠٠٩: ١٣٢). دەکرێت هەر جۆرە ئیتۆدێک تایبەت بە کەمکردنەوەی کەموکووڕییە تەکنیکییەکانی نواندن، یان بەمەبەستی گەشەپێدانی دەربڕینی ئەکتەر لە لایەن ڕاهێنەرانی وانەی نواندنەوە دابرێژرێت. هەروەها بەپێی سیستمی نواندنی هەر نمایشێک دەکرێت ئیتۆدی تایبەت بەو نمایشە دابڕێژرێت، کە زۆرجار لە نمایشەکاندا دەرهێنەر یان یاریدەرەکانی تایبەت بە نواندن ئەم ئیتۆدانە بەپێی داوای نمایشەکە

دادەڕێژن. لێرەدا بە جەختکردنەوەی لە دوا بۆچوونەکانی ستانیسلاڤسکی سەبارەت بە گرنگیدان بە لایەنی جەستە لە بنیادنانی نواندنی ریالیزمییانە و بە پشت بەستن بەوەی ستانیسلاڤسکی ریالیزمگەرا، سروشتگەرا و دامەزرێنەری شێوازێکی نواندن، خۆی دەربارەی سیستمەکەی دەڵێت: "ئەم سیستمە هیچ پەیوەندییەکی بە ریالزیم و شروشتگەراییەوە نییە؛ بەڵکو پرسیارێکە دەربارەی پرۆسەی بنەڕەتی ئەفراندنی مرۆیی. راستە هیچ یاسایەکی جێگیری ئەفراندن بوونی نییە مەگەر ناسینەوەی ئەو دۆخ و هەلومەرجانە نەبێت، کە دەبنە هۆی ئەفراندن. هەروەها بەمەبەستی رەخساندنی دەرفەتێک بۆ دەربڕینی مانا، سەبارەت بە کارکردن لەسەر ئاستی پێش دەربڕین، هیچ سیستمێکی جێگیر بوونی نییە. سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی یەک سیستمە، نەک هەموو سیستمەکان"(پالیاکووا، ٢٠١٧: ١٢٣). کەواتە گرنگی دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ بریتییە لە دداننان بەو راستییەدا، کە کەسی داڕێژەری ئیتۆدە نوێیەکان توانیویەتی لە بنەما گرنگەکانی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی تێبگات و دەرک بەو جیاوزییانەش بکات، کە لە دەرەوەی ئەم قوتابخانەیە، شیوازی کارکردنی جیاوازیان بەرهەمهێناوە. هەڵبەتە ئەم تێگەیشتنە دەبێتە هۆی ئەوەی لە هەلومەرجێکی کاتیی و شوێنیی جیاواز، لە سەردەمی بەرهەمهاتنی ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی، جۆرێک ئیتۆد دابڕێژین، کە بە جیا لە قووڵبوونەوەکانی ئەکتەر بۆ ناو دونیای تایبەت بە شوناسی ناوەکی کارەکتەر، شوناسێکی جەستەیی ببەخشێتە کارەکتەرەکان. لە ناو دونیای شانۆ هەریەک لە ستێلا ئادلەر و لی ستراسبێرگ، توانیویانە لەژێر سایەی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی و هەریەکەیان بەشێوەی خۆیان ئیتۆدی نوێ پێشکەش بە دونیای نواندن بکەن، کە ئەم شێوە کارکردنەی ئەوان بە شێوەی نواندنی میتۆد ناسراوە. تەکنیک و شێوەی نواندنی میتۆد وەک یەکێک لەو تەکنیکانە ناسراوە، کە لاینگری زۆری هەیە و ستێلا ئادلەر بە جەختکردنەوە لە لایەنە کۆمەڵناسییەکانی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی و لی ستراسبیرگیش بە جەختکردنەوە لە لایەنە دەروونناسییەکەی توانیویانە داڕێژەری ئیتۆدی نوێی سەر بە جیهانی

نواندنی واقیعی بن. دەتوانین بۆ پاڵپشتی ئەم مەبەستە ئاماژە بۆ چەند ئیتۆدێکی ستێلا ئادلەر بکەین، کە تایبەتن بە پەروەردەکردنی جەستە بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن، وەک لەم ئیتۆدەدا دەبینرێت: "**بۆ بەدیهێنانی چۆنییەتی بەکارهێنانی بیرەوەری ماسولکەیی، راهێنانەکانی خوارەوە بەکاربهێنن؛ دەرزییەکی راستەقینە هەڵبگرە، دەزوویەکی خەیاڵیی بکە بەناو دەرزییەکەدا یان بە پێچەوانەوە، بە بەکارهێنانی دەرزی و دەزووی راستەقینە، لێواری پارچە قوماشێکی خەیاڵی بدوورنەوە**". هەروەها بەمەبەستی گەشەپێدانی جەستە و دەنگ ستێلا ئادلەر ئەم ئیتۆدەی خوارەوەی پێشکەش کردووە: "**چ ئاژەڵێکت خۆش دەوێت، هەڵیبژێرە، سەرەتا ڕاهێنان لەسەر جووڵەی لەشی بکە، پاشان دەنگی ئاژەڵەکەی بۆ زیادبکە، کە لەسەر جووڵەی ئاژەڵەکە راهاتی، راهێنان لەسەر دەنگی ئاژەڵەکە بکە. مەترسە لەوەی وەک گاڵتەجاڕ دەرکەوی، راهێنان لەسەر چۆنیەتی کاردانەوەی گیان لەبەرەکان بکە؛ جەستە و دەنگی خۆتان بە شێوەی جیاواز بەکار بهێنن**"(ئادلەر، ٢٠٠٨: ٢٩،٣٠).

**٢ . ١ . ٦ . ٢: کارایی جەستە و بەرجەستەکردن:** چیتر ئەکتەر هەست دەکات چالاکی ئەقڵ و ئەندێشە و کردە خەیاڵییەکانی تەنیا بەس نییە و جەستە و ئەندامە دەرەکییەکانی پێویستیان بە هەڵبەستنی پەیوەندیی لەتەک ئەکتەری بەرامبەرە و هەست دەکات لەم قۆناغەدا، ئەو ریتم و نەوا گشتییەی لە هەناوی کارەکتەرەکەیدا هەستی پێکردووە یان گیانی بیستویەتی، هەنوکە دەبێت لە وشە و جوڵە و دۆخەکانی بتکێنەوە. دیارە پەڕینەوە لە قۆناغی هەست و هەژانی ناوەکی کارەکتەر و گەیشتن بە قۆناغی بەرجەستەکردن، هێندە ئاسان و سادە و راستەڕێ و بەتاڵ نییە لە کێشە: ئەوەی لە خەیاڵی ئەکتەردا بونیادنراوە و ژیاوەتەوە، زۆرجار لەتەک رەوتی هەولومەرجی واقیعی کردە شانۆییەکان ناگونجێت؛، کە لە ئەنجامی کاردانەوەی ئەکتەری بەرامبەرەوە پەیدادەبێت و لە ئەنجامیشدا ژیانی جەستەیی کارەکتەر دەشێوێت و کلێشەی پیشەگەرانە دەردەکەون. بۆ خۆپەرێزی و دورکەوتنەوە لەم مەترسییە، ستانیسلافسکی

ئامۆژگاری ئەکتەر دەکات بەبێ ئەوەی گوشار بخاتە سەر سروشتی ئەفرێنەرانەی، بەوریایی و وردەوردە لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەر و هەلومەرجی دیمەنەکان پەیوەندی زیندوو دروستبکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، باوەڕبوون بە پێشکەشکردنی (ئیتۆد) بەپێی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت. ئەم ئیتۆدانە یارمەتییەکی شایان پێشکەش بە گرێدان و ڕێکخستنی ناسکترین ڕەوتی پەیوەندی دەرونیی لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەر دەکەن. لێرەدا بە ئاماژەکردن بۆ کتێبی (کارکردنی ئەکتەر لەسەر رۆڵ) بۆچوونەکانی ستانیسلاڤسکی سەبارەت بە جەستە دەناسین و لەم ڕێگەیەشەوە هەوڵدەدەین ئیتۆدی گونجا بە ڕاهێنانە جەستەییەکان بخەینەڕوو؛ ستانیسلاڤسکی لە شێوازە ئەفرێنەرانە شانۆییەکانی خۆیدا مامەڵەکردنێکی ڕەهای دەروونناسانە بەرامبەر بە کارەکتەر و نمایش جیبەجێ دەکات، بەڵام لێرەدا خوێندنەوەی نوێ بۆ شێوازە کۆنەکەی خۆی دەکات و بەر ڕێگایەکی نوێ و ڕەسەنی بونیادنانی نمایش و کارەکتەر دەکەوێت. هەوڵدەدات ئەکتەر لە پیشەگەریی و فۆڕمگەرایی ئەفراندن رزگاربکات، لە بەرامبەردا هەوڵدەدات، تا دەکرێت سەرنجی ئەکتەر بۆ سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ورد و بەرجەستەی جەستەیی کارەکتەر ڕابکێشێت. بۆ نمونە ئامۆژگاری ئەکتەر دەکات و دەڵێت: "پڕۆڤە لەسەر بچوکترین و لاوەکیترین ئەو کردارانە بکە، کە پەیوەندیان بۆ نموونە بە پارە ژماردنەوە هەیە. ژماردنی وردبینانەی پارە، وردبینیکردنی پسوڵە و بەڵگەکان، تێبینی نووسین لەسەر دۆسییەکان و کاری لەم چەشنە"(بندتی: ٢٠١٣: ٢٦). لە ڕێگەی تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی ستانیسلاڤسکی سەبارەت بە کارایی جەستە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم کاراییە پێویستی بە کارکردنی ئەکتەر هەیە لەسەر جەستەی وەک ئەندامێکی گرنگ و بنەڕەتیی نواندنی ئەفرێنەرانە. ستراس برگ لەم بارەیەوە دەنووسێت: "ستانیسلاڤسکی جەختی دەکردەوە، کە ئەکتەر لە ڕێگەی هەستکردن بە حەقیقەتی بچووکترین کردەی ساکاری جەستەیی لەسەر شانۆ، ئەوە فێردەبێت، کە چۆن خۆهەستپێکردنی سروشتیی ئەفرێنەر لەخۆیدا بهەژێنێت. ستانیسلاڤسکی باوەڕی بەوە هەبووە،

که کارکردن لەسەر کردە ساکارە جەستەییەکان بۆ بونیادنانی ژیانی ئەندامیی (ئۆرگانیی) ئەکتەر لەناو کارەکتەردا، تەواوکاریی سیستمەکەیەتی، کە لەو سەردەمەدا کردارە جەستەییەکان، هێشتا رۆڵێکی لاوەکییان لەمەدا هەبووە. (ستراس برگ، ٢٠٠٢: ٤٦). کردارە جەستەییەکان لەبری ئەوەی دەربڕینی دەرەکی شوناسی ناوەکی رەفتاری شانۆیی ئەکتەر بن، زیاتر رۆڵێکی لاوەکیان هەبووە. هەر بۆیە دواجار ستانیسلاڤسکی زیاتر بایەخ بە گرنگی و کارایی پراکتیکی ئەم شێوازە دەدات و بە "کارکردن لەسەر روی دەرەوە" ناوی دەبات، کە ئەم پراکتیک کردنە، پێویستی بە کارکردنی ئەکتەر هەیە لەسەر ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ کارەکتەرەکەی: "ئیتۆدەکان یارمەتی ئەکتەر دەدەن بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی لەناو پرۆسەی ئەفراندندا بهەژێت"(هاج، ٢٠١٧: ٣٣). تێگەیشت لەوەی کردارە شانۆییەکان نەتەنیا دەتوانن ژیانی ناوەکی کارەکتەر بەرجەستە بکەن، بەڵکو کاریگەریی لەسەر ئەم ژیانە جێدەهێڵن و دەبنە هۆی خۆهەستپێکردنی ئەفرێنەرانەی ئەکتەر لەسەر شانۆ. ئەم پەیوەندییە دوولایەنە یاسامەندە، کە بە مەرجی کار و کاردانەوەی کردارە دەرونی و جەستەییەکانە بەرامبەر بە یەک کارایە، لە سەرچاوەیەکی سروشتیەوە هەڵقوڵاوە و ستانیسلاڤسکی ئەمەی بە بنەما و بنەڕەتی شێوازی نوێی کاری ئەفراندنی خۆی داناو: "ئەو دابەشکردنەی کردار بۆ سەر ناوەکی و دەرەکی، کە پێشتر جێبەجێی دەکرد کۆنە، لەبەرئەوەی (کردار) پرۆسەیەکی جیاواز و ئۆرگانیکییە و لەوێدا، واتا لەناو کرداردا، هەم (سروشتی دەرونی) و هەم (سروشتی جەستەیی) ئەوەندەی یەک کاران". لەبەر ئەمەشە بە جیاواز لە کارکردنی قوتابخانەی هەست، کە لە بنەڕەتەوە بۆ بەرجەستەکردنی کارەکتەر پێشنیازی ئەوە دەکات، ئەکتەر لە هەستەوە دەستپێبکات، ستانیسلاڤسکی باس لە کارایی جەستە دەکات، وەک بنەڕەتی کارکردنی ئەکتەر، ئەوەتا لەبری پرۆسەی ناوەکی کردار، (گ. کرسیتی) لەم بارەیەوە دەنووسێت: "ستانیسلاڤسکی، لەدوا قۆناغەکانی کارکردنی لەسەر رێبازەکەی گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی، جەستە هێندەی هەست بۆ ئەکتەر لە بونیادنانی رۆڵەکەیدا

گرنگ و بنەرەتییە"(استانیسلاوسکی، ٢٠١٨: ٨٩، ١١٢). کەواتە دەتوانین بڵێین، هەموو کەسێک ئازادە ئەم سیستمە پەسەند نەکات، بەڵام دەکرێ ڕێگاکانی پەسەند بکات، بەو مەرجەی زەین و جەستەی ئەکتەر بتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی بوونی خۆی بدۆزێتەوە. مەبەستی ستانیسلاڤسکی لە ناونیشانی کرداری جەستەیی، کردەی میکانیکی جوڵەی باوی ماسولکەیی دەست و پێ و سەر و گەردن نییە. بەڵکو مەبەستی کردەی ئۆرگانیکییە، ئەوەی پەیڕەوی لە ناخ دەکات و ویست و ئامانجێکی لەپشتە، کە ئەمەش بەبێ بوونی لۆژیک و ئاگایی و ئیرادە و هەست و توخمەکانی خۆهەستپێکردنی ئەفرێنەرانەی ئەکتەر دەستەبەرنابێت. (فیلیپ زرایلی) جەخت دەکاتەوەو دەنووسێت: "لە هەموو کردەیەکی جەستەییدا، بەو مەرجەی کردەکە میکانیکی نەبێت، بەڵکو لە ناخەوە سەرچاوەی گرتبێت، کردەیەکی ناوەکی هەست خۆی حەشارداوە"(زرایلی، ٢٠١٨: ٥١). هەر سەبارەت بە کارایی جەستە و هەوڵی ئەم توێژینەوەیە بۆ داڕشتنی ئەو ئیتۆدانەی دەبنە یارمەتیدەری کارایی جەستە و لەپاڵ میتۆدی قوتابخانەی هەست، پەرە بە لێهاتووی ئەکتەر دەدەن، دەتوانین ئەم نووسینەی (بندتی) بە نموونە وەربگرین: "ستانیسلاڤسکی داوا لە ئەکتەر دەکات بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێت: لە هەلومەرجی هەنوکەدا، چ کارێکی جەستەیی ئەنجام دەدات؟ یان دەیەوێت چی بکات؟ (لێرەدا بە هیچ شێوەیەک باسی هەست نەدەکرا"(بندتی، ٢٠١٣: ٤٣). سەرنج بدەن دەڵێت دەبێت بە جەستە جێبەجێ بکرێن نەک هەستیان پێبکات، لەبەرئەوەی هاوشانی جێبەجێکردنی کرداری ڕاست و دروستی جەستەیی، هەستی ناوەکی خۆڕسکانە پەیدادەبێت و خۆی دەنوێنێت. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ڕێگاکە ببڕین، واتا بیر لە هەست و بەزۆر دەرهێنانی بکەینەوە، دەبینین ئەم گوشار و زۆرلێکردنە چ هەڵەیەکی لێدەکەوێتەوە؛ هەست و هەژان دەگۆڕێن بە لاساییکردنەوە و ساختەکردنی ژیان و کردارەکانیش دەگۆڕێن بە خۆنواندن و ئەتوار. شێوەی پێشنیازکراوی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەر لەڕێگای "ژیانی جەستەیی مرۆڤەوە" بۆ ستانیسلاڤسکی

لەبەر ئەمەش جێگەی بایەخە، کە یارمەتی ئەکتەر دەدات چاو لە دابەشکردن و پارچەپارچە کردنی ناسروشتی و ناپێویستی پرۆسەی ئەفراندنی کارکردنی ئەکتەر بپۆشێت، کە بریتییە لە قۆناغەکانی ناسین، هەست، بەرجەستەکردن و کاریگەریی؛ کە پێشتر کاری پێ دەکرد و بۆ تێگەیشتن لە ئەفراندن وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و پرۆسەیەکی ئۆرگانیکی تەماشای کردووە. ئەو وەک رابردوو گرنگییەکی زۆر بە کاریگەریی راستەوخۆی یەکەمین خوێندنەوەی شانۆنامە لەسەر ئەکتەر دەدات و تا ئەو کاتەی ئەکتەر پەیوەندییەکانی خۆی و دەق و کارەکتەرەکەی نەدۆزیبێتەوە، هەوڵدەدات ئەکتەر لە زیانی هەر جۆرە بۆچوونێکی لاوەکی و پێشبینی و سەپاندن بپارێزێت. بەڵام خوێندنەوەی نوێی بۆ زۆربەی ئەو پێشنیاز و پرسە تازانە کردوە، کە وەک تەواوکاری دەقە بنەڕەتییەکە یارمەتیدەری ئەکتەرن بۆ بونیادنانی ژیانی جەستەیی کارەکتەرەکەی، بۆ نموونە، لە کاتی پەرەپێدانی شیکار و شرۆڤەی شانۆنامەکە بەپێی رەوت و چوارچێوەی پێشوو، واتا ریزبەندکردنی برگە و ئامانجەکان، جەخت دەکاتەوە، کە: **"باشتر وایە ئەم شێوازی شیکار و شرۆڤەکردنە نە لە یەکەمین قۆناغی کارکردن لەسەر دەق، بەڵکو پاش ئەوەی رێڕەوی "ژیانی جەستەیی مرۆڤ" دەستنیشانکرا، بەکاری بهێنێت. ستانیسلاڤسکی سورە لەسەر ئەوەی: "ژیانی جەستەیی مرۆڤ بۆ چاندن و دروێنە کردنەوەی بەری ژیانی ناوەکی ئەکتەر، زەویەکی بەپیت و بەرەکەتە"**(پالیاکووا، ٢٠١٧: ٩٨). بەم شێوەیە، ستانیسلاڤسکی جەخت دەکاتەوە: "ئەقڵ هەست و هەست ئیرادە و ئیرادەش لەپێناو کرداردا، هەوڵەکانی ئەکتەر دەجووڵێنن. تێگەیشتن لەوەی شێوە کۆنەکەی مامەڵەی دەروونناسانە لەگەڵ کارەکتەر جیاوازە لە شێوە تازەکەی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەر بەپێی لۆژیکی کردارە جەستەییەکان، ئەوەندە ئاستەم نییە"(توپورکوف، ٢٠١١: ٨٣). هەرچەندە دەستکەوتەکانی ستانیسلاڤسکی وەک ئەکتەر و دەرهێنەر گەلێک گەورە بووە، بەڵام گرنگترین بەشداریی ئەو لە دونیای نمایشدا، لەبەر ئەو تیشکەیە، کە دەیپرژێنێتە سەر تەکنیکی نواندن. نواندنی سیستم، کە ئەو داهێنەریەتی لەسەر

بنەمای راهێنانی گونجاو لەتەک پێداویستییەکانی نەتەوە جیاوازەکان گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینییەوە، کە پێشتر باسمان لە چۆنیەتی کارکردنی ئەمریکییەکان کرد لەسەر ئەو ڕێبازە، و هەروەها بە پێویستی دەزانین سەبارەت بە کارایی ئیتۆدەکان لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی ئەکتەر باس لەوە بکەین، کە ئیتۆدی نواندن راهێنانێکی گەلێ کاریگەر و بەسوودە، کە دەتوانین زۆر بە سادەیی بڵێین، ئیتۆدەکان بەرجەستەکردنی رۆڵەکانن بە شێوەیەکی راگوزەر. لەم بارەیەوە (برناردی) دەنووسێت: "هەروەها ئیتۆدەکان لە راستیدا نمایشکردنی بیرۆکەی تایبەت بە کارەکتەرەکانن، کە دەکرێت یەکێکیتر لە کارابیەکانیان بریتیی بێت لەو هەلەی، کە دوای جێبەجێکردنیان دەیبەخشنە ئەکتەرو راهێنەر و دەرهێنەرەکان بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو رۆڵانەی بڕیارە بەرجەستە بکرێن"(برناردی، ٢٠٠٩: ٤٢). دیارە، کە باس لە گرنگی ئیتۆدە شانۆییەکان دەکەین دەبێت ئەوەش فەرامۆش نەکەین، کە ئەم باسە پەیوەستە بە باسی راهێنانەکانی نواندنەوە، کە باسێکی نوێیە و پەیوەستە بە سەدەی بیستەمەوە. لەم بارەیەوە (ئەکیسۆن هاج) دەنووسێت: " بابەتی پەروەردەکردن و راهێنانی ئەکتەر لە رۆژئاوا و ئەمریکاش دیاردەیەکی تایبەتە بە سەدەی بیستەم و لە رێگەی ئیتۆدەکانەوە گەیشتۆتە ئاستێک، کە توانیویەتی فۆرم ببەخشێتە چەمکی رۆڵی ئەکتەر و بونیادی کارەکتەر و لە ئەنجامیشدا سەرتاپای رەوتی نمایش"(هاج، ٢٠٢٠: ٩). کەواتە گرنگی ئیتۆدەکان لە پەروەردەکردنی ئەکتەر، کە زۆربەی نوێگەرەکانی بواری نواندن و لە پێش هەموویانەوە ستانیسلاڤسکی بەکاریانهێناوە، گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنە. ئەوەتا (لی ستراسبێرگ)یش بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە ئیتۆدی تایبەتی نمایشیی وەرگرتووە. دیارە (ستراسبێرگ) خوازیاری کاریگەریی دانانە لەسەر دەروونی بینەر. ئەو بە جەختکردنەوە لە زەمینەی دەروونناسی و ئەدەبیات هەوڵی دۆزینەوەی رێگەیەکی دەدا بۆ گەیشتن بەو خواستەی. (ستراسبێرگ) لەو باوەڕەدا بوو، کە خووەکانی ئاخافتن لە منالییەوە بە تێپەڕینی کات لە مرۆڤەکاندا دەردەکەون. مناڵ هەستەکانی تەنها بە هۆی

غەریزە، کەسایەتی و توانایيە خۆڕسکە سۆزدارییەکانییەوە دەرنابڕێت، بەڵکو لە زۆر بواردا خێزان و جەبری ژینگەیی ئەوەی بەسەردا دەسەپێنن، بەرامبەر بە رووداوەکان چۆن کاردانەوە بنوێنێت. بۆ ئەکتەر ئەم خووانەی دەربڕین دەبنە هۆی کێشە بۆی، ئەمانە لە راهاتن و ئەزموونی تاکە کەسییەوە سەرچاوە دەگرن و لە کۆتاییدا دەبنە هۆی دروستبوونی جۆرە رەفتارێکی خۆنەویستانە، کە لێرەدا (ستراسبێرگ)یش بە پێشنیازکردنی جەند ئیتۆدێک رێگە بۆ ئەکتەر دەکاتەوە خۆی لە دەست ئەو راهاتن و خووپێوەگرتنانە دربازبکات. هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: "کارکردنی من لەسەر ئەکتەر کەمکردنەوەی ململانێ و هەژانەکان نییە، بەڵکو من لە رێگەی ئیتۆدەکانمەوە یارمەتی ئەکتەر دەدەم، ئەم هێزانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و هەروەها وێنەیان پێ ببەخشێت و بیانخاتە خزمەتی رۆڵەکەیەوە"(ستراس برگ، ٢٠٠٢: ٢٤) .

## ٢ . ٢: توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢ . ٢ . ١: خستنە رووی توێژینەوەکان

#### ٢ . ٢ . ١ . ١: توێژینەوەی المطیری (٢٠٠٩)

**(النمذجة و أثرها في تطوير المهارات التمثيلية لطبة كلية الفنون الجميله- قسم الفنون المسرحية/ نموونەسازی و کاریگەری لە پەرەپێدانی لێهاتووییە نمایشییەکانی خویندکارانی کۆلێژی هونەرەجوانەکان- بەشی هونەری شانۆ)**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوە تیۆرییەکەیدا باس لەوە دەکات، کە پەرەسەندنی خێرا و یەک لەدوای یەک لە سەرجەم بوارە پەروەردەیی و تەکنۆلۆژییەکان لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەیە، نابێت بەرنامەکانی خوێندن تەنها لەسەر چەندایەتی زانیارییەکان چڕ ببنەوە و گرنگی و بایەخ بەو رەفتارە نەدەن کە دەرئەنجامی چۆنایەتی زانیارییەکانە، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە پێویستە روناکی بخەنە سەر ئەو رێگە نوێیانەی وانەوتنەوە کە دەرفەتی ئەوە

دەبەخشنە خوێندکاران بگەنە زانیاری نوێ و لەو میانەیەشدا هەوڵی گۆڕینی ئەو ڕێگایانە بدەن کە تەنها پشت بە لەبەرکردن دەبەستن، بە ڕێگا و شێوازی نوێ، کە دەبنە هۆی گەشەسەندنی هێزی بیرکردنەوە و داهێنان لای خوێندکاران، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پراکتیکی و پەروەردەیی کە دامودەزگا پەروەردەییەکانمان هەوڵی لەپێناودا دەدەن. پراکتیزەکردنی ئەم جۆرە ڕێگایانە لە بواری هونەر و بەتایبەت لە بواری نواندن ڕووبەڕووی ئەم کێشەیەمان دەکاتەوە، کە (ئایا وەرگرتنی ڕەفتارگەلی نوێ لە ڕێگای شێوازی "نموونەسازی" کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی بەشی شانۆ دادەنێت؟)

هەر بۆیە توێژەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەستاوە بە پێشکەشکردنی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "نموونەسازی و کاریگەری لە پەرەپێدانی لێهاتووییە نمایشییەکانی خویندکارانی کۆلێژی هونەرەجوانەکان- بەشی هونەری شانۆ"، کە ئەم ئامانجانەی لەخۆگرتووە: ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی- فێرکاریی لەسەر شێوازی نموونەسازی بۆ وانەی نواندنی قۆناغی یەکەمی بەشی شانۆ. چوارچێوەی تیۆریی ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، کە هەر یەکەیان پەیوەندی بنەڕەتییان بە کێشەی باسەکەوە هەیە و بریتیین لە: سەرهەڵدانی تیۆری فێربوون بە نموونەسازی و پەیوەندی بە تیۆرییەکانیترەوە، شێوازی کارکردنی مامۆستا سەبارەت بە بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکانی بواری پەیوەندیی فێرکاری، بەگەڕخستنی شێوازی نموونەسازی لە چوارچێوەی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی. لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە، کە شێوازی نموونەسازی، ڕێگایەکی سەرکەوتووە لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن و ئەو دەرفەتە دەبەخشێتە خوێندکارانی بەشی شانۆ کە لە ڕێگەی فێربوونی زاتییەوە گەشە بە لێهاتوویەکانی نواندنیان بدەن، هەروەها بە کردنەوەی دەرگای نوێ بە ڕووی جیهانی شانۆ بە گەشتی، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی خوێندکاران جێدەهێڵێت.

**٢. ٢. ١. ٢: توێژینەوەی حسين (٢٠١١)**

**(فاعلية طريقة ستانسلافسكي في تنمية مهارات التمثيل لدى تلامذة المرحلة الابتدائية/ كاریگەری شێوازی ستانیسلاڤسکی لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی.)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و دیاریکردنی کاریگەری شێوازی ستانیسلاڤسکی لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتاییە، بۆ ئەم مەبەستە میتۆد و ڕێبازی ئەزمونی بەکارهێناوە، چونکە دیزاینی ئەزمونی لەگەڵ یەک گروپ هەڵبژێردرا، لەگەڵ هەردوو تاقیکردنەوەی پێش و دوای. نموونەی توێژینەوەکە لە دوو قوتابخانەی بنەڕەتی لە قەزای بەعقوبە بە مەبەست هەڵبژێردرا، پاشان ٢٠ قوتابی نێر و مێ لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم لە هەردوو قوتابخانەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، کە پێکهاتبوون لە ١٠ خوێندکاری نێر و ١٠ قوتابی کچ بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٠-٢٠١١). ئامرازێک بۆ پێوانەکردنی لێهاتوویی نواندنی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی دروستکرا، لەسەر بنەمای ئەو سەرچاوە و ئەدەبیاتەی کە مامەڵە لەگەڵ لێهاتووییە دەنگی و جەستەییەکان دەکات، لەگەڵ بۆچوونی پسپۆڕانی پەروەردەی هونەر، بەتایبەت هونەری نواندن و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی پێوەرەکە. ئەنجامی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەی دەرخست:

١) جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونکراو لە دوو تاقیکردنەوەی کارامەیی پێش و دوای تاقیکردنەوەدا هەیە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی دوای تاقیکردنەوەکە، بەم شێوەیە ڕوونە، کە شێوازی ستانیسلاڤسکی کاریگەرییەکی ڕوونی لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی قوتابخانەی سەرەتایی هەیە.

٢) جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان مامناوەندی نمرەی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی دوای ئەزمونەکەدا نییە، بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و نمرە.

**٢. ٢ . ١ . ٣: توێژینەوەی (٢٠٢٠)**

**(أثر برنامج التدريب بالتغذية الراجعة في اعداد الممثل الاكاديمي للدور/ كاریگەریی بەرنامەی ڕاهێنان بە فیدباک لە ئامادەکردنی ئەکتەری ئەکادیمی بۆ رۆڵ )**

فۆرمی ڕاهێنان (پڕۆڤە) بەردی بناغەی بنیاتنانی ئەو کارەکتەرە شانۆییەیە کە ئەکتەر لەسەر شانۆ نمایشی دەکات و ئەم گرنگییە پێویستی بەوەیە کە ئەکتەر سەرەتا خۆی وەک سوبێکتێکی مرۆیی ئامادە بکات و پاشانیش کارەکتەرەکە وەک کردەیەکی داهێنەرانەی بەرجەستەکراو ئامادە بکات.

ڕۆڵی شانۆیی لەسەر بنەمای یەکەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانکاری لە دەقی ئەدەبیەوە بۆ بەرجەستەکردنی شانۆیی دامەزراوە، ئەمەش پێویستی بە دروستکردنی ڕۆحێکی مرۆیی هەیە بۆ ئەم ڕۆڵە، کە ئەمەش پێویستی بەوەیە لەمیانەی کارکردن لەناو یەکە هونەرییەکان، ئەکتەر رۆحە مرۆییەکەی کارلێک لەگەڵ بوون و نەبوونیدا بکەن بە مەبەستی فۆرمولەکردنی... نمایشی شانۆیی.

لەسەر بنەمای ئەو گرنگییەی ڕاهێنان لەسەر گەشەپێدانی دەربڕین و نواندن هەیەتی، پەیمانگە و کۆلێژە شانۆییەکان کە بەشێوەیەکی گشتی شانۆ و نواندن بە تایبەتی دەخوێنن، وەک ئەو کەرەستە دینامیکییە، ئەکتەر مرۆڤ دەبینن، کە پاڵنەری ژیانی نمایشی شانۆییە و ئەو رۆحی پەیوەندیەیە کە پەیوەندی راستەوخۆ و زیندوو لەگەڵ وەرگر دروست دەکات.

**٢ . ٢ . ١ .٤: توێژینەوەی حسین (٢٠٢١)**

**(بنا برنامج للتدريب الذهنى للطلبه قسم الفنون المسرحيه لتطوير ادا الممثل/ دانانی پڕۆگرامی راهێنانی زەینی بۆ خوێندکارانی بەشی شانۆ بۆ گەشەپێدانی دەربڕینی ئەکتەر)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بونیادنان و دروستکردنی بەرنامەیەک بۆ راهێنانی زەینی خوێندکارانی بەشی شانۆ بۆ گەشەپێدانی دەربڕینی ئەکتەر و بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە،

دەست بۆ لێکدانەوەی چەمکی ڕاهێنانی زەینی و لێهاتووییە بنەڕەتییەکان و گرنگییەکانی دەبات بۆ ئەکتەری شانۆ لە ڕوانگەی بایەخدان بە سیما ڕەفتارییەکان لای ئەکتەر و تایبەتمەندییەکانی لەناو ڕاهێنانە زەینییەکان. هەروەها لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سەلماندنی کارایی بەرنامەی ڕاهێنانی زەینییە لە باشترکردنی ئاستی توانای نواندنی خوێندکارانی بەشی شانۆ بۆ ئەکتەر و گەشەپێدانی لێهاتووییە زەینییەکانیان و بەدڵنیاییەوە پێوەری ڕاهێنانی زەینی دەتوانێت ئاستی لێهاتووییە ئەقڵیەکانی ئەکتەری شانۆیی بپێوێت.

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوە تیۆرییەکەیدا باس لەوە دەکات، کە بونیادی دەربڕینی شانۆییانە بەپێی شێواز و تێزە جیاواز و فرەرەنگەکان لەسەرجەم لایەنەکانییەوە گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، لەم میانەیەشدا و لە سایەی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی و زانستی، بنەما و چەمکە زانستییەکان لەناو عەقڵیەتی ئەکتەردا پەرەیانسەندووە، وەک چۆن زۆربەی ڕاهێنەرەکان جەخت لە ڕاهێنانە جەستەییەکان دەکەنەوە و گرنگی ئەوتۆ بە ڕاهێنانە زەینییەکان نادەن، کە دەبنە هۆی گەشەسەندنی لێهاتووییەکانی نواندنی ئەکتەر، کە توێژینەوەکە ئەمەی وەک کێشە توێژینەوەکە دەستنیشان کردووە و باس لەوە دەکات، کە ئەم کێشەیە پێویستی بە گەڕان و دانانی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو هەیە، کە لە ڕێگەی ڕاهێنانی زەینی و پەرەپێدانی ئاستی دەربڕین و نواندنی ئەکتەرەوە کە خۆی سەرچاوەی کێشەکەیە چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە. وەک چۆن کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی بەرنامەیەکی پێشنیازکراو بۆ ڕاهێنانی زەینی و پەرپێدانی ئاستی دەربڕینی ئەکتەر دەخولێتەوە. کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە پێشکەش دەکرێت: ئایا کاریگەرییەکانی ئیدراکی زەینی لەسەر پەرەپێدانی دەربڕین و نواندنی ئەکتەری شانۆیی لەناو بەرنامەیەکی پێشنیازکراو چییە؟ ئایا کارتێکەرە زەینییەکان کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر توانای لێهاتووییەکانی ئەکتەر لەناو دەربڕینی شانۆییانە هەیە؟

**٢ . ٢ . ٢: بەراورد كردنى توێژینەوەكانى پێشوو.**

**٢ . ٢ . ٢ . ١: لە رووى كات و شوێن:**

توێژینەوەی (**النمذجة و أثرها في تطوير المهارات التمثيلية لطبة كلية الفنون الجميله- قسم الفنون المسرحية**/ نموونەسازی و کاریگەری لە پەرەپێدانی لێهاتووییە نمایشییەکانی خوێندكارانى كۆلێژى هونەرەجوانەكان- بەشى هونەرى شانۆ) كە ماستەرنامەى (المطيرى، وسام احمد شهاب/ **زانكۆى بابل/ كۆلێژى هونەرەجوانەكان/ شانۆ/** ٢٠٠٩) و هەروەها توێژینەوەی: (**فاعلية طريقة ستانسلافسكي في تنمية مهارات التمثيل لدى تلامذة المرحلة الابتدائية**/ کاریگەرى شێوازى ستانیسلاڤسكى لە پەرەپێدانی لێهاتووییەكانى نواندنى خوێندكارانى قۆناغى سەرەتايى)، كە ماستەرنامەى: حسين، حسين محمد على/ **زانكۆى دياله/ كۆلێژى پەروەردەى بنەڕەت/ بەشى پەروەردەى هونەر**/٢٠١١) و هەروەها توێژینەوەی: (**أثر برنامج التدريب بالتغذية الراجعة في اعداد الممثل الاكاديمي للدور/ كاريگەريى بەرنامەى راهێنان بە فیدباك لە ئامادەكردنى ئەكتەرى ئەكاديمى بۆ رۆڵ**) كە ماستەرنامەى:الكنانى، على حسن/زانكۆى بەسرە/ كۆلێژى هونەرەجوانەكان/بەشى شانۆ/ نواندن/٢٠٢٠) و هەروەها توێژینەوەی: (**بنا برنامج للتدريب الذهنى للطلبه قسم الفنون المسرحيه لتطوير ادا الممثل**/ دانانى پرۆگرامى راهێنانى زەينى بۆ خوێندكارانى بەشى شانۆ بۆ گەشەپێدانى دەربڕينى ئەكتەر)، كە ماستەرنامەى (حسين، حيدر محمد/ **زانكۆى بابل/ كۆلێژى زانستە مرۆييەكان**/٢٠٢١)، ئەنجامدراون.

**٢ . ٢ . ٢ .٢: لە رووى ئامانج:**

"رووناكى دەخەنە سەر ئەو رێگە نوێيانەى وانەوتنەوە كە دەرفەتى ئەوە دەبەخشنە خوێندكاران بگەنە زانيارى نوێ و لەو ميانەيەشدا هەوڵى گۆڕينى ئەو رێگايانە بدەن كە تەنها پشت بە لەبەركردن دەبەستن، بە رێگا و شێوازى نوێ، كە دەبنە هۆى گەشەسەندنى هێزى

بیرکردنەوە و داهێنان لای خوێندکاران، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پراکتیکی و پەروەردەیی کە دامودەزگا پەروەردەییەکانمان هەوڵی لەپێناودا دەدەن." (المطيرى، ٢٠٠٩). "ناساندن و دیاریکردنی کاریگەری شێوازی ستانیسلاڤسکی لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتاییە" (حسين، ٢٠١١). " ناساندنی ئەو گرنگییەی راهێنان لەسەر گەشەپێدانی دەربڕین و نواندن هەیەتی"(الكنانى ،٢٠٢٠). "بونیادنان و دروستکردنی بەرنامەیەک بۆ راهێنانی زەینی خوێندکارانی بەشی شانۆ بۆ گەشەپێدانی دەربڕینی ئەکتەر" (حسين، ٢٠٢١).

**٢ . ٢ . ٢ . ٤: لە رووی میتۆد:** جگە لە توێژینەوەی (فاعلية طريقة ستانسلافسكي في تنمية مهارات التمثيل لدى تلامذة المرحلة الابتدائية/ کاریگەری شێوازی ستانیسلاڤسکی لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی.) کە میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە، توێژینەوەکانیتر میتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە.

**٢ . ٢ . ٢ . ٥: لە رووی کۆمەڵگە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەی (النمذجة و أثرها في تطوير المهارات التمثيلية لطبة كلية الفنون الجميله- قسم الفنون المسرحية/ نموونەسازی و کاریگەری لە پەرەپێدانی لێهاتووییە نمایشییەکانی خویندکارانی کۆلێژی هونەرەجوانەکان- بەشی هونەری شانۆ)، بریتییە لە خوێندکارانی کۆلێژی هونەرەجوانەکان/ بەشی شانۆ. کۆمەڵگەی توێژینەوەی (فاعلية طريقة ستانسلافسكي في تنمية مهارات التمثيل لدى تلامذة المرحلة الابتدائية/ کاریگەری شێوازی ستانیسلاڤسکی لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی.) بریتییە لە نموونەی توێژینەوەکە لە دوو قوتابخانەی بنەڕەتی لە قەزای بەعقوبە بە مەبەست هەڵبژێردرا، پاشان ٢٠ قوتابی نێر و مێ لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم لە هەردوو قوتابخانەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، کە پێکهاتبوون لە ١٠ خوێندکاری نێر و ١٠ قوتابی کچ بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٠-٢٠١١). کۆمەڵگەی توێژینەوەی (أثر برنامج التدريب بالتغذية الراجعة في

اعداد الممثل الاكاديمي للدور/ کاریگەریی بەرنامەی راهێنان بە فیدباک لە ئامادەکردنی ئەکتەری ئەکادیمی بۆ رۆڵ) بریتییە لە خوێندکارانی بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی بەسرە. کۆمەڵگەی توێنیەوەی (بنا برنامج للتدريب الذهني للطلبه قسم الفنون المسرحيه لتطوير ادا الممثل/ دانانی پرۆگرامی راهێنانی زەینی بۆ خوێندکارانی بەشی شانۆ بۆ گەشەپێدانی دەربڕینی ئەکتەر) بریتییە لە خوێندکارانی بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی بابل.

**٢ . ٢ . ٢ .٦: لە رووی دەرئەنجام:**

"رێگایەکی سەرکەوتووە بۆ پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن و ئەو دەرفەتەی دەیبەخشنە خوێندکارانی بەشی شانۆ، کە لە رێگەی فێربوونی زاتییەوە گەشە بە لێهاتوویەکانی نواندنیان بدەن" (المطيری، ٢٠٠٩)، هەروەها: "شێوازی ستانیسلاڤسکی کاریگەرییەکی روونی لە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی قوتابخانەی سەرەتایی هەیە." (حسين، ٢٠١١). هەروەها: "راهێنانی شانۆیی کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتوویەکانی نواندن هەیە" (الكنانی ، ٢٠٢٠). هەروەها: "بەرنامەی راهێنانی زەینیی بۆ باشترکردنی ئاستی توانای نواندنی خوێندکارانی بەشی شانۆ و گەشەپێدانی لێهاتووییە زەینییەکانیان، بەرنامەیەکی کارایە" (حسين، ٢٠٢١).

**٢ . ٢ . ٣: رادەی سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

بە بەراوردی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە: "ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی چۆنیەتی گوتنەوەی وانەی نواندن لە بەشی شانۆی پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان، لە روانگەی مامۆستایانی بابەتەکە و ناسینی بنەماکانی رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی و دارشتن و پێشنیازکردنی ئەو ئیتۆدانەی دەکرێت لە گوتنەوەی ئەو وانەیەدا پەیرەوبکرێن." بە توێژینەوەکانی پێشوو دەتوانین ئاستی سوود وەرگرتنم لەم توێژینەوانە ببەستینەوە بەو باسە هاوبەشانەی، کە توێژینەوەکان کاریان لەسەر کردووەو بریتیین لە: قوتابخانەی هەست و گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن و کارایی وکاریگەریی رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی.

# بەشی سێیەم
# ڕێکارەکانی توێژینەوە

٣ . ١: میتۆدی توێژینەوەکە
٣ . ٢: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە
٣ . ٣: ئامرازەکانی توێژینەوەکە
٣ . ٤: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

# ڕێکارەکانی توێژینەوە

**٣ . ١ میتۆدی توێژینەوەکە:** بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە، ئامنجەکانی میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی.

**٣ . ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٢٦) مامۆستا، بە هۆی نەگەڕانەوەی فۆڕمەکان لە لایەن (٢) مامۆستاوە پێکهاتووە لە (٢٤) مامۆستای پسپۆڕی بواری نواندن، لە پەیمانگەکانی هونەرجوانەکانی هەرێمی کوردستان، وەک ئەوەی لە خشتەی (٣- ١) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٣- ١)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە مامۆستایانی پسپۆڕی نواندن لە پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستان**

| شوێنی پەیمانگە | ژمارە بەپێی بڕوانامە | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | دبلۆم | بەکالۆریۆس | ماستەر | دکتۆرا | |
| سلێمانی | ١ | ٥ | ١ | ٢ | ٩ |
| هەولێر | ٢ | ٣ | ٠ | ١ | ٦ |
| کۆیە | | ٢ | | | ٢ |
| کەرکوک | ٢ | ١ | | | ٣ |
| دهۆک | | ١ | | | ١ |
| هەڵەبجە | ٢ | ١ | | | ٣ |
| کۆی گشتی | ٧ | ١٣ | ١ | ٣ | ٢٤ |

## ٣ . ٣ ئامرازەکانی توێژینەوەکە

**٣ . ٣ . ١ پێوەرێک بۆ خستنەڕووی دۆخی وتنەوەی لێهاتووییەکانی نواندن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستان، کە بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە ئامادە کرا:**

١- بۆ پێوانەی را و بۆچوونی مامۆستا و پسپۆڕەکانی بواری شانۆ و نواندن، سەبارەت بە قوتابخانەی هەست و چۆنیەتی وتنەوەی بابەتی نواندن لە بەشی شانۆ (قۆناغەکانی یەکەم و دووەم/ لقی نواندن و سێیەمی/ نواندن- دەرهێنان) بەمەبەستی دۆزینەوەی کەلێنەکانی گووتنەوەی رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی و چۆنییەتی گونجاندنی ئەم رێبازە لەگەڵ دۆخی هەنوکەیی پرۆگرامی خوێندنی لقی نواندن و رەوایەتی بەخشین بە هەوڵەکانی ئەم توێژینەوەیە تا لە چوارچێوەی روانگە پێشنیازکراوەکەی، ئیتۆدی نوێ بخاتە روو؛ بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بەپێی ئەزمونی تاکەکەسی و راوێژی چەند مامۆستایەکی پسپۆڕ لە بابەتەکە، هەستا بە ئامادەکردنی (١٤) پرسیار وەک ئەوەی لە پاشکۆی (١) خراوەتەڕوو.

٢- دواتر بەمەبەستی دڵنیابوون لە راستی و دروستی پرسیارەکان، خرایە بەردەست بژاردەیەک لە مامۆستایانی پسپۆڕ و شارەزای بواری نواندن و بواری توێژینەوەی زانستی (پاشکۆ:٢)، لە رێگەی راپرسییەکی ئامادە کراو بۆ ئەو مەبەستە. (پاشکۆ: ٣) بەپێی را و بۆچوونی مامۆستایان و شارەزایان (٤) پرسیار لابران، بە هۆی دووبارەبوونەوە یان گرنگنەبوونیان، ژمارەی پرسیارەکان بوون بە (١٠) پرسیار، بەو شێوەیە راستگۆیی رواڵەتییەکەی دەرهێنرا.

٣- توێژەر پاش ئامادەکردنی راپرسیەکە بە شێوەی کۆتایی ( پاشکۆ: ٤) هەستا بە دابەشکردنی بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کە پێکهاتبوو لە (٢٤) مامۆستای پسپۆڕی نواندن لە پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی دەرهێنانی ئەنجامەکان.

٤- جارێکیتر، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی راپرسییەکی داخراو (پاشکۆ:٥)، بە مەبەستی دەرهێنانی راستگۆیی رواڵەتی هۆکارەکانی بەڵێ و نەخێر، لە ڕێگەی وەرگرتنی را و بۆچوونی بژاردەیەک لە شارەزایانی بواری نواندن (پاشکۆ: ٢).

٥- پاش وەرگرتنی وەڵامەکانیان، سەرجەم بڕگەکان پەسەندکران بە ڕێژەی (٨٠%)، هەندێک گۆڕانکاریی زمانەوانی لەناو چەند بڕگەیەک ئەنجامدرا.

٧- بەمەبەستی دڵنیابوون لە (جێگیریی) راپرسییەکە بە گشتی جێبەجێکرا بەسەر (١٠) مامۆستای پسپۆڕی بواری نواندن، دوای دوو هەفتە، جارێکیتر جێبەجێکرا بەسەر هەمان مامۆستایانی پێشوو، پاش شیکردنەوەی وەڵامەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (کوپەر)، دەرکەوت تێکڕای بەهای بڕگەکان بریتییە لە (٠،٨٦)، کە ئەمەش جێگەی پەسەندکردنە.

٨- جارێکیتر توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی راپرسییەکە بە شێوەی کۆتایی، تایبەت بە هۆکارەکانی بەڵێ و نەخێر، بەمەبەستی پراکتیزەکردنی بەسەر نموونە بنەڕەتییەکەی توێژینەوەکە. پاشکۆ (٦).

٩- توێژەر هەستا بە دابەشکردنی راپرسییەکە بە شێوە کۆتاییەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە لە مامۆستای پسپۆڕی بواری شانۆ و نواندن لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٣/٩) و پاش وەرگرتنی وەڵامەکانیان، دەستیکرد بە شیکردنەوەی داتای وەڵامەکان بەمەبەستی دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**٣ . ٤ . ٢: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی روانگەی پێشنیازکراو**

توێژەر بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ئامرازی یەکەم، هەروەها ئەزموونی تایبەتی خۆی وەک مامۆستای وانەی نواندن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، بۆ ماوەی (١٥) ساڵ، هەستا بە گەڵاڵەکردنی روانگەیەکی پێشنیازکراو، بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی نواندن لای خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستان، بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

٣ . ٤ . ٢ . ١: لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا وەک بنەڕەتی کارکردنی توێژەر بۆ ئامادەکردنی ڕوانگەیەکی پێشنیازکراو بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن لای خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، ستانیسلاڤسکی وەک بنیادنەری قوتابخانەی هەست ناساند.

ب: لە قۆناغی دووەمدا، کاری لەسەر شرۆڤەکردنی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی کرد، کە بۆ ئەم مەبەستە بنەماکانی ئەم ڕێبازە دەناسێنێت.

٣ . ٤ . ٢ . ٢: لە هەنگاوی دواتردا چۆنیەتی خوێندنی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دەخاتە بەر باس و ئەمەش بە دەستنیشانکردنی گرنگی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی، وەک پرۆگرامی خوێندنی بەشی نواندن و گرنگی ناسینی (ستێلا ئادلەر) و ئیتۆدەکانی پێشکەش دەکات تا بەم هۆیەوە، هەم گرنگی ئەم سیستمە بخاتەڕوو، هەم لێرەوە هەوڵی شانۆکارانی جیهان و بە نموونەش (ستێلا ئادلەر) دەستنیشان بکات، لەوەی، کە دەکرێت لە کوردستان و لەمیانەی وانەکانی نواندن و بەپێی ئەم قوتابخانەیە، بگەینە ئەو ئەنجامەی، پێشکەشکردنی ئیتۆدی نوێ یارمەتیدەری گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن دەبێت لای خوێندکارانی بەشی شانۆ.

٣ . ٤ . ٢ . ٣: بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی زانستی و دۆزینەوەی کارکردنی گونجاو، بۆ پەرپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندکارانی لقی نواندنی بەشی شانۆ، ئەو بۆچوونە جیاوازانە دەخاتە بەردەست، کە بە جەختکردنەوە لە بۆچوونە بنەڕەتییەکانی ستانیسلاڤسکی، دەربارەی ئەوەی، کۆپی کردنەوەی بەرهەمە زانستییەکانی، وەک بنەمای پرۆگرامی خوێندن، بە گونجاو نازانێت؛ بۆیە توێژەر بۆچوونی خاوەن تێزەکانی تایبەت بە هونەری نواندن لەم بارەیەوە دەخاتەڕوو.

٣ . ٤ . ٢ . ٣: لە پاش ئەمانە هەمووی، چیتر توێژەر بە پشتبەشتن بە ناساندنی قوتابخانەی هەست و نووسەری ئەو ڕێبازە و دۆزینەوەی پنتە جیاوازەکانی ڕوانگە و ڕێبازە شانۆییە جیاوازەکان، دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی بابەتی گرنگی دۆزینەوەی ئیتۆدی نوێ و بۆ ئەم

مەبەستە کار لەسەر پێناسە و کارایی ئیتۆد دەکات، وەک بنەمای ئەو روانگەیەی، کە ئامانجی بەرهەمهێنانی ئیتۆدی گونجاوە، بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن، لای خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لقی نواندن، دواتریش وەک رەهەندێکی گرنگی ئەم کارکردنە، کارایی جەستە وەک بنەمایەکی گرنگی پێشنیازکردنی ئیتۆدەکان دەخاتە بەرچاو.

٣ . ٤ . ٢ . ٤: لەم قۆناغەی توێژینەوەکەدا ئەو ئیتۆدانە دەخاتەڕوو، کە بە هۆی خستنەڕووی هۆکارەکانی پێشکەشکردنیان دەبنە جێگەی بایەخ و توێژینەوەکە بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن لای خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان. ئیتۆدەکان بریتی دەبن لە: (ئیتۆدی کاریزما، بەهرە، ئەفراندن).

## ٣ . ٤ . ٣: ناوەڕۆکی روانگەی پێشنیازکراو

٣ . ٤ . ٣ . ١: لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوانەدا و پاش ئامادەکردنی روانگەکە، بە شێوەی سەرەتایی و بەمەبەستی دڵنیابوون لە راستی و دروستی زانستی، هونەریی و زمانەوانی، راستییەکەی زامنکرا لە رێگەی هەڵسەنگاندنی لە لایەن بژاردەیەک لە پسپۆڕانی بواری نواندن و لە رێگەی راپرسییەکی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە (پاشکۆ: ٧).

٣ . ٤ . ٣ . ٢: پاش دەرهێنانی راستگۆیی راپرسییەکە بە شێوەی رواڵەتی، لە رێگەی وەرگرتنی را و بۆچوونی بژاردەیەک لە شارەزایانی بواری نواندن و توێژینەوەی زانستی، ئەوەش لە رێگەی راپرسییەکی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە (پاشکۆ: ٨).

٣ . ٤ . ٣ . ٣: دەرکەوت سەرجەم پێکهاتەکان پەسەندکران لە لایەن شارەزاکان، سەرباری ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاریی لە رووی رێکخستن و زمانەوانی. دوای دڵنیابوون لە راستی و دروستی راپرسییەکە.

٣ . ٤ . ٣ . ٤: توێژەر هەستا بە دابەشکردنی دەقی روانگەکە بەسەر بژاردەیەک لە پسپۆڕان و شارەزایان لە بواری هونەری نواندن، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بڕگەکانی روانگەکە، ئەوەش لە ڕێگەی راپرسییەکی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە. (پاشکۆ: ٩ ، ١٠)و ئەنجامەکەی بەو شێوەیە بوو، کە لە خشتەی ژمارە (٣- ٣) خراوەتەڕوو:

**خشەی ژمارە (٣- ٣)**

**ئەنجامی هەڵسەنگاندنی روانگەکە لە لایەن شارەزایان**

| بڕگە | شیاوە بە ڕێژەی % | تێبینی |
|---|---|---|
| فەلسەفەی روانگە | %٩٢ | |
| پاساوەکانی روانگە | %٨٩ | دەربارەی کاریگەریی ئەو ئیتۆدانەی دەرهاویشتەی ئەم روانگە پێشنیازکراوەن، روونکردنەوە بدرێت |
| ئامانجەکانی روانگە | %٨٨ | ئەم روانگەیە ئامانجی زیاتری پێکاوە و پێویستە ژمارەی ئامانجەکان زیاتر بن. |
| بنەماکانی روانگە | %٩٠ | |
| داواکارییەکانی روانگە | %٨٦ | دەکرێت پێداویستی و داواکارییەکان لەسەر ئاستێکی گەورەی پەروەردەیی و زانستی پراکتیزە بکرێت |

٣ . ٤ . ٣ . ٥: توێژەر بە سوودوەرگرتن لە را و بۆچوونی شارەزایان، هەستا بە دانانی روانگە پێشنیازکراوەکەی، بە شێوەی کۆتایی، وەک ئەوەی لە بەشی چوارەم دەخرێتەڕوو.

## ٣.٥: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

١- هاوکێشەی کوپەر بۆ ڕێژەی ڕێکەوتن، بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی ڕاپرسییەکانی توێژینەوەکە.

٢- هاوکێشەی ناوەندی شیاو (الوسط المرجح)، بە مەبەستی دەرهێنانی ئەنجامی ڕاپرسییەکانی توێژینەوەکە.

# بەشی چوارەم
# ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

٤ . ١: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە
٤ . ٢: دەرئەنجامەکان
٤ . ٣: راسپاردەکانی توێژینەوەکە
٤ . ٤: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە
٤ . ٥: پاشکۆکان

## ٤ . ١: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە تایبەتە بەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە پێیگەیشتووە.

**٤ . ١ . ١ ئەنجامی ئامانجی یەکەم، کە بریتییە لە: ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی چۆنیەتی گوتنەوەی وانەی نواندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ( یەکەم و دووەم و سێیەمی نواندن/ دەرهێنان) بەشی شانۆی پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان، لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکە و ناسینی بنەماکانی ڕێبازەکەی ستانیسلافسکی و داڕشتن و پێشنیازکردنی ئەو ئیتۆدانەی دەکرێت لە گوتنەوەی ئەو وانەیەدا پەیڕەوبکرێن.**

**٤ . ١ . ١ . ١ ئەنجامی پرسیاری یەکەم:، کە دەقەکەی بریتییە لە ( ئایا بۆ خوێندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ میتۆدەکانی ستانیسلافسکی بە گونجاو دەبینیت؟ بۆ؟)** بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤– ١) خراوەتەڕوو:

### خشتەی (٤– ١)

### ئەنجامی پرسیاری یەکەم

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٧ | ٧٠،٨ | ٥ | ١ | ٤،١ | ٢ | ٦ | ٢٥ |

٤ . ١ . ١ . ٢ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری یەکەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤-٢) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤-٢)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری یەکەم بە (بەڵێ)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو |
|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | |
| ١ | ١-١ | ١٧ | ١ | ٦ | ٢،٦٦ |
| | ١-٢ | ١٨ | ٢ | ٢ | ٢،٦٦ |
| | ١-٣ | ١٩ | ٠ | ٥ | ٢،٧٩ |
| | ١-٤ | ١٧ | ٢ | ٥ | ٢،٦٢ |
| | ١-٥ | ٢٠ | ١ | ٣ | ٢،٧٩ |

٤ . ١ . ١ . ٣ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری یەکەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٣) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٣)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری یەکەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ١ | ١-١ | ١٣ | ٧ | ٤ | ٢،١٢ | ٥ |
| | ١-٢ | ١٨ | ٢ | ٢ | ٢،٦٦ | ٥ |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت، کە میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی بۆ خوێندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ لە لایەن شانۆکار و مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان بە گونجاو دەبینرێت، هەروەها لەناو هۆکارەکانی وەڵامی (بەڵێ)، ئەم هۆکارە (**وانەکانی بە ڕاهێنان و نمونەی کرداریی ڕوون کراوەتەوە.**) لەگەڵ (**بنچینەیەکی زانستی بەهێز، ئامرازی کار، میکانیزمێکی روونی نواندن پێشکەش دەکات.**) بەرزترین پلەیان بەدەستهێناوە. هەروەها لە ناو هۆکارەکانی وەڵامی (نەخێر) ئەم هۆکارە (**لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی و زانستی و هونەریی جێبەجێ ناکرێت**) بەرزترین پلەی هەیە و بەمەدا روونده‌بێتەوە، گەر ئەم میتۆدە، کە بنچینەیەکی بەهێزی زانستیی وانەی نواندنە، لەسەر بنەمای ئەکادیمی و زانستی جێبەجێ بکرێت، دەتوانێت وەک پڕۆگرامی خوێندن، کارایی و کاریگەریی خۆی هەبێت،

٤. ١ . ١ . ٤ ئەنجامی پرسیاری دووەم:، کە دەقەکەی بریتییە لە (**ئایا شێوازی پراکتیزە کردنی ئەم میتۆدە لە پەیمانگە بە شیاو دەبینیت؟ بۆ؟**) بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤-٤) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٤)**

**ئەنجامی پرسیاری دووەم**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ٤ | ١٦،٦ | ١ | ١٩ | ٧٩،١ | ٣ | ١ | ٤،١ |

٤ . ١ . ١ . ٥ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری دووەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤– ٥) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤– ٥)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دووەم بە (بەڵێ)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٢ | ١ | ١٦ | ٣ | ٥ | ٢،٥٤ | ١١ |

٤ . ١ . ١ . ٦ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری یەکەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤– ٦) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤– ٦)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دووەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٢ | ٢–١ | ١٠ | ٦ | ٧ | ٢،١٦ | ٥ |
| | ٢–٢ | ١٣ | ٩ | ٢ | ٢،٣٣ | ٥ |
| | ٢–٣ | ١٥ | ٢ | ٧ | ٢،٥٤ | ٣ |

لەناو هۆکارەکانی وەڵامی نەخێر، ئەم هۆکارە (**پێویستی بە پوختەکردنەوە و ڕەچاوکرنی بنەماو ڕێسا سەرەکییەکانی هەیە.**) بەرزترین پلەی هەیە و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم میتۆدە پێویستی بە پوختەکردنەوە هەیە.

٤ . ١ . ١ . ٧ ئەنجامی پرسیاری سێیەم:، کە دەقەکەی بریتییە لە (ئایا ئەو ئیتۆدانەی لە چوارچێوەی قوتابخانەکەی ستانیسلاڤسکی پێشکەشکراون، لەگەڵ دۆخی هەنوکەیی فێرخوازی بواری نواندن، بە گونجاو دەبینی؟ بۆ؟) بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٧) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٧)**

**ئەنجامی پرسیاری سێیەم**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٥ | ٢٠،٨ | ٣ | ١٩ | ٧٩،١ | ٤ | ٠ | ٠ |

٤ . ١ . ١ . ٨ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری سێیەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٨) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٨)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری سێیەم بە (بەڵێ)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٣ | ٣-١ | ١٧ | ٣ | ٤ | ٢،٥٨ | ١٠ |
| | ٣-٢ | ١٩ | ١ | ٤ | ٢،٦٥ | ٨ |
| | ٣-٣ | ١٣ | ٨ | ٣ | ٢،٢٠ | ١٦ |

٤ . ١ . ١ . ٩ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری سێیەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٩) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٩)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری سێیەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٣ | ٣-١ | ١٢ | ٦ | ٦ | ٢،٢٥ | ٥ |
| | ٣-٢ | ١٨ | ٣ | ٣ | ٢،٦٢ | ٢ |
| | ٣-٣ | ١٠ | ٩ | ٥ | ٢،٠٤ | ٥ |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت، کە ئەو ئیتۆدانەی لە چوارچێوەی قوتابخانەکەی ستانیسلاڤسکی پێشکەشکراون، لەگەڵ دۆخی هەنوکەیی فێرخوازی بواری نواندن، لە لایەن شانۆکار و مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان، بە گونجاو نابینرێت، هەروەها لە ناو هۆکارەکانی وەڵامی بەڵێ، ئەم هۆکارە **(هیچ نابێتە ڕێگر لەبەردەم پێگەیاندنی خوێندکار لەسەر ئەو بنەمایانە.)** نزمترین پلەی هەیە و ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە ئەم سیستمە بۆ دەربازبوون لەو ڕێگرانە، پێویستی بە داڕشتن و پێشنیازکردنی ئیتۆدی گونجاو هەیە لە لایەن مامۆستایانەوە.

٤ . ١ . ١ . ١٠ ئەنجامی پرسیاری چوارەم:، کە دەقەکەی بریتییە لە (**ئایا لە رووی پێکهاتی دەرونییەوە، بۆ پراکتیزەکردنی نواندنی میتۆد، دۆخی دەروونی خوێندکاری شانۆ بە گونجاو دەبینی؟ بۆ؟**) بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ١٠) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ١٠)**

**ئەنجامی پرسیاری چوارەم**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٦ | ٢٥ | ٥ | ١٧ | ٧٠،٨ | ٢ | ١ | ٤،١ |

٤ . ١ . ١ . ١١ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری چوارەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ١١) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ١١)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری چوارەم بە (بەڵێ)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام: هاوڕام | ژمارەی وەڵام: هاوڕا نیم | ژمارەی وەڵام: تاڕادەیەک | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٤-١ | ١٧ | ١ | ٦ | ٢،٦٦ | ٧ |
| | ٤-٢ | ١٥ | ٢ | ٧ | ٢،٥٤ | ١١ |
| | ٤-٣ | ١٤ | ٢ | ٨ | ٢،٥ | ١٨ |
| | ٤-٤ | ٩ | ٧ | ٨ | ٢،٨ | ١٧ |

٤ . ١ . ١ . ١٢ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری چوارەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤-١٢) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤-١٢)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری چوارەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٤ | ٤-١ | ١٢ | ٩ | ٣ | ٢،١٢ | ٥ |
| | ٤-٢ | ١١ | ٩ | ٤ | ٢،٨ | ٥ |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت، کە لە رووی پێکهاتی دەرونییەوە، بۆ پراکتیزەکردنی نواندنی میتۆد، دۆخی دەروونی خوێندکاری شانۆ، لە لایەن شانۆکار و مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان، بە گونجاو نابینرێت، هەروەها لە ناو هۆکارەکانی وەڵامی نەخێر، ئەم هۆکارە **(لەژێر کاریگەریی دابونەریتی تایبەت گیرۆدەیە) لەگەڵ (لەو ئاستەدا نییە وشیارانە گرێکانی شیبکاتەوە)** بەرزترین پلەیان هەیە و ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە خوێندکار لە رێگەی هەموارکردنی ژینگەی دەروونی و هەوڵی مامۆستایان لە پڕکردنەوەی کاتەکانی خوێندن بە ئیتۆدی بەهرەمەندانە، دەتوانێت گەشە بە لێهاتووییەکانی نواندن بدات.

٤ . ١ . ١ . ١٣ ئەنجامی پرسیاری پێنجەم:، کە دەقەکەی بریتییە لە **( ئایا دەتوانین لەسەر هێڵی تیۆریی بۆچونەکانی ستانیسلاڤسکی ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ کەسایەتی خوێندکاری کورد بدۆزینەوە؟ بۆ؟)** بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ١٣) خراوەتەڕوو:

## خشتەی (٤- ١٣)

## ئەنجامی پرسیاری پێنجەم

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ٢٠ | ٨٣،٣ | ٦ | ٢ | ٨،٣ | ٣ | ٢ | ٨،٣ |

٤ . ١ . ١ . ١٤ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری پێنجەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ١٤) خراوەتەڕوو:

## خشتەی (٤- ١٤)

## ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری پێنجەم بە (بەڵێ)

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٥ | ٥-١ | ١٧ | ١ | ٦ | ٢،٦٦ | ٧ |
| | ٥-٢ | ١٩ | ١ | ٤ | ٢،٧٥ | ٥ |
| | ٥-٣ | ١٧ | ٢ | ٥ | ٢،٦٢ | ٩ |
| | ٥-٤ | ٢٤ | ٠ | ٠ | | ١ |
| | ٥-٥ | ١٣ | ٤ | ٧ | ٢،٢٧ | ١٤ |
| | ٥-٦ | ١٦ | ٢ | ٦ | ٢،٥٨ | ١٠ |

٤ . ١ . ١ . ١٥ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری پێنجەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ١٥) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ١٥)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری پێنجەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٥ | ١-٥ | ١٠ | ٩ | ٤ | ٢،١٢ | ٥ |

ئەم پرسیارە یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکانی توێژینەوەکەمانە، کە دەپرسێت: (**ئایا دەتوانین لەسەر هێڵی تیۆریی بۆچونەکانی ستانیسلاڤسکی ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ کەسایەتی خوێندکاری کورد بدۆزینەوە؟ بۆ؟**) بە پشتبەستن بە وەڵامەکانی شانۆکار و مامۆستایانی نواندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان، کە لەناو سەرجەم وەڵامەکاندا پلەی بەرزی بەدەستهێناوە و بریتییە لەوەی (**ستانیسلاڤسکی ڕێگای داناوە، نەک کلێشەو قاڵبی چەقبەستوو**)، گرنگترین وەڵامی ڕاپرسییەکەمان دەستدەکەوێت و دەیکەینە خاڵی جەوهەریی توێژینەوەکە و دواجار پێشکەشکردنی ئیتۆدەکانمان لەسەر ئەو بنەمایە سەقامگیرکراوە. هەروەها ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە مامۆستایان دەتوانن بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن، ئیتۆدی گونجاو پێشکەش بکەن و لەناو ڕێگاکەی ستانیسلاڤسکیدا، کە کلێشە و چەقبەستوو نییە؛ بەو مانایەی دەتوانین لەناو خودی ڕێگاکە، ڕێکاری جیاواز لەناو چوارچێوە زانستییەکە بدۆزینەوە، خۆیان لە کۆپی کردنەوەی بەرهەمە زانستییەکانی ستانیسلاڤسکی بپارێزن و هەوڵی ئەوە بدەن لە ڕوانگەی جیاوازەوە، بگرە لەناو خودی سیستمەکەدا، ئەو ئیتۆدانە پێشکەش بە خوێندکار بکەن، کە بتوانێت لە ڕێگەیەوە، بەدوور

له زەمەن و شوێنگەی ژیانی خاوەن سیستمەکە، ڕێکاری کاریگەرتر یان گونجاوتر لەگەڵ زەمەن و شوێنی ژیانی خۆیان بخاتەکار.

کەواتە گرنگترین بنەمای ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە ئاستی ئەم وەڵامە بریتیی دەبێت لە خۆپارێزیی لە کۆپی کردنەوەی ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی و دەستکراوەیی لە پێشنیازکردنی ئیتۆدی گونجاو بۆ پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی بەشی شانۆ.

٤ . ١ . ١ . ١٦ ئەنجامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم:، کە دەقەکانیان بریتییە لە: **(ئایا بە ئێستا و بە ئێرە کردنی ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن بە پرۆسەیەکی گونجاو دەبینی؟ بۆ؟)** و **(ئایا مامۆستا و ڕاهێنەر و شانۆکار ئازادە لەوەی لەسەر بنەمای هێڵی تیۆریی قوتابخانەی هەست ناسراو بە میتۆد، ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ کەسایەتی ئەکتەری کورد بدۆزێتەوە؟ بۆ؟)** بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤-١٦) خراوەتەڕوو:

## خشتەی (٤- ١٦)

## ئەنجامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | ٢١ | ٨٧،٥ | ٦ | ٢ | ٨،٣ | ٢ | ١ | ٤،١ |
| ٧ | ١٧ | ٧٠،٨ | ٥ | ١ | ٤،١ | ٢ | ٦ | ٢٥ |

٤ . ١ . ١ . ١٧ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری شەشەم و حەوتەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ١٧) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤- ١٧)

ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم بە (بەڵێ)

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٦ | ٦-١ | ١٩ | ١ | ٤ | ٢،٧٥ | ٥ |
| | ٦-٢ | ١٥ | ٢ | | ٢،٥٤ | ١١ |
| | ٦-٣ | ٢١ | ٠ | ٣ | ٢،٨٧ | ٣ |
| | ٦-٤ | ١٨ | ١ | ٥ | ٢،٧٠ | ٦ |
| | ٦-٥ | ١٤ | ٣ | ٧ | ٢،٤٥ | ١٢ |
| | ٦-٦ | ١٧ | ٤ | ٣ | ٢،٥٤ | ١١ |
| ٧ | ٧-١ | ٢٣ | ٠ | ١ | ٢،٩١ | ٢ |
| | ٧-٢ | ١٧ | ٠ | ٧ | ٢،٧٠ | ٦ |
| | ٧-٣ | ١٦ | ٣ | ٥ | ٢،٥٤ | ١١ |
| | ٧-٤ | ١٧ | ٠ | ٧ | ٢،٨٧ | ٣ |
| | ٧-٥ | ٢٢ | ٠ | ٢ | ٢،٩١ | ٢ |

٤ . ١ . ١ . ١٨ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری شەشەم و حەوتەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ١٨) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ١٨)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٦ | ٦-١ | ١٧ | ٢ | ٥ | ٢،٦٢ | ٢ |
| | ٦-٢ | ١٦ | ٣ | ٥ | ٢،٥٤ | ٣ |
| ٧ | ٧-١ | ٩ | ٧ | ٨ | ٢،٨ | ٥ |
| | ٧-٢ | ٢٠ | ٢ | ٢ | ٢،٧٥ | ١ |

گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان و بنەمایەکی گرنگی هەوڵەکانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر هێڵی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی لەناو کۆی مانای ئەم دوو پرسیارەدا داڕێژراوە، وەک لە بەرزی ئاستی وەڵامی (بەڵێ) بۆ هۆکاری (٧-١) دەردەکەوێت، کە دەڵێت: **(بەمەرجێک بەجوانی لێی تێگەیشتبێت)**، راڤەی ئەم هۆکارە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە خودی سیستمەکە، کە لەم توێژینەوەیەدا کراوەتە بناغەی سەرەکی ئەو هەوڵانەی بەرەو پێشنیازی روانگەی توێژینەوەکە هەنگاویان ناوە. هەروەها وەڵامی هۆکاری وەڵامی پرسیاری (٧- ٥)، کە بریتییە لە: **(هەموو دۆزینەوەیەکی لەو جۆرە لە گەڕانی قووڵ و خوێندنەوە و توێژینەوە و پراکتیکی زۆر و جدییەوە دێت)**، جەختکردنەوەی شانۆکار و مامۆستایانی پسپۆڕی بواری نواندنە لەوەی گەڕانی لەم جۆرەی توێژینەوەکە کاری لەسەر کردووە، دۆزینەوەیەکی گرنگ و جێگەی بایەخە.

٤ . ١ . ١ . ١٩ ئەنجامی پرسیاری هەشتەم و نۆیەم:، کە دەقەکانیان بریتییە لە: (بۆ تێگەیشتنی ئاسانتر و خێراتر لە سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی، ڕێگایەکی پراکتیکی بە گونجاو دەبینیتەوە؟ بۆ؟) و **(هەوڵی دارشتنەوەی ئیتۆدی گونجاو لەتەک سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی بەگونجاو دەزانی؟ بۆ؟)** بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤-١٩) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ١٩)**

**ئەنجامی پرسیاری هەشتەم و نۆیەم**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ١٩ | ٧٩،١ | ٦ | ٠ | ٠ | ٢ | ٥ | ٢٠،٨ |
| ٩ | ٢٢ | ٩١،٦ | ٣ | ١ | ٤،١ | ٣ | ١ | ٤،١ |

٤ . ١ . ١ . ٢٠ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری شەشەم و حەوتەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٢٠) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٢٠)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری هەشتەم و نۆیەم بە (بەڵێ)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٨ | ٨-١ | ١٤ | ٤ | ٦ | ٢،٤١ | ١٣ |
| | ٨-٢ | ١٦ | ٠ | ٨ | ٢،٤١ | ١٣ |
| | ٨-٣ | ١٣ | ٥ | ٦ | ٢،٢٣ | ١٥ |
| | ٨-٤ | ١٤ | ٤ | ٦ | ٢،٤١ | ١٣ |
| | ٨-٥ | ١٩ | ٢ | ٣ | ٢،٧٠ | ٦ |
| | ٨-٦ | ١٧ | ٣ | ٤ | ٢،٥٨ | ١٠ |
| ٩ | ٩-١ | ١٥ | ٥ | ٤ | ٢،٤١ | ١٣ |
| | ٩-٢ | ١٥ | ٣ | ٦ | ٢،٥ | ١٨ |
| | ٩-٣ | ٧ | ٩ | ٨ | ١،٩١ | ١٩ |

٤ . ١ . ١ . ٢١ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری هەشتەم و نۆیەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٢١) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٢١)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری هەشتەم و نۆیەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ٨ | ٨-١ | ١٢ | ٥ | ٧ | ٢،٢٩ | ٥ |
| | ٨-٢ | ١٥ | ٤ | ٥ | ٢،٤٥ | ٤ |
| ٩ | ٩-١ | ١١ | ٨ | ٥ | ٢،١٢ | ٥ |
| | ٩-٢ | ١٢ | ٦ | ٦ | ٢،٢٥ | ٥ |
| | ٩-٣ | ٨ | ١٣ | ٣ | ٠،٤٣ | ٦ |

لە شیکردنەوەی ئەم دوو پرسیارەدا، بەشێکی گرنگی هۆکارەکانی وەڵامی (بەڵێ) بەتایبەت سەبارەت بە پرسیاری (٨) کۆکن لەسەر ئەوەی کە: **(داڕشتنەوەی ئەو ئیتۆدانە بەپێی تایبەتمەندیی کەسایەتی و ژینگەیی و خۆماڵی بەسوودە، ڕاهێنەری کارامە و بەئەزموون دەتوانێت لەناو ئەو سیستمەدا ئیتۆدی نوێ بدۆزێتەوە، بە دۆزینەوەی ئیتۆدی هاوتای ئیتۆدەکانی پەروەردەی ئەکتەر)**. کەواتە لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕی بواری نواندنەوە پاڵپشتی لێ کراوە.، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پشت پێ بەستنی توێژەر بۆ گەیشتن بە داڕشتنی ئیتۆدەکانی.

٤ . ١ . ١ . ٢٢ ئەنجامی پرسیاری دەیەم:، کە دەقەکەی بریتییە لە (ئایا دەکرێت هاوشان لەتەک ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی، ئیتۆدێک دابڕێژین؟ بۆ؟) لە خشتەی (٤- ٢٢) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤- ٢٢)

ئەنجامی پرسیاری دەیەم

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی وەڵام بە (بەڵێ) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام بە (نەخێر) | % | ژمارەی هۆکار | ژمارەی وەڵام تا ڕادەیەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٨ | ٧٥ | ٢ | ٢ | ٨،٣ | ٢ | ٤ | ١٦،٦ |

٤ . ١ . ١ . ٢٣ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (بەڵێ) بۆ پرسیاری دەیەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٢٣) خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤- ٢٣)

ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دەیەم بە (بەڵێ)

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ١٠ | ١٠-١ | ١٧ | ٣ | ٤ | ٢،٥٨ | ١٠ |
| | ١٠-٢ | ١٢ | ٤ | ٨ | ٢،٣٣ | ١٥ |

٤ . ١ . ١ . ٢٤ ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی (نەخێر) بۆ پرسیاری دەیەم، بەم شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٤- ٢٤) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤- ٢٤)**

**ئەنجامی هۆیەکانی وەڵامی پرسیاری دەیەم بە (نەخێر)**

| ژمارەی پرسیار | ژمارەی هۆ | ژمارەی وەڵام | | | ناوەندی شیاو | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | هاوڕا نیم | تاڕادەیەک | | |
| ١٠ | ١٠-١ | ١٩ | ٤ | | ٠،٦٣ | ٦ |

## ٤ . ١ . ٩ ئەنجامی روانگەی پێشنیازکراو

٤ . ١ . ٩ . ١: کەواتە لێرەدا دەپرسین، کە **(کامەیە ئەو روانگە پێشنیازکراوەی بەپێی قوتابخانەی هەست، بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی نواندن، لای خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)** لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و روونکردنەوەی روانگەی پێشنیازکراو لەم بەشەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بە پشتن بەستن بە وەڵامی شارەزایان و مامۆستایانی بواری شانۆ و ئەو ئەنجامانەی لە ئاکامی دیاریکردنی ئەو هۆکارانەوە بەدەستمانهێنان؛ کە شێوازی وتنەوەی میتۆدەکان پێویستیان بەوەیە، هەم پوخت بکرێنەوە و هەم لەپاڵ ئەوەشدا مامۆستا بە پشتبەستن بە هەمان میتۆد، ئیتۆدی تایبەت و نوێ دابڕێژێت، کە ئەمەش بە جەختکردنەوە لەوەی بۆ ئەم مەبەستە لە وڵاتی ئەمریکا لە ڕێگەی ستێلا ئادلەرەوە (کە توێژینەوەکە پشتی پێبەستووە) توانیویانە ئیتۆدی نوێ پێشکەش بە دونیای نواندن بکەن، لێرەدا پێکهاتەکانی ئەو روانگەیە دەخەینەوو، کە لەم چەند توخمەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:




٤ . ١ . ٩ . ٢: **فەلسەفەی ڕوانگەی پێشنیازکراو:** فەلسەفەی ئەم ڕوانگەیە دەرهاویشتەی ئەو باوەڕەیە، کە سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی وەک میتۆدی خوێندنی نواندن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستان پێویستی بە داڕشتنی ئیتۆدی نوێ و گونجاو هەیە لەگەڵ خوێندکاری کورد، لە ڕێگەی پێشنیازکردنی ئیتۆدی نوێ و ڕاهێنانی تایبەت بە لێهاتووییەکانی نواندن.

٤ . ١ . ٩ . ٣: **پاساوەکانی ڕوانگەی پێشنیازکراو:** ئەم ڕوانگەیە لەو وێناندنەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پرۆگرامی خوێندنی بەشی شانۆ و قۆناغە سەرەتاییەکانی لە پۆلی (یەکەم و دووەمی گشتی و سێیەمی لقی دەرهێنان و نواندن) بەمەبەستی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن پێویستی بە گەشەپێدان هەیە، بەو پێیەی:

٤ . ١ . ٩ . ٣ . ١: ناسینی بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی هەست دەبێتە بنەمای گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن.

٤ . ١ . ٩ . ٣ . ٢: هیچ ڕێبازێکی هونەریی تایبەت بە نواندن، ڕێکارێکی چەقبەستوو نییە، کە نەکرێت بەپێی شوێن و کات گۆڕانکاریی تێدا بکەین.

٤ . ١ . ٩ . ٣ . ٣: ئەکتەر لە هەر رەگەز و نەتەوەیەک بوو، پێویستی بە جەستە و دەنگێکی ئامادە هەیە، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێت ئیتۆدی گونجاو دابرێژێت.

٤ . ١ . ٩ . ٣ . ٤: دارشتنی ئیتۆدی نوێ دەرگا بە رووی نوێبوونەوەی وانەی نواندندا دەکاتەوە و هانی راهێنەرەکانی ئەم بوارە دەدات سڵ لە دارشتنی ئیتۆدی نوێی پەیوەست بە رێبازی ریالیزمگەرانەی نواندن نەکەنەوە و بەم هۆیەوە ببینە خاوەن ئیتۆدی نوێ.

٤ . ١ . ٩ . ٣ . ٥: لەپاڵ دارشتنی ئیتۆدی نوێدا، ئەکتەر پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر بواری ئەدەب و فەلسەفە و پرکردنەوەی باری ماریفەی نمایشییانە، خوێندکاری بەشی شانۆ ناچارە بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو بوارە و بواری پراکتیکی و کردەیی نواندن و نمایش بەردەوام لە راهێنان و خۆئامادەکردندا بێت.

٤ . ١ . ٩ . ٣ . ٦: کاریگەریی ئەم ئیتۆدانە کاتێک دەردەکەوێت، کە ئەکتەر بەردەوام کاری لەسەر بکات. ئەگەر ئەم بەردەوامییە و پەیوەندی نێوان سەرجەم ئیتۆدەکان بپارێزێت، دەتوانێت بەبێ دابران لە جیهانی کارەکتەرەکەی، لە کاتی پرۆڤە و نمایش رۆڵەکەی بەشێوەیەکی راستگۆیانە بەرجەستە بکات.

**٤ . ١ . ٩ . ٤: ئامانجەکانی روانگەی پێشنیازکراو:** بە رەچاوکردنی پاساوەکانی ئەم روانگەیە و بۆ ئەوەی مامۆستایان و خوێندکارانی بەشی شانۆ خۆیان لە کۆپی کردنەوەی میتۆدەکان بپارێزن و قوتابخانەی هەست لە چەقبەستنە کاتی و شوێنیەکەی رزگاربکەن، ئەم روانگەیە هەوڵی بەدیهاتنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ١: ناساندنی بنەماکانی قوتابخانەی هەست بە شێوەیەکی چڕ و کۆکراوە؛ دەسنیشانکردنی توخمە سەرەکییەکان و خۆبەدوورگرتن لە کۆپی کردنەوەی میتۆدەکە بە سەرجەم وردەکارییەکانییەوە.

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ٢: ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی چۆنیەتی خوێندنی وانەی نواندن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان، لە روانگەی بەراوردکردنی ئیتۆدەکانی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی بە و ئیتۆدانەی لە لایەن ستێلا ئادلەرەوە پێشکەشکراون.

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ٣: دیارییکردنی ئەو ڕاهێنانانەی دەبنە هۆی پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن و جەستە و دەنگ و هزری خوێندکار لەپاڵ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ناسینی کارەکتەر.

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ٤: ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوی دەروونی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاستی تەمەنەی دەکەونە بەرخوێندنی قوتابخانەکەی ستانیسلاڤسکی.

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ٥: خستنەڕووی ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی ئاستی مامۆستایان لە وتنەوەی بابەتی نواندن بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە روانگەی پێشکەشکردنی ئیتۆدی گونجاو بە وتنەوەی ئەم بابەتە.

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ٦: کردنەوەی دەرگای تازەگەریی، بەتایبەت بۆ مامۆستایانی نواندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ بە ئێرەکردن و بە ئێستا کردنی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی.

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ٧: داڕشتنەوەی ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی بەمەبەستی تێگەیشتنی ئاسانتر و خێراتری خوێندکاران لە قوتابخانەی هەست.

٤ . ١ . ٩ . ٤ . ٨: کاراکردنی وانەی نواندنی قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی پێشنیازی ئیتۆدی تایبەت بە بەشە جیاوازەکانی وانەی نواندن.

**٤ . ١ . ٩ . ٥: بنەماکانی روانگەی پێشنیازکراو:** بەوپێیەی ئەم روانگەیە هەوڵێکە بۆ پوختەکردنەوەی رێبازەکەی ستانیسلاڤسکی وەک پرۆگرامی خوێندن، کەواتە دەتوانین بنەماکانی لەم خاڵانەدا ریزبەند بکەین:

٤ . ١ . ٩ . ٥ . ١: ناساندنی قوتابخانەی هەست؛ بە پوختکردنەوەی قوتابخانەکە و دابەشکردنی لەسەر بنەما سەرەکییەکانی، کە بریتین لە (ناسینی دەق، ناسینی کارەکتەر)

٤ . ١ . ٩ . ٥ . ٢: دیاریکردنی بۆچوونە شانۆییە جیاوازەکان؛ بە پێشکەشکردنی بۆچوونی ئەو خاوەن تێزانەی شانۆ، کە جیاواز لە قوتابخانەی هەست، رێکاری جیاوازی بەرجەستەکردنی کارەکتەر و نواندن دەخەنەڕوو.

٤ . ١ . ٩ . ٥ . ٣: دۆزینەوەی بایەخی کارایی جەستە: بە گەڕانەوە بۆ دوا سەرنجەکانی ستانیسلاڤسکی لەسەر گرنگیدان بە توخمی جەستە، وەک رەهەندێکی بنەڕەتی، نەک لاوەکی.

٤ . ١ . ٩ . ٥ . ٤: ناساندنی ئیتۆدەکانی ستێلا ئادلەر؛ بە گەڕانەوە بۆ کتێبی هونەری نواندن و دەستنیشانکردنی ئەو هەوڵانەی نووسەر وەک کارکردێک لە چوارچێوەی قوتابخانەی هەست، بەڵام بە ئیتۆدی نوێ.

٤ . ١ . ٩ . ٥ . ٥: داڕشتن و پێشنیازکردنی ئیتۆدی نوێ؛ بە شرۆڤەکردنی مانای ئیتۆد، وەک چەمک و کارایی لە گەشەپێدانی لێهاتووەیکانی نواندن.

**٤ . ١ . ٩ . ٦: پێویستییەکانی روانگەی پێشنیازکراو:** لەبەر ئەوەی ئەم روانگەیە بە ناساندنی قوتابخانەی هەست و پوختکردنەوەی بنەماکانی ئەم رێبازە و دیاریکردنی بۆچونە جیاوازەکانی خاوەن رێبازە شانۆییەکان و دۆزینەوەی گرنگی ناسینی جەستە وەک توخمێکی سەرەکی بەرجەستەکردنی رۆڵ و لە رێگەی ناساندنی شیوازی کارکردنی ستێلا ئادلەر و ئیتۆدەکانی، هەوڵی ئەوە دەدات ئیتۆدی نوێ دابڕێژێت و مەبەستی ئەوەیە لەم رێگەیەوە گەشە

بە لێهاتووییەکانی نواندن لای خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بدات، ئەوا ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک پێداویستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی دەخاتەڕوو:

٤ . ١ . ٩ . ٦ . ١: هاندانی مامۆستایانی بەشی شانۆ بۆ خۆپاریزیی لە کۆپی کردنەوەی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی، وەک ئەوەی لە کۆی بەرهەمە زانستییەکانیدا پێشکەشکراوە، تا بەم هۆیەوە مامۆستایان هەوڵی چڕکرنەوەی ئەم ئیتۆدە بدەن و بنەما سەرەکییەکانی ئاشکرا بکەن.

٤ . ١ . ٩ . ٦ . ٢: مامۆستایان لە قۆناغی سێیەمی بەشی شانۆ و پاش تەواوکردنی پڕۆگرامی خوێندنی نواندنی تایبەت بە قوتابخانەی هەست، بنەما سەرەتاییەکانی ئەو قوتابخانە جیاوازانەی نواندن بە خوێندکاران بناسێنن، کە لە دەرەوەی چوارچێوەکانی قوتابخانەی هەست پێشکەش بە دونیای نمایشکراون، تا خوێندکار بتوانێت خاڵە هاوبەشەکانی ئەو قوتابخانانەی نواندن بناسێت.

٤ . ١ . ٩ . ٦ . ٣: پێشکەشکردنی راهێنانی تایبەت بە جەستە، وەک توخمێکی سەرەکی بونیادنانی نمایش و نواندن بەو پییەی لە قوتابخانەکی ستانیسلاڤسکیدا ئەم توخمە گرنگە بەهایەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

٤ . ١ . ٩ . ٦ . ٤: دیارییکردنی ئیتۆدی نوێ، کە لە چوارچێوەی میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکیدا دەرگای بە رووی گەشەکردنی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکاراندا بکاتەوە.

**٤ . ١ . ٩ . ٧: گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن بە ئیتۆدی گونجاو:** بەمەبەستی گەشەدان بە لێهاتووییەکانی خوێندکارانی بەشی نواندن و بەمەبەستی جەختکردنەوە لەو راستییەی جەستەی ئەکتەر وەک هەستەکانی پێویستی بە راهێنان هەیە، چەند ئیتۆدێکی گونجاو لەگەڵ کارکردی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی دەخەینەڕوو.

### ٤ . ١ . ٩ . ٧ . ١: گرنگییەکانی کاریزما و کاریگەریی لەسەر لێهاتووییەکانی

**نواندن :** کاریزما بۆ بواری نواندن زۆر گرنگە. دیارە ئەوەمان بیستووە، زۆرجار دەوترێت، فڵانە ئەکتەر کاریزمای هەیە. بۆ بواری نواندن کاریزما  کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئارەزومەندی بینەر بۆ ئەکتەر هەیە. ناتوانین پێناسەیەکی روون بۆ بابەتی کاریزما بکەین، لە بورای نواندندا رەنگە باشترین پێناسە ئەمە بێت، کە: خەسڵەتێکی ناوەکییە و ئەو کەسەی خاوەنیەتی دەتوانێت بە ئامادەبوونی خۆی رەسەنایەتی کات و شوێن بگۆڕێت. ئەوانەی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن، هەستی ئامانجداریی و ئاسایش و هاوڕێیەتیمان بۆ دەگوێزنەوە و سەرنجمان بۆ خۆیان بەکێش دەکەن. دەتوانین ئەم تایبەتمەندییە بۆ نێو دونیای نواندن بگوێزینەوە و کار لەسەر دروستکردنی بکەین.

**ا: کاریزمای نواندن:** ئەگەر وەک ئەکتەر خاوەن کاریزما بووی، دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرە هونەرییەکان و مەیلی هاوکاریکردنیان بۆ ئەو جۆرە ئەکتەرە. ئەم جۆرە کاریزمایە خودی  و بۆماوەیی نییە و ئەکتەر دەتوانێت بە راهێنان بەدەستی بێنێت؛ هەرچەندە ئەمە چۆنایەتییەکی ناوەکییە و پەیوەندی قوڵی بە هەست و ناوەخنی مرۆڤەوە هەیە، کەچی هەندێکیتر بەپێی هەلومەرجی ژیان و ژینگەی خێزانی بە خۆڕسکانە، تاڕادەیەک هەڵگری ئەم چۆنایەتی و تایبەتمەندییە ناوەکییەن. هەندێک لەو باوەڕەدان کاریزما بەهەرەیەکی خودایی و سرووشێکی ئاسمانییە، بەڵام هەندێکیش لەو باوەڕەن، کاریزما بابەتێکی زانستییە و هەموو ئەکتەرێک پێویستە ئەزموونی بکات.

**ب: بنەماکانی کاریزمای نواندن:**

**ئامادەیی و دانەبڕان:** ئەم دۆخە بریتییە لەوەی، کە هەنگاوتنایە ژورەکەوە، هەموو نیگاکان دواتبکەون، ئامادەیی و دانەبڕان پەیوەستە بە نیگا، دۆخ، دەنگ و قووڵبینی کەسەکەوە.

**متمانەبەخۆبوون:** مەبەست لە جۆرە دروستکراوەکەی ئەم متمانەیە و خۆنواندن نییە. مەبەستمان لە هێزێکی راستگۆیە. ئەوهێزەی دەتوانێت بیسەلمێنێ، نەک شایستەی ئەوەن رۆڵتان هەبێت بەڵکو ئەو متمانەیە دروستبکات، کە دەتوانن رۆڵی جیاوازتریش بەرجەستە بکەن.

**گەرمی و وزە:** بریتییە لە نواندنی جۆرە تیشکێکی تایبەت، کە گوازرشت بێت لە میهرەبانی، بەسۆزیی و ئەویتر قبوڵکردن. یان بە واتایەکی سادەتر دەبێت دەربڕی جۆرە گەرمایی و ئێنێرژییەکی تایبەت بن.

**پ: چۆن دەبیتە خاوەن کاریزمای نواندن:**

**متمانەت بە خۆ بێت:** ئەکتەر نابێتە خاوەن ئەم کاریزمایە ئەگەر بەتەواوەتی متمانەی بەخۆی نەبێت یان ئەگەر هەست بە ئاسایش نەکات. لەبەرئەوەی بەبێ متمانەبەخۆبوون، دەکەونە ژێر کاریگەریی بڕیاری ئەوانیتر بەرامبەر بە خود. گرنگە بزانین، کە لێرەدا چیتر نواندنی رۆڵی کەسێک، کە متمانەی بە خۆی هەیە ئاشکراو بێسوودە. نابێت بە ویستی خۆمان هێزی خۆمان نمایش بکەین. ئامادەیی سروشتی و دادپەروەرانە و راستگۆیانەیە. دەبێت متمانەبەخۆبوون بەشێک بێت لە کارەکتەری ئێوە، نەک رۆڵی ئەو دۆخە بنوێنن.

**ئاسودە بە:** بەوپەڕەیی ئاسودەیی رەفتار بکە. گەلێک کات ئەکتەر گیرۆدەی ئەم بابەتە دەبێتەوە، کە ئایا ئەوانیتر چۆن بیرمان لێدەکەنەوە؟! تەنانەت لە ژیانی ئاساییمان خۆمان کۆنترۆڵ دەکەین و هەست دەکەین هەمووان سەیرمان دەکەن. کەواتە با من ئاسودەتان بکەم: ئەوانیتر هەر ئاگاشیان لێت نییە. دیارە خەڵکی خۆیان دەردەسەرییان کەم نییە، تا خەیاڵیان لای تۆ بێت، تەنانەت ئەگەر لەو سەرجادەیە بمری. کەواتە بەوپەڕیی ئاسودەیی رەفتار بکە و بژی. هیچ شتێک روونادات.

**خۆت بە:** ئەوانەی لەناخەوە ئاسودە نین، بەردەوام گیرۆدەی ئەوەن، چۆن خۆیان نمایش بکەن. ئەمانە گرنگە بۆیان، بەشێوەیەک ببینرێن، کە بەرگێکی گونجاویان پۆشێوە، بە دروستی

قسە دەکەن، رەفتاریان گونجاوە، لە شوێنی گونجاو لەتەل خەڵکی شایستە و گونجاون. هیچ بۆچونێکیان لەسەر خۆیان نییە، چونکە ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە بۆچوونی ئەوانیترە. ئەم جۆرە خەڵکە کاریزمایان نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە بیزانین، بریتییە لەوەی کاریزمای نواندن شتێک نییە ئەوانیتر بتوانن بە تۆی ببەخشن.

**هێمن و سەنگین بە:** ئەگەر بتوانین کاریزما پێناسە بکەین، ئەوا بەشێک لە پێناسەکەی بریتی دەبێت لە هەستکردن بە ئاسودەیی ناوەکی. کەسی خاوەن کاریزما هەرگیز زریاناوی نابینرێت. بەشێوە گشتییەکەی تووڕەبوون هەڵچونێکی کاتییە و کەسی خاوەن کاریزما کاتی خۆی بە توڕەبوونەوە بەفیڕۆ نادات. خەڵکانی کاریزماتیک لەرادەبەدەر هێمن و سەلار و سەنگینن، پێویستیان بەهاتوهاوار نییە.

**بە زمانی جەستە گوزارشت بکە:** ئەوکەسەی لە دانیشتنەکاندا دورەپەرێزە و سەرنەوی و بەدەنگی نزم دەدەوێ، خاوەن کاریزما نییە و ناتوانێت سەرنجی هەمووان بۆ خۆی رابکێشێت، لەکاتی پێویست نەبێ بەردەوام بە سەری بڵند و دەنگی رەسا و سەرنجبەر؛ بەچەشنێک بەرامبەر ئارەزوو بکات بەردەوام لەبەر دیدە و دڵان بیت و قسەی بۆ بکەی. دەبێت بەچەشنێک مامەڵە بکە هەمووان حەزبکەن هاوکاریت بکەن. ( نە زۆر لەخۆبایی و نە بێباک)

**بە دروستی هەنگاو بنێ:** سەرنجی رۆشتنی خۆتان بدەن. گرنگە بزانین شێوە و ژێستی جەستە پەیوەندی بە هەستی ناوەکی مرۆڤەکانەوە هەیە. لەراستیدا مەبەست ئەوەیە، بە متمانە و دڵنیاییەوە هەنگاو بنێن، بۆ ئەوەی هەستی متمانەبەخۆبوون لە ناختاندا لەدایک ببێت. کاریزمای نواندن پەیوەندی راستەوخۆی بە جوڵەی ئەکتەرەوە هەیە لەسەر شانۆ. هەر ئێستا ئەمە بکە: گەر لەماڵی یان لەسەر جادەی بە شانداکەوتووی هەنگاوبنێ و دەستەکانت بخە گیرفانتەوەو سەرت نەوی بکە. چ هەستێکت دەبێت؟ ئێستا شانت راست بکەرەوە، سەرتان کەمێک بڵندتر، چ هەستێکت دەبێت؟!

**به چاو پەیوەندی دروست بکە:** بەشێکی گەورەی مامەڵەکردنمان لەگەڵ بەرامبەر پەیوەستە بە شێوەی گوێ لێگرتن و سرنج و نیگاکانمان بۆ برامبەر. خانمەکان بە بێباکی بەرامبەرەکانیان وەڕس دەبن و ڕێگای ڕەواندنەوەی ئەم هەستەش بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندیی نیگاکان. ئەم پەیوەندییە ئاماژەیە بۆ متمانەبەخۆبوونتان و دەبێتە هۆی سەرنجبەریی.

**لێبڕاو بە:** مرۆڤ هەمیشە لێبڕاو نییە. زۆرجار هەندێک شت دەڵێینەوە، کە زۆر گرنگ نین و بڕیاری لێبڕاوانە و یەکجاریی نین، زۆرجار جەخت لە هەندێک بابەت دەکەینەوە زۆر گرنگ و سەرنجبەر نین و دەبنە هۆی لاوازدەرکەوتنی کەسیاتیتان. بەتایبەت بۆ خانمان. لەبەر ئەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئێمە تارادەیەکی بەرچاو متمانەبخۆبوونی خانمێکی لاواز کردووە. تا ئەو ئاستەی، کە هەمیشە بە ترس و شەرمەوە دەپاڕێتەوە.. لەکاتێکا ئەوەی دەیڵێ دەربڕی هەناوی نییە. قسەی دڵی ئەو نییە، نەمبیستووە بڵێ بەڕای من جەنابت هەڵەی. کەواتە ئاگاداربە کەسایەتی کلۆڵ و ملکەچ جێگەی سەرنج نییە!!

**ڕێکپۆش بە:** وەک ئەکتەرێکی کاریزماتیک هەوڵبدە لە چاوپێکەوتنە پیشەییەکان و لە ناو بەهەرهەمە هونەرییەکاندا بە بەرگ و ڕوویەکی گەشەوە دەربکەویت. مەبەستم نییە تەنیا بە چاکەت و پانتۆڵەوە یان هەر بەرگێکی دیارایکراوەوە، تەنها مەبەستمە بڵێم پاکوتەمیزبە و هیچیتر.. ئەم پاکوتەمیزییەی ڕواڵەت کاریگەریی زۆر جێدەهێڵێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەمیشە لەبەردڵان بن.

**هەندێجار بێدەنگ بە:** زۆرجار بێدەنگی دەکەوێتە نێوان ئەوانەی گفتوگۆیانە. لە دۆخێکی ئاساییدا ئێمەین هەوڵدەدەین بە پرسینەوە لە حاڵی بەرامبەرەکەمان ئەو بێدەنگییە بشکێنین. چیتر ئەمە مەکەن. بڕیار نییە هەرچۆنێک بووە دەبێ قسەیەکی گرنگ بکەن. بڕیار نییە هەموو ئەو ماوەیە قسە بکەن. هەندێجار بێدەنگ بە. بێدەنگی گوڕتان پێدەبەخشێتەوە.. بێدەنگی بەویقاریی و سەنگینییە.

به ڕوونی بدویَ: یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بواری کاریزمای نواندن بریتییە لەوەی دەبێ ئەوەی لەدەمی ئەکتەر دەردەچێ روون بێ و بگاتە گوێ. ڕێگە مەدە دەربڕینت تەنها بۆڵەو ناڵەو نرکە بێت. ئەگەر متمانەت بە قسەکانی خۆت هەیە، پێویست بەم پاڕانەوە و نزایە ناکات. بەروونی بدویَ با بەجوانی گوێیان لێت بێ. پێویست بە پاڕانەوە ناکات.. روون و رەوان قسەی دڵت بکە. بە تایبەت گەر بتوانی ئەمە بە شێوەزارێکی جیاواز پێشکەش بکەی. لێرەدا گرنگە بزانین، خەڵکانی کاریزماتیک حیکایەتبێژی بیرتیژن.. لە کاتی گفتوگۆدا ئەو هەستەت پێ دەبەخشن، کە تەنها لەگەڵ تۆیانە. جگە لەمانەش، ئەوان دەتوانن رێگە نەدەن خەیاڵت پەرتبێ و ئەو هەستەت پێ دەبەخشن، کە تەنها تۆ گرنگی.

## ٤ . ١ . ٩ . ٨: ئیتۆدی بەهرە و گەشەپێدانی لێهاتووییە ناوەکییەکان

**ڕاهێنانی یەکەم** پاش جێبەجێ کردن و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کاریزمای نواندن و کۆکردنەوەی رای هاوپیشەکانتان لەسەر دروستبوونی کاریزما لە خۆتان بکۆڵنەوە.

**ڕاهێنانی دووەم**، کە دەچیتە پیاسە بەچاو پەیوەندی لەگەڵ رێبواران دروستبکە. چاو لەچاویان ببڕە، هەوڵ بدە بەوپەڕی متمانەوە لە خەڵکە نامۆکان ورد ببیتەوە. بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبی، بە بزەیەکی نەرم کۆتایی بە نیگاکانت بهێنە. هەوڵبدە بە نیگا هەستێک بگوێزیتەوە. بە دڵنیاییەوە هەستێکی باش.. (بەڵێ زۆر جوانە)، یان لە خۆت بپرسی، ئایا توانیت ئەو هەستەی پێببەخشی.. ئەویش بزەی بۆ کردیتەوە؟!

### ٤ . ١ . ٩ . ٩: ئیتۆدی  ئەفراندن و گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن:

نواندنی ئەفرێنەرانە رابەری دڵ و زەین و دیدەی ئەکتەرە، لەکاتێکدا ئەوە جەستە و دەنگی ئەکتەرە وشەکان زیندوو دەکەنەوە. ئەفرێنەریی پێویستی هەموو ئەکتەرێکە. ئەکتەر بۆ وێناکردنی رۆڵی سەرنجبەر و لەیادنەکراو پێویستی بە ئەفراندنە و ئەوە زەینێکی ئەفرێنەرە یارمەتی ئەکتەر دەدات کەسایەتییەکان زیندوو بکاتەوە. ئەفراندن تەنها تایبەت نییە بە ئەکتەرەکان. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە، هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئەفراندن لە ژیان، بازرگانی، پەیوەندی و لەوەدا، کە ئامانجیەتی، کاریگەرتر بێت. ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە، کە ئەفراندن نەک بەتەنها نیشانەی خەیاڵێکی بەهێزە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هەبوونی هۆش و بیرێکی بەرز. لە خوارەوە هەندێک شێوازی پەرەپێدانی ئەفراندنی نواندن پێشان دەدەین:

**ئامادەکرنی کەش:** لەناو ماڵەکەی خۆت شوێنێک وەک "شوێنی ئەفرێنەرانە" دیاریی بکە و لەوێ سەرجەم پرۆژە، خەون و ئامانجەکانت کۆبکەرەوە. ئێمەی مرۆڤ زوو لەتەک شتەکان رادێین؛ ئەو شوێنەی وەک شوێنی ئەفراندن خۆمان لەسەر راهێناوە، یارمەتیمان دەدات، ئەودەمەی دەچینە ئەو شوێنەوە، بەرەو ئەفراندنی نواندن پێشکەوین. (زۆربەی ئەکتەرەکان لە ماڵەکانیاندا شوێنێکیان بۆ پرۆڤە و کارکردن لەسەر رۆڵ تەرخانکردووە).

**بنووسە:** تێگەیشتن لە ئامانجی نووسەر و چۆنیەتی دۆزینەوە و داڕشتنی بیرۆکەکانی نووسەر بۆ ئەکتەر لە ئەرکە بنەڕەتییەکانن. ئەکتەر تا زیاتر لە بنەماکانی چیرۆکبێژیی تێبگات، ئەوا توانای چیرۆکبێژیی و بونیادنانی کەسایەتی گەشە دەکات و ئەفرێنەرانە و کاریگەرتر دەبێت. هەروەها نووسین دەبێتە هۆی ئەوەی ئەکتەر پەیوەندیی لەگەڵ پەیام و ناوەخنی کەسایەتییەکان دروست بکات، ئەمەش یارمەتی دەدات بیر و هەستەکانی خۆی دەربارەی بابەتە گرنگەکان روون بکاتەوە.

**بخەوە:** هەندێک شەو ناچارین بەخەبەربین، کەمخەویی زیان بە مێشک دەگەیەنێت. بەشێوە زانستییەکەی کەمخەویی دەبێتە هۆی ئەوەی شەپۆلەکانی مێشک لە کاتی خەوتندا زۆر لەو شەپۆلانە بچن، کە مێشک کاتی قووڵبوونەوە لە بابەتێک یان لە کاتی بیرکردنەوە لە بەخەبەریدا پیشانیدەدات. خەو دەبێتە هۆی ئەوەی بەمەبەستی کاری داهێنەرانە مێشکێکی ئامادە و حەساوەترتان هەبێت.

**فێرخواز بە:** مەبەستم ئەوە نییە ببیتە خوێندکاری زانکۆ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بەردەوام بەدوای زانستی نواندندا بگەڕێ. دەستبکە بە خوێندنەوە لەسەر ئەو ئەکتەرانەی دەیانناسی، خوێندنەوەی شانۆنامە و فیلمنامە. دەستبکە بە خوێندنەوە لەسەر بواری تیۆریی نواندن. ئەو وتار و لێکۆڵینەوانە بخوێنەرەوە، کە سەبارەت بە تەکنیک و شێوازی نواندنی ئەکتەرە جیاوازەکان بڵاودەکرێنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام بابەتی نوێ بدۆزیتەوە. بۆ ئەوەی لە بواری نواندن ئەکتەرێکی سەرکەوتوو دیار بیت، پێویستت بەوەیە، پشتبەخۆبەستوو بیت و خاوەن خوێندەواریی و پرۆفشناڵ بیت. وەک ئەکتەرێک پێویستە بزانیت لەسەر کام لێهاتووییەی خۆت کار دەکەیت و ئەم فێرخوازبوونە یارمەتیمان دەدات روونتر لەم پیشەیە تێبگەین و ئەفرێنەرتر بین.

**وەرزش بکە:** لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە، کە وەرزش کردن بۆ ماوەی پانزە خولەک، کارایی زەین و بیر دەگەشێنێتەوە. زیادکردنی راهێنانی بەیانیان بۆ رۆژەکەت، یان پیاسەکردنێکی کورتی پێش پرۆڤەی رۆژانە، یارمەتی ئەکتەر دەدات، زیاتر لە رۆڵەکەی قووڵببێتەوەو دەرفەتی ئەفراندنی بخاتە بەردەست. ئەم وەرزشە لە کەشێکی کراوە و لەناو سروشت بکرێت باشترە.

**ئیشی دەست:** ئیشی دەستی بکە، ئەم کارە دەرفەتی ئەوە دەبەخشێتە ئەکتەر بەشێوەیەکی جیاواز گوزارشت لە خۆی بکات. وێنەکێشان، دیزاین، پەیکەرتاشی، دروستکردنی کەرسەتەکانی

خۆڕازاندنەوە، یان چنین دەتوانێت زەینی ئەکتەر لە قاڵبە باوەکان رزگار بکات و ببێتە هاندەری ئەفراندن. خۆتان دەرگیری ململانێ بکەن. وێنەی خۆتان بکێشن.

**خەیاڵاندن:** ئەودەمەی بە قورسی کاردەکەیت و ناگەیت بە هیچ، خەیاڵاندن دەتوانێت سەرنجت لە کارەکەت دوور بخاتەوە، ئەمە یارمەتیت دەدا بیرۆکەی نوێ بدۆزیتەوە. بەوپەڕی ئاسودەییەوە خەیاڵت ئازاد بکە.

**سروش وەربگرە:** دەستبکە بە خوێندنەوە لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژینگەی نواندن، لەسەر ئەندازیاری، بیناسازیی، فەلسەفە، زانست و هەر شتێکی نوێ بخوێنەرەوە. سەردانی مۆزەخانە، باخچە، باخچەی ئاژەڵان و بینا مێژووییەکان بکە. (هەوڵبدە ژینگە و ژیانی خەڵکانی ئەو سەردەمانە وێنا بکەیت).

**رابمێنە:** رامان لە بابەتەکان دڵەڕاوکێ کەم دەکاتەوە، دەبێتە هۆی گەشەپێدانی قووڵبوونەوە و سەرنج و توانایی ئەکتەر بۆ کۆنترۆڵکردنی خەیاڵ و وەک راهێنانێکی بەهێزکردنی مێشک هەژمار دەکرێت.

**جیاواز بە:** یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەکتەر ئەوەیە، ناباو و جیاواز بێت. باشتر وایە بە پێچەوانەی رەوتی روبارەکە مەلە بکەی. بەرامبەر بەوانەی لە خوولە گرانەکانی نواندن بەشداریی دەکەن کەسانێک هەن بە پشتبەخۆبەستن و تەنها لە رێگەی زانیارییەکانی ناو مۆبایلەکانیانەوە توانییان لێهاتوویی خۆیان بسەلمێنن و بۆخۆیان بینەر و وەرگری زۆر کۆبکەنەوە و ببینرێن. لێرەدا مەبەست ئەو کەسانە نییە، کە بە کاری بێبەها ناوبانگ پەیدا دەکەن، مەبەست مامەڵەکردنە لەگەڵ دونیای ئەنتەرنێت بۆ سوود وەرگرتن و فێربوونی پیشەی ئەکتەریی. خۆت فیلمەکەی خۆت وێنە بگرە و خۆت نواندنی تیابکە.

### ٤ . ١ . ٩ . ١٠: ئەو ڕێکارانەی لە پاڵ ئیتۆدە پێشنیازکراوەکان بە گونجاو دەبینرێن

لە پاڵ پێشنیازکردنی ئەو ئیتۆدانە، ئەکتەر پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر بواری ئەدەب و فەلسەفە، بۆ پڕکردنەوەی باری ماریفەی نمایشییانە، خوێندکاری بەشی شانۆ ناچارە بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو بوارە و بواری پراکتیکی و کردەیی نواندن و نمایش، بەردەوام لە راهێنان و خۆئامادەکردندا بێت؛ بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەق و کەسایەتی نواندن بگەین، پێویستمان بە زانینی ئەم کارانەی خوارەوە هەیە؛

**ا: دۆزینەوەی بیرۆکەی سەرەکی:** پێویستە بیرۆکەی بنەڕەتی و پەیامی فەلسەفی ئەو دەقە بدۆزینەوە، کە بڕیارە یەکێک لە کارەکتەرەکانی زیندوو بکەینەوە، بەبێ تێگەیشتن لە دەق و دۆزینەوەی بنەڕەتیترین پەیامەکانی ئەکتەر ناتوانێت بە دروستی گوزارشت لە کارەکتەرەکەی بکات.

**ب: ژیانی نووسەر و سەردەمەکەی:** سەردەمی ژیان و ژیانی تایبەتی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دادەنێت؛ پێویستە ئەکتەر کاریگەرییە هزری و خێزانییەکانی نووسەر، پێگەی کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕ و شێوازی نووسین و پێگەی ئەو دەقەش لەناو دەقەکانی نووسەر بدۆزێتەوە.

**پ: دۆزینەوەی ژیانی کارەکتەر:** چۆنیەتی کەسییەتی ئەو ڕۆڵەی نمایشی دەکەین، دەبێتە هۆی گۆڕینی چۆنییەتی پڕۆڤەکردنی ئەکتەر؛ پێوسیتە سەردەمی ژیان، جۆری ژیانی تایبەتی، دۆخی دەروونی، باوەڕ، شێوەزار، تەنانەت وردەکارییەکانی رواڵەتی ئەو کەسیاتییە بدۆزینەوە، کە بەرجەستەی دەکەین.

## ٤ . ١ . ٩ . ١١: گرنگی جەستە و پەرەپێدانی لێهاتوویيەکانی

**ا: راهێنانی جەستەیی:** ئەکتەر بەمەبەستی پاراستن و ئامادەیی جەستەی پێویستی بەوەیە، رۆژانە ماوەیەک ڕابکات. بۆ سەرەتای ئەم راهێنانە پاش راوێژ بە پزیشکی تایبەت بۆ ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە وەرزشیان نەکردووە، راکردنی کورت و سێ رۆژ لە هەفتەیەک، پاشان بەبێ پەلەپەل، راکردنەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە گەر یەکەم رۆژی راهێنان ٨٠٠ مەتر راتکرد رۆژی دووەم و سێهەمی راهێنانی راکردن بەپێی توانای تاکەکەسی ٥٠ یان ١٠٠ مەتر بۆ راکردنەکەت زیادبکە.

**ب: خۆ گەرم کردن:** راهێنانی راکێشان یان ایزۆمێتریک بنەرەتیترین جۆری راهێنانەکانی نواندنە. لەم جۆرە راهێنانەدا ئەکتەر بەبێ ئەنجامدانی جوڵەی خێرا یان لەپڕ بە ئەنجامدانی جووڵەی نەرم و هێمنانە بەمەبەستی راکێشانی ماسولکەکان دادەنیشێت و هەڵدەسێتەوە، یان دەست و قاچەکانی ئەوەندە رادەکێشێت یان ئەوەندە گوشاریان دەخاتە سەر، تا دەگاتە ئاستی ئازار.

**پ: راهێنانی دەنگ:** هەموو ئەکتەرێک پێویستە بۆ ئەوەی بە ئەکتەر ئەژمار بکرێت، پەرە بە تایبەتمەندییەکانی دەربڕین و دەنگی بدات. دەکرێت ئەم راهێنانە بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی ئەکتەر و پەروەردەکردنی دەربڕین وەک راهێنانێکی رۆژانە و گرنگ رەچاو بکەین، کە بریتییە لە گەمەکردن بە پیتەکانی ئەلفوبێ، وەک درێژکردنەوەی پیتەکان (ئاااااا ، ئیییییی)، ئەم راهێنانە بریتییە لە دەربڕینی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی، بەپێی توانستی درێژکردنەوەی پیتەکان بە دەنگێکی بەرز و بەپێی دوا بڕی هەناسەی ناو سییەکانی ئەکتەر و بەردەوام بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لەکاتی دەربڕینی پیتەکان، کە ئەمەش یارمەتی دەوڵەمەندیی دەربڕینی ئەکتەر دەدات، بۆئەوەی بتوانێت لەکاتی نمایش، دەربڕینی خۆی لەتەک ریتمە جیاوازەکان و لەگەڵ بەرزیی و نزمییە جۆراوجۆرەکان، بەدەنگی جیاواز پێشکەش بکات.

ت: **راهێنانی هەناسە:** لەم جۆرە راهێنانەدا، پێویستە ئەکتەر بە کۆنترۆڵکردنی هەناسەی گشت قەبارەی هەناسەی ناو سییەکانی بە کاتێکی دیاریکراو بەتاڵ بکاتەوە و بە کاتێکی دیاریکراویش هەناسە هەڵمژێتەوە. باشتر وایە لە سەرەتای ئەم راهێنانەدا هەناسەدانەوە بە ٥ چرکە و هەناسەوەرگرتن بە ١٥ چرکە ئەنجام بدەین و بەپێی تەپەڕبوونی کات، ئەم بڕانە زیاد بکرێن. پێویستە ئەم راهێنانە بە دانیشتنەوە، بەتایبەت دانیشتنی یۆگا و بەوپەڕی ئارامی ئەنجام بدەین.

ج: **راهێنانی میمیکی روخسار:** بریتییە لە کۆمەڵێک راهێنانی تایبەت بە جوڵەی چاو. لێو، لووت، چەناگە و دەم، گوێ، ناوچەوان هەموو ئەندامەکانی روخسار.

چ: **راهێنانی چاو:** بریتییە لە جوڵاندنی بەشەکانی چاو؛ برژانگ، برۆ و گۆشەکانی چاو. کردنەوەو داخستنەوەی تەواوەتی بە بەکارهێنانی سەرجەم ماسولکەکانی چاو یەکێکە لەم جۆرە راهێنانە. جوڵەی خێرای برۆکان لەگەڵ هێنانەوەیەکی هەردوو برۆ، راهێنانێکی گرنگی برۆکانە. هەروەها داگرتن و بەرزکردنەوەی برۆکان و...

ح: **راهێنانی دەم و لێو:** جوڵەی بە خونچەکردنی لێوەکان و جوڵەی بازنەیی لێوەکان بەپێی میلی کاتژمێر و پیچەوانەکەی، جوڵەی دەمی ماسی، کردنەوەی تەواوەتی دەم و لێوەکان، بۆ چەپ و راست راکێشانی تەواوەتی لێوەکان، لە گرنگترین راهێنانەکانی دەمولێون..

خ: **راهێنانی لووت:** جوڵەی ناسکی لووت بەرەو راست و چەپ و راستکردنەوەی لووت و پانکردنەوە و داخستنەوەی، یان جوڵاندنی لووت بە دەست بە هێمنی بەرەوە ئاراستە جیاوازەکان..

د: **راهێنانی گوێ و ناوچەوان:** بەم جووڵانەشدا دیارە کوێی روخسار دەگرنەوە و زۆربەی جووڵەکان بریتین لە جوڵاندنی هێمنانەی گوێ، کە گەلێک ئاستەمە و قۆناغەکانی ئازاردەرە و جوڵەی راکێشان و کۆکردنەوەی ناوچەوان و گرژکردن و سڵکردنی ماسولکەکانی گوێ و ناوچەوان..

## ٤ . ٢: دەرئەنجامەکان

لە پاش دۆزینەوەی ئەنجامەکانی راپرسی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی روانگە پێشنیازکراوەکە ئەم دەرئەنجامانە بەدستهاتوون و بریتیین لە:

٤ . ٢ . ١: قوتابخانەی هەست بنەمایەکی گونجاوە بۆ خوێندن، وەک بابەتی نواندنی قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ (یەکەم و دووەم و سێیەمی نواندن/ دەرهێنان) لە پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٤ . ٢ . ٢: گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن لای خوێندکارانی بەشی شانۆی پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە چڕکردنەوەی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی و پوختەکردنەوە هەیە.

٤ . ٢ . ٣: دارشتنی ئیتۆدی گونجاو لەگەڵ میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی دەبنە هۆی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندنی خوێندکاران لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ (یەکەم و دووەم و سێیەمی نواندن/ دەرهێنان).

٤ . ٢ . ٤: کارکردن لەسەر جیاوازییەکانی میتۆدەکانی ستانیسلاڤسکی لەگەڵ میتۆدەکانی پاش قوتابخانەی هەست، خوێندکاری قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ لە گرنگی قوتابخانەی هەست و جیاوازی و هاوبەشییەکانی میتۆدەکانی نواندن وشیار دەکاتەوە، کە ئەمەش لێهاتووییەکانی لە بواری نواندن بەرەو پێشەوە دەبات.

٤ . ٢ . ٥: گرنگیدان بە کارایی جەستە و داڕشتنی راهێنانی تایبەت بە ئەندامەکانی جەستە، کە لەناو ئیتۆدەکانی ستانیسلاڤسکیدا بایەخی ئەوتۆیان پێنەدراوە، دەبنە هۆی گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی نواندن.

## ٤ . ٣: ڕاسپاردەکان

٤ . ٣ . ١: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی دەزگا پەروەردەییە پەیوەندیدارەکان بۆ مامۆستایانی بابەتی نواندنی پەیمانگەکانی هونرەجوانەکانی هەرێم بخرێنەڕوو؛ بەمەبەستی پەرەدان بە توانای پەروەردەیی مامۆستایان لە گونجاندنی میتۆدی وانەی نواندن لەتەک دۆخی پەیمانگەکانی کوردستان.

٤ . ٣ . ٢: ئیتۆدە پێشنیازکراوەکانی ئەم توێژینەوەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ لاینە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە و بە تایبەت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەریەتی گشتی پەیمانگاکان و مەشقکردن، لەگەڵ فێرخوازانی قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکان پراکتیزە بکرێن، تا ئاکامەکانی کارایی ئەم ئیتۆدانە لە گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی نواندن فەراهەم ببێت.

٤ . ٣ . ٣: ڕاهێنانەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی وۆرکشۆپی تایبەتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەریەتی گشتی پەیمانگاکان و مەشق کردن، لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغە سەرەتاییەکانی نواندنی پەیماگاکانی هەرێم جێبەجێ بکرێن و لەوێدا هەوڵی بونیادنانی ڕاهێنانی نوێ بدرێت.

٤ . ٣ . ٤: هەوڵ بدرێت لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندنی بەشی شانۆ و لقی نواندن بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەریەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشقکردن، لە قۆناغی سێیەمی بەشی شانۆ شیوازەکەی ستێلا ئادلەر بخرێتە پەیڕەوی خوێندنەوە.

## ٤ . ٤: پێشنیازەکان

توێژەر بۆ تەواو کردنی لایەنەکانیتری توێژینەوەکە ئەم ناونیشانانەی خوارەوە بۆ توێژینەوە دەخاتەڕوو:

٤ . ٤ . ١: بنەماکانی نواندنی میتۆد و ڕێگر و کەموکورتییەکانی پراکتیزەکردنی لە ناوەندە هونەرییەکانی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە.

٤ . ٤ . ٢: هەنگاوەکانی چڕکردنەوەو پوختکردنەوەی سیستمەکەی ستانیسلاڤکی تایبەت بە خوێندنی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستان.

٤ . ٤ . ٣: ڕێگر و بەربەستەکانی چۆنیەتی وتنەوەی وانەی نواندنی قۆناغە سەرەتاییەکانی بەشی شانۆ و دانانی پرۆگرامی تایبەت بەو بەشە.

## لیستی سەرچاوەکان

* ئادلەر، ستێلا ، ٢٠٠٨، **هونەری نواندن**، سەروەر محیەدین، شوان عەباس بەدری، دەزگای چاودێر، چاپخانەی حمدی، سلێمانی.

* ستانیسلاڤسکی، کۆنستانتین، ٢٠٠٥، **کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی لەمیانەی کاریگەری وەرگرتندا**، پێشڕەو حسێن، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی غەزەلنووس، سلێمانی.

* ستانیسلاڤسکی، کۆنستانتین، ٢٠١٥، **کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی لەمیانەی بەرجەستەکردندا**، پیشرەو حسێن، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

* استانیسلاوسکی، کنستانتین، ١٩٧٦، **زندگی من در هنر**، علی کشتگر، چاپخانەی امیر کبیر، تهران.

* استانیسلاوسکی، کنستانتین، ١٩٩٨، **کار هنرپیشه رووی نقش**، مهین اسکوئی، چاپخانەی سروش، تهران.

* استانیسلاوسکی، کنستانتین، ٢٠١٨، **آخرین درس بازیگری**، ناصر حسینی مهر، مهین اسکوئی، چاپخانەی نگاه، تهران.

* اوسترمایر، توماس، ٢٠٢٠. تئوری کنش بازیگری، سارا رسولی نژاد، چاپخانەی مات، تهران.

* افشاری اصل، ایرج، ٢٠١٧، **مبانی بازیگری**، چاپخانەی نظری، تهران.

* برناردی، فیلیپ، ٢٠٠٩، **آغازگران بداهه**، سارا ساعی دیباور، چاپخانەی شورآفرین، تهران.

* برشت، برتولد، ٢٠١٥، **هنر بازیگری**، حرفه بازیگری، تئاتر اپیک و....، سعید فرهودی، چاپخانەی قطره، تهران.

* بندتی، رابرت، ٢٠١٣، **کار عملی بازیگر**، احمد دامود، چاپخانەی سمت، تهران.

* پکامی، صدف، ٢٠١٤، **سبکهای بازیگری**، چاپخانەی پژوهش، تهران.

* پوگی، جک، ۱۹۷٤، **سیستم استانیسلاوسکی در اتحاد جماهیر شوروی**، محسن لاوندی، چاپخانەی آریا، تهران.

* پون، هروه، ۲۰۱٤، **بدن بازیگر یا ضرورت یافتن زبانی دیگر**، افشین غفاریان، چاپخانەی قطره، تهران.

* پالیاکووا، یلناایوانوونا، ۲۰۱۷، **استانیسلاوسکی: زندگی و دستاورد کارگردان بزرگ تئاتر**، فریدون پارسا نژاد، چاپخانەی قطره، تهران.

* پیج، کوین، ۲۰۱۸، **روان شانسی برای بازیگران**، پوپک رحیمی، چاپخانه قطره، تهران.

* پیچز، جاناتان، ۲۰۱۲، **وزولود میرهولد**، الهام مستوفی، چاپخانەی قطره، تهران.

* تاییدی، پرویز، **تئوری استانیسلاوسکی در پرورش هنرپیشه**، ۲۰۱۳، چاپخانەی قطره، تهران.

* توپورکوف، واسیلیاوسیپوویچ، ۲۰۱۱، **استانیسلاوسکی سر تمرین تئاتر؛ آخرین سال‌ها**، نوشید ممودی، مستوره خضرایی، چاپخانەی قطره، تهران.

* چخوف، میخاییل، ۲۰۱۵، **بازیگری**، کیاسا ناظران، چاپخانەی قطره، تهران.

* دونلن، دکلان، ۲۰۱۱. **بازیگر و هدف**، علی منصوری، چاپخابه افراز، تهران.

* روته، جوانا، ۲۰۱۹، **کلاسهای بازیگری استلا ادلر**، مهدی ارجمند، چاپخانەی نقش و نگار

* روفینی، فرانکو، ۲۰۱٦، **سبک "سیستم"**، چاپخانەی راهنما، تهران.

* روز، جیمز، ۲۰۰۷، **تئاتر تجربی از ستانیسلاوسکی تا پیتر بروک**، مصطفی اسلامیه، چاپخانەی سروش، تهران.

* زاریلی، فیلیپ، ۲۰۱۸، **بازنگری در بازیگری**، یدالله آقا عباسی، چاپخانەی قطره، تهران.

* ستراس برگ، لی، ، **بازیگری به شێوه متد**، مهدی ارجمند، چاپخانەی نقش و نگار، تهران.

* شومیت، میتر، ۲۰۱۵، **شناخت نظام های تئاتر: استانیسلاوسکی، برشت، گروتفسکی و پیتر بروک**، عبدالحسین مرتضوی، چاپخانەی قطره، تهران.

* شهریاری، خسرو، ١٩٨٦، **کتاب نمایش**، چاپخانه امیر کبیر، تهران.

